# باشووری سودان.. سەربەخۆیی پێش

ئایزکیل لول جاتکوس سەرۆکی دەستەی نێرداروی حکومەتی باشووری سودان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، رۆژی شەمە ٢٠١١/١/١٥ بەچەند کاتژمێرێك پێش کۆتاییهاتنی پرۆسەی دەنگدانی ریفراندۆمی باشووری سودان، بەکەناڵی CNN ی راگەیاند: (دەتوانم بڵێم ئەوانەی ناوی خۆیان بۆ دەنگدان تۆمارکردووە و بەشداری ئەم ریفراندۆمەیان کردووە، لانی کەمی ./٩٨ی دەنگدەران دەنگیان بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆیی باشووری سودان داوە). ئەم ئاماژەیەی ئایزکیل لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە جۆرێك حەماسی پێوە دیاربێت، بەڵام نیشانەی ئەوەشە کە لانی کەم رێژەی ئەو دەنگدەرانەی دەنگیان بۆ سەربەخۆیی داوە رێژەیەکی زۆر زۆرە و سنووری زۆرینەی رەها بە ئاسانی تێدەپەڕێنێت، ئەمە هەروەك چۆن لە ریفراندۆمە نافەرمیەکەی ساڵی ٢٠٠٥ هەرێمی کوردستان کە تەنیا بزووتنەوەی ریفراندۆم لە کوردستان پێی هەستابوو، رێژەی دەنگدان بۆ سەربەخۆیی نزیکەی ./٩٨ بوو، ئەم رێژە زۆر بەرزەی نەتەوە چەوساوەکان کاتێك بچووکترین بواری رادەربڕینیان بۆ دەڕەخسێت و دەردەکەوێت. مانای ئەوەیە هەر هەوڵێك بۆ یەکپارچەیی خاك و پێکەوە ژیانی زۆرە ملێ بدرێت، ئەوا جۆرێك لە کۆیلایەتی بەسەر ئەو گەلانە لەلایەن گەلی سەردەستەوە دەسەپێنرێت، هەر دڵنیابوون لە ئاکامی سەربەخۆیی باشووری سودان، وەك لە لێدوانەکانی یەك دوو رۆژی رابردووی عومەر بەشیری سەرۆکی سودان دەخوێنرێتەوە، ئاماژەیەکی روون بۆ ئەوەی لەمڕۆ بەدواوە باکووری سودان دراوسێی باشووری سودانە، هەر بۆیە بۆ ئیستهلاکی سیاسەتی ناوخۆیی باکووری سودان، بەشیر جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو پەیڕەوی شەرعیەتی ئیسلامی دەکات و باکووری سودان دەبێت وڵاتێکی ئیسلامی بێت و نابێتە دەوڵەتێکی مەدەنی عەلمانی، سەبارەت بەم قسانەی یەك دوو رۆژی رابردووی بەشیر و قسەکانی دیکەی پێش سازدانی ریفراندۆمەکە، پرۆفیسۆر نیلسن کاسفێر ئوستادی حکومەت لە زانکۆی دۆرتمۆس و تایبەتمەند لەسەر حکومەتەکانی باکووری ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاخاوتنێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی بەرامبەر بە ئاکامی ریفراندۆمەکە و قسەکانی بەشیر خستەڕوو وتی: (پێموایە بڕیاری دەنگدان بۆ دەستنیشانکردنی چارەنووس، گرنگترین رەفتاری سیاسییە کە دانیشتوانی باشووری سودان لە سەدەی ١٩مینەوە بەشدارییان تێدا کردبێت. لەڕاستیدا ئەمە یەکەمین جارە کە لەتوانایاندا هەبووە خۆیان وەك نەتەوەیەك دەربڕن. سەبارەت بە ئامادەباشی سەرۆك بەشیریش بەوەی ئامادەیە رێزی ئاکامی ریفراندۆمەکە بگرێت، پێموایە قسەکانی رێزی زیاتر وەدەست دێنێت لەڕێگەی رێزگرتن لە ئەنجامەکانی ریفراندۆمەکە ئەگەر هات و ریفراندۆمەکە



# کردنەوەی سندووقەکـــانی دەنگدان

بە ســـەربەخۆیی بۆ باشـــوور کۆتایی هات، بەهەرحاڵ، من تووشـــی سەرسوڕمانی نابم ئەگـــەر هات و حکومەتی ســـودانی ڕێزیان نەنواند بۆ هەموو وردەکارییەکانی خوڵقاندنی دەوڵەتێك لە باشوور، ئەویش کاتێك کە ئەگەر هـــات و ریفرِاندۆمەکە ئـــەو ئەنجامەی لێ کەوتەوە. بەتایبەتی، من لەو بڕوایەدانیم کە حکومەتی «خەرِتوم» بەو ئاسانیە ڕێگەبدات بۆ ســـازدانی ریفرِاندۆمێك لەسەر «ئەبـــی» لـــەو بارەیـــەی کە بچێتـــە پاڵ باشـــوور کە ئەگـــەر ئەو شـــتەی هەڵبـــژارد و بـــەو شـــێوەیەی کە ســـەرۆك «بەشیر» لە «ســـی پی ئەی» لەســـەری رەزامەند بـــوو. هەرووەها من لەو بڕوایەدام کە لەوانەیە حکومەتی «خەرِتوم» دەســـتێوەردانی هەبێت لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت کە دەیانەوێت مامەڵەی راستەوخۆیان لەگەڵ باشوور هەبێت. هەروەك ئەوەی کە لە رابردوودا روویدا، لەوانەیە حکومەتی «خەرِتۆم» بەردەوام بێت لەســـەر دابینکردنـــی چـەك بـــۆ میلیشـــیاکانی باشوور بۆ خوڵقاندنی ناســـەقامگیری. لەکۆتاییدا، لەوانەیە باشوورییەکان کە لە باکووردا نیشتەجێن را یا نگوا زێـــت و بەزۆرەملـــێ بیا ننێر ێتـــە و ە بۆ باشـــوور، تەنانەت گەر خۆشـــیان ئەو شـــتەیان نەوێت. لەبەرئەوەی سەرۆك «بەشیر» پێی باشترە «سودان» وەك یەك دەوڵەت بەردەوام بێت. بەڵام وازی هێناوە لە جیابوونەوەی باشـــوور. بەڵام پرســـیارەکە لەوەدایـــە کە ئایا دەبێتە دراوســـێیەکی باش یا نا. تاکو ئەمـــڕۆ تۆمارەکەی زۆر لاوازە، بەڵام پێداویســـتییە ئابوورییەکانی هەردووك لایەن لـــە باکوور و باشـــوور دەبێتە مایەی هەماهەنگییەکی سەرەکی، بەڵام بە ڕێژەیەکی زۆر لە هەڕەشە و هەڵوێست وەرگرتن. کێشە ئاڵۆزەکە بریتییە لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی ریفرِاندۆمەکەی «ئەبی». لەوانەیە ئەو شتە ببێتە هۆی بەرپابوونی جەنگ).

دورِدۆنگی و بـــێ متمانەیی چاودێران ســـەبارەت بە لێدوانەکانی بەشیر بەوەی ڕێز لە ئاکامی دەنگدانەکە نەگرێت یان پشێوی بۆ دەوڵەتی باشووری سودان دروست بکات، ئەگەرێکـــی چاوەڕواننەکراوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەندێك لە پسپۆران ئاماژەش بەوەدەکەن کە رازی بوونی عومەر حەســـەن بەشیر بە سازدانی ریفراندۆم لە باشوور هۆکارێکە بۆ سوککردنی گوشـــارە نێودەوڵەتییەکان لەسەر حکومەتەکەی بەشیر سەبارەت بە کاریگەری ئەم ریفراندۆمە.



پرۆفیسۆر باری ستاین ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی میشیگان و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی ئەمریکا بۆ وڵاتانی باکووری ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو و وتی: (پێش هەموو شتێك سازدانی ئەم ریفراندۆمە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی شەڕی پێشوو لە سوداندا نزیکەی ملیۆنێك کوژراوی لێکەوتۆتەوە، هەروەها ئەگەر ئەو شێوازەی پیادەدەکرێت بۆ مامەڵەکردن



## باری ستاین بۆ گوڵان:

**جیابوونەوەی باشووری سودان و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ خزمەتی سەقامگیری ناوچەکە دەکات لەبەر ئەوەی کۆتایی بەکێشەیەک دێت کە تەمەنی پەنجا ساڵە**

لەگەڵ ئەم کێشەیەدا مامەڵەیەکی ئاشتیانە نەبێت و جێی رەزامەندی نەبێت، ئەوا ئەمە بە مانای دووبارەبوونەوەی ناکۆکیەکە دێت، ئەمەش مایەی مەترسییە هەم بۆ وڵاتەکە و هەم بۆ وڵاتانی دەوروبەریش. بەڵام ئەوەی ئێمەو مانان لێی دەترسین ئەوەیە کە عومەر حەسەن بەشیری سەرۆکی سودان، تۆمارێکی باشی نییە لە جێبەجێکردنی لێدوان و بەڵێنەکانی. ئومێد دەکرێت ئەم لێدوانەی نیشانەی بەرەوپێشچوون بێت، بەڵام تەنیا لە داهاتوودا دەردەکەوێت کە ئایا پابەند دەبێت بەم لێدوانەوە یان نا، هەروەها تەنیا دوای ئەنجامدانی راپرسییەکە دەردەکەوێت هەردوو بەشی سودان چۆن رەفتار دەکەن. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە بەشیر لەلایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە ئیدانە کراوە، هەروەها لە زیاتر لە بەشێکی وڵاتەکەیدا بە خراپی رەفتاری کردووە، لەبەر ئەوە روون نییە ئایا ئەمە تاکتیکە و لێدوانێکی ساتەوەختییە یان گوزارشتە لە گۆڕانێکی راستەقینە لە هەڵوێستیدا. ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاتێك بەشیر رایدەگەیەنێت ئەمە کارناکاتە سەر یەکێتی وڵاتەکە، ئەوا روون نییە مەبەستی چییە، بەڵام دەبێت ئەو راستیەمان لەبەرچاوبێت بە ملیۆنها ئاوارەی ناوخۆی هەیە لە خەڵکی باشووری وڵاتەکە کە روویان کردۆتە باکوور، لەلایەکی دیکەوە پرسی ئابووریش دەبێتە بەشێك لە مەسەلەکانی نێوان هەردوولا. من مەبەستی پشتگیریکردنی حکومەتی سودانم نییە، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت دەستوورەکانی پێشووتری سودان و ئەو فۆرمەی حکومڕانێتی لە سوداندا پیادە دەکرا هەوڵی پەیڕەوکردنی فیدراڵیەت و جۆرێك لە ئۆتۆنۆمی دا، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت وڵاتێکی یەکگرتووت هەیە، بەڵام رێز لە مافی ناوچەکان دەگرێت. کەواتە کەمینەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست داوای مافی خۆیان دەکەن، بەڵام مەرج نییە ئەمە بە دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ کۆتایی پێبێت، واتە ئەگەر حکومەتی نیشتمانی بتوانێت جۆرێك لە فیدراڵیەت بە ناوچە جیاوازەکان بدات، ئەوا ئەو ئەگەرە زیاتر بەهێز دەبێت کە ناوچەکان لە چوارچێوەی وڵاتەکەدا بمێننەوە)).

## گۆڕانکارییە جێپۆلیتییەکان دوای جیابوونەوەی باشووری سودان

ئاشکرایە دوای راگەیاندنی سەربەخۆیی باشووری سودان، گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە جوگرافیای سیایی ناوچەکەدا روودەدات و چەندین بارودۆخی تازە دێتە پێشەوە کە هەتا ئێستا وەك پێویست هەڵوەستەی لەسەر نەکراوە، هەربۆیە لەوانەیە دوای جیابوونەوەی باشووری سودان هەندێك گۆڕانکاری لە شێوازی دروستبوونی هاوپەیمانی تازە لەنێوان دەوڵەتەکانی ناوچەکە بێتە ئاراوەو حاڵی حازر راوێژکاری سەرۆکی سودان پێشنیاری هاوپەیمانیەکی ٦ قۆڵی دەکات لە نێوان (میسر و لیبیا و ئەسیوبیا و ئەریتریا و باشووری سودان و سودان) پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی رێگە لەوە بگیرێت وەك راوێژکاری سەرۆکی سودان ئاماژەی پێکردووە ناوچەکە لەوە زیاتر پەرت نەبێت، سەبارەت بەکاریگەری جیابوونەوەی باشووری سودان لەسەر ئەم لایەنە پرۆفیسۆر کاسفێر لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی و وتی: (جیابوونەوەی باشووری سودان دەبێتە سابقەیەك بۆ چارەسەرێکی ئاشتییانە بۆ ناکۆکییەکانی تر کە لەناوچەکەدا بوونی هەیە، سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی لەسەر کێشەی ئاوی نیل، بێگومان پێکهاتنی حکومەتی باشووری سودان دەبێتە مایەی ئاڵۆزکردنی هەوڵەکانی «میسر» و «باکووری سودان» بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاوی «نیل». بەڵام لەوانەیە زیادبوونی وڵاتێکی تر ئەگەرەکان کەمدەکاتەوە بۆ دەستپێشخەرییەکی سەربازی



## نیلسن کاسفیر بۆ گوڵان:

**دوای راگەیاندنی ئاکامی ریفراندۆمەکە دەردەکەوێت سەرۆکی سودان پابەند دەبێت بە بەڵێنەکانیەوە بەرامبەر باشووری سودان یان نا**

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە).

بەڵام پرۆفیسۆر بای ستاین رایەکی جیاوازی هەیە و پێیوایە بێجگە لەوەی جیابوونەوەی سودان دەبێتە ئومێدێك بۆ ئەو گەل و نەتەوانەی کەهەمان کێشەی باشووری سودانیان هەیە، لەهەمانکاتدا دەبێتە سەرچاوەیەکیش بۆ سەقامگیری ناوچەکە، لەمبارەوە بەمجۆرە بە گوڵانی راگەیاند: (لە راستیدا دەکرێت باس لەوە بکرێت کە جیابوونەوەی باشووری سودان دەبێتە هۆی چەسپاندنی زیاتری سەقامگیری نەك ناسەقامگیری، لەبەر ئەوەی ئەگەر تۆ کۆتایی بە ناکۆکییەك بهێنێت کە تەمەنی ٥٠ ساڵ بێت، ئەوا باوەڕناکەم ئەم کارە ببێتە هۆی زیادکردنی ناسەقامگیری، بە پێچەوانەوە خزمەت بە سەقامگیری دەکات)).

# سودان پاش جیابوونەوەی باشوور

ژمارەیەکی زۆر کەم لە جیابوونەوەکان بەشێوەیەکی ئاشتییانە بەڕێوە چوون. دوا جیابوونەوە لەئەوروپا کەجیابونەوەی کۆسۆڤۆیە لەیۆگسلاڤیا کارەسات و کوشتاری لێ کەوتەوە. هەوڵی جیابوونەوەی چاچانستانیش لەڕوسیا، کە سەری نەگرت، وڵاتێکی وێرانی لەدوای خۆی بەجێ هێشت. لەجیهانی ئیسلامیش جیابوونەوەی بەنگلادیش لەپاکستان لەحەفتاکاندا قەسابخانە و دەستێوەردانی دەرەکیی لێ کەوتەوە.


جیابوونەوەی باشووری سودان مۆدێلێکی تازەی جیابوونەوە نییەو لەهەمان کاتیشدا نموونەی گەشەکردنی پەی بردن بەبایەخی مافی چارەی خۆنووسین لەوڵاتە بەجێماوەکاندا نییە. لەدوو نموونەکەی چاچانستان و باشووری سوداندا، چارەنووسی کۆشش بۆ جیابوونەوە بەند بوو بەئەندازەی لاوازیی دەوڵەت. لەچاچانستان تەنانەت ڕاگەیاندنی جیابوونەوەش، ئامانجەکەی نەهێنایە دی، لەهەردوو نموونەدا فاکتەری هاوبەش قۆستنەوەی لاوازیی دەوڵەتەو فاکتەری جیاکەرەوەش خۆی لەداشکاندنی چاچانەکاندا بەلای سەپاندنی جیابوونەوە بەسەر ناوەندا و خۆ دوورخستنەوەی باشووری سودان لەسەپاندنی جیابوونەوە بەسەر خەرتومدا دەبینێتەوە. بەڵام ئەمە نکۆڵی لەو ڕاستییە ناکا کەدەربازبوونی ڕوسیا لەقۆناغی لاوازی و مەینەتی و تاوسەندنی تەنگژەی سودان فاکتەری یەکلاکەرەوەی شکستی چاچان و سەرکەوتنی باشووری سودان پێکدێنێ.

لەسودان سەرەڕای ئەوەی کەپرۆسەی پراکتیزەکردنی مافی چارەی خۆنووسین بەشێوەیەکی دیموکراتییانە بەڕێوە چوو، بەڵام ئەوەی کەمافی چارەی خۆنووسینی بەباشوور بەخشی، دیموکراسی نەبوو، بەڵکو دیکتاتۆری بوو. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەدیکتاتۆری، باوەڕی بەمافی چارەی خۆنووسینە. لەڕاستیدا ڕەوشی سودان تایبەتمەندیی خۆی هەیە. پاش ئەوەی کەدکتاتۆری لەوە دڵنیا بوو کە بەبێ ڕاگرتنی شەڕ لەباشوور، ناتوانێ بەردەوامبوونی خۆی مسۆگەر بکات، لەوتووێژی ساڵی ٢٠٠٥ی نیڤاشا ئومێدی لەسەر ئەوە هەڵچنی کەپاش ئەوەی کێشەی باشوور لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە، دەرفەتی ئەوەی دەبێ کە ڕووبەڕووی تەنگوچەڵەمەکانی تر ببێتەوە، تیۆرییەکەی بەو جۆرە داڕشت کە لەدەستچوونی دەسەڵات لەسێ هەرێمەکەی باشوور، باشترە لەدۆڕاندنی دەسەڵات لەهەموو سوداندا.

جیابوونەوەی باشووری سودان دوراییەکی ئایینیشی هەیە، چونکە جیابوونەوەی باشوور جیابوونەوەی هەرێمێکی ناموسڵمانە لەدەوڵەتێکی موسڵمان. ئەمە ئاماژەیەکە بۆ لاوازیی هونەری پێکەوە ژیانی ئایینەکان لەسوداندا. ئەوەی کە لەم بارەیەوە ڕووبەڕووی سودان بۆوە، لەمێژە ڕووبەڕووی هیندستانیش بۆتەوە. بەڵام هیندستان لەڕێگەی دیموکراسیە لیبراڵەکەیەوە لەسودان سەرکەوتووترەو تا ئەندازەیەکی زۆر توانیویەتی فاکتەرەکانی گرژی کەم بکاتەوە.

هەندێ لەوانەی جیابوونەوەی باشوور سەغڵەتی کردون، هانا بۆ لێکدانەوەی چەوت دەبەن و وای نیشان دەدەن کەسودان پیلانی لەسەرەو هێزە جیهانییەکان هەوڵی پارچە پارچەکردنی دەدەن. بەڵام ئەوەی ئەم تیۆرییە پوچەڵ دەکاتەوە ئەوەیە کەبریتانیا، سودانێکی یەکگرتووی بۆ سودانییەکان بەجێ هێشت، بەڵام سودانییەکان نە دیموکراسییەکی سەقامگیریان دامەزراندو نە پەرەیان بەگیانی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە دا. گەورەترین هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی باشوور، لەساڵی ١٩٧٢دا هاتە ئاراوە، پاش ئەوەی کەسەرۆکی سودان جەعفەر نومەیری شەڕی ڕاگرت و ئۆتۆنۆمیی بۆ باشوور سەلماند. بەڵام پاش ١١ ساڵ، لەساڵی ١٩٨٣دا ئۆتۆنۆمییەکەی هەڵوەشاندەوەو دوا بەدوای ئەمە بۆ ماوەی ٢٢ ساڵ شەڕی ناوخۆ درێژەی کێشا تا لەدوایيدا لەساڵی ٢٠٠٥ لەنیڤاشا دوایی هات. نەبوونی دیموکراسی و هاتنە سەر کاری دەوڵەتی پۆلیسی و برەو نەدان بەکەلتووری فرەیی، هۆی سەرەکیی لێك ترازانی سودانن.

جیابوونەوەی باشوور بۆ سودان ئەزموونێکی سەختە، ئەگەر پەندی پێویستی لێ وەرنەگرێ ناتوانێ بەردەوام بێ. سودانی پاش جیابوونەوەی باشوور لەسودانی پێش جیابوونەوە جیاوازەو ئەگەر سودان پێداچوونەوەیەکی ڕیشەیی بەسیاسەتی ناوخۆییدا نەکات، دەرگا لەسەر گازی پشت بۆ هەموو ئەگەرەکان بەکراوەیی دەمێنێتەوە.




فەرید ئەسەسەرد



ئیبراهیم جەعفەری:

# ئێستا هەموو لایەنەکان پابەندن بە دەستوورەوە بە وانەشی کە تێبینیان لەسەری هەیە، ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆ پەرەسەندنی فکرو هزری سیاسی لای عێراقییەکان





**ئیبراهیم جەعفەری یەکێکە لەسەرکردە سیاسیە دیارەکانی عێراق و یەکەمین سەرۆکی ئەنجوومەنی حکوم بووە کە لە ئابی ٢٠٠٣ دەست بەکاربووە و هەروەها یەکەمین سەرۆک وەزیرانی حکومەتی عێراق بووە، دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥، دواتریش وەک سەرۆکی تەیاری ئیسلاح بۆتە بەشێك لە هاوپەیمانی نیشمانی عێراقی( ئیتلافی شیعە) و لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ بەشداری کردووەو بۆتەوە بە ئەندام پەرلەمانی عێراق و دوای یەکگرتنی هەردوو ئیئتیلاف و دەوڵەتی یاسا ، ئیبراهیم جەعفەری وەک سەرۆکی فراکسۆنی**

**گوڵان:** سەرەتا دەمانەوێ ڕای بەڕێزتان بزانین سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق، چۆنی دەبینی؟

**ئیبراهیم جەعفەری:** بارودۆخی ئێستا، ئەو قۆناغانە تێدەپەڕێنێ کە لە دوای ڕووخانی بەعسەوە لە ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٤ یش هاتۆتە ئاراوە و بەشێوەیەکی هێمن کۆتایی دێت و تا ئێستا لە ئاست هیواکانمان نییە، بەڵام تێدەپەڕێت، بەو مانایەی بە باشی ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە کە لە هەڵبژاردنی یەکەم بڕا سوننەکانمان نەگرتەوە، بێگومان چەند ئاستەنگێك هەبوون لە ڕێگای هەرسێ پرۆژەی هەڵبژاردنەکان، هەرچەندە هەڵبژاردنی سێیەم لە ئەوانی تر باشتر بوو، بەڵام هێشتا زۆر ئاوات هەن کە تا ئێستا دوورن و لە کارکەوتوون، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی باردودۆخەکە لە پێشتر زۆر باشترە.

**گوڵان:** هەموو لایەنە سیاسییەکان ڕێکن لەسەر ئەوخاڵانەی فراکسیۆنی کوردستان پێشکەشیان کردووە، پێتوایە ئەم گۆڕانکارییە لە هزرو فکری عێراقییەکان کە چوونە بەرەو پێش، بۆ خۆی گۆڕانکارییەکە لە واقیعی عێراقدا؟

**ئیبراهیم جەعفەری:** باس کردن لە داواکارییەکانی کوردەکان لەوەوە دەست پێدەکات تا چەند کارەکانی کە دەکرێن گونجاون لەگەڵ دەستوور، چونکە هەموو لایەنەکان پابەندن بە دەستوورەوە، تەنانەت ئەوانەی ناکۆکیشن لەگەڵ دەستوور، بۆیە ئەگەر ئەم داواکاریانە بگونجێن لەگەڵ دەستوور پێویستە پێوەی پابەند بین، ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆ پەرەسەندنی فکرو هزری سیاسی لای عێراقییەکان، لەوانەیە تێبینییان هەبێت، لەسەر هەندێك بەندی دەستووری، بەڵام وشیاری گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە پێویستە پابەندبین بە دەستوورەوە، تەنانەت ئەگەر تێبینیشیان لەسەری هەبێت ئەمەش مانای ئەوە نییە کە لەبەر هەبوونی تێبینی پابەند نەبین بە دەستوورەوە یان پێشێلی بکەین و هەر کەسێك تێبینی لەسەر دەستوور هەبێت دەتوانێت لەکاتی هەبوونی دەرفەت بۆ هەموارکردنی دەستوور بەندەکانی هەموار بکات و زۆر وڵاتانی دنیاش چەند جارێك دەستوورەکانیان هەموار کراوەتەوە، بۆ نموونە ئەمریکا ٢٦ جار دەستووری خۆی هەموار کردووە تا ساڵی ١٩٧١، هەموو لایەکیش کۆکن لەسەر ئەوەی تێبینی لەسەر دەستوور هەیە، دۆزینەوەی تێبینیش لەسەر بەندە دەستوورییەکان بەهانە دۆزینەوەیەکە بۆ هەموار کردن نەك بیانوو بێت بۆ پێشێل کردن، بەڕای من ئەمەش لە خۆیدا وشیاری سیاسی دەگەیەنێت.

**گوڵان:** دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانتان لە کۆکردنەوەی هەموو لایەنەکاندا چۆن بینی ؟

**ئیبراهیم جەعفەری:** دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان باش و ئیجابی بوو، هیچ لایەنێك دوودڵ نەبوو لە پێشوازی کردن لێی، کاتێك بەڕێز مسعود بارزانی بانگهێشتی هەموو لایەنەکانی کردو جەختی کردەوە لەسەر گرنگی و پێویستی کۆبوونەوە لە هەولێر و دواتریش لە بەغدا، هەرچەندە پێشتریش چەند دانیشتنێك ئەنجام درابوو، بەڵام دەستپێشخەرییەکە لەکاتێکی گرنگ و سەرەکی هاتە ئاراوە بۆ ئەوەی کێشەی عێراق بەدەستی عێراقییەکان و بە دەستپێشخەری عێراقییەکان بێت بۆیە زۆر گرنگ بوو و شتێکی وای بەدەستهێنا کە پێشتر بەدەست نەهاتبوو،کە کۆببنەوەو لە نزیکەوە گفتوگۆ بکەن دەربارەی مەسەلە هەستیارو لەکارکەوتووەکان و یەکێك لەوانە ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتی ستراتیژی باڵا و چەندین کاری دیکە بۆیە دەستپێشخەرییەکی باش و گرنگ بوو لە کاتی خۆیشیدا هات.

**گوڵان:** بەڕێزتان باستان لە ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتی ستراتیژی کرد، حەز دەکەین لە زاری تۆوە بزانین ئەم



**هاوپەیمانی نیشتمانی هەڵبژێراوە کە گەورەترین فراکسیونە لەناو پەرلەمانی عێراقدا، د.جەعفەری یەکێکە لەو سیاسەتمەدارانەی کە کاریگەری لەسەر رەوشی سیاسیی عێراق هەیە، بۆ قسەکردن لەسەر باردۆخی ئێستای عێراق و هەنگاوەکان بۆ سەرکەوتنی حکومەتی داهاتووی عێراق، گوڵان بە پێویستی زانی دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ بەرێزیان لەنووسینگەی تایبەتی خۆی لە بەغدا لەگەڵ ساز بکات، ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتەکەی گوڵانە لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی نیشتمانی لە پەرلەمانی عێراقدا.**

ئەنجومەنە چییە؟ ئایا چۆن دادەمەزرێت، چونکە هەر یەکە بەشێوەیەك قسە دەکات؟

**ئیبراهیم جەعفەری:** ئەنجومەن پێشینەیەکی جێبەجێکاری هەیە، بەڵام هیچ دەق و پێگەیەکی دەستووری نییە و شتێك نییە لە دەستوور بەناوی ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ سیاسەتی ستراتیژی باڵا، پێشینەی جێبەجێکاریش بە پێشینەی یاسایی دادەنرێت و لەبەر ئەوەی مومارەسەی جێبەجێکار لە سێ خولی پێشتر هەبووە ئێمەش پێوەی پابەند دەبین و لەوانەیە زیاتر پەرەی پێ بدەین هاوکات دەقێك نییە لە ناو دەستووردا، بۆ نموونە بەریتانیا وەك مەزنترین دەوڵەتی دەستووری و یاسایی لە جیهاندا دەقی نووسراوی دەستووری نییە بەڵکو عورف و مومارەساتی دەستووری هەیە، ئەوەی دەمێنێتەوە چەمکی ئەنجومەنە پێویستە لە دژی بڕگەدەستوورییەکان نەبێت، ئەگەر کردمان بە دەسەڵاتێکی جێبەجێکاری و سەرۆکیشمان دانا بۆ ئەو دەسەڵاتەو هەموو سەرۆکایەتیەکانی ترمان کردە بەشێك لە ناو ئەو دەسەڵاتە تەتبیقیەی ئەنجومەنەکەو وامان لێکرد دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەبێت، ئەوا لێرەدا دژی ماددەی ٤٧ ی دەستوور دەبێت کە دەڵێت: پێویستە هەرسێ دەسەڵاتەکە جیا بکرێنەوە واتە لێکجیاکردنەوەی سێ دەسەڵاتەکانی پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی قەزائیی، بەڵام وەك پێشووتر دەکرێ لایەنی راوێژکاری و پابەندی سیاسی هەبێت، مەبەستم ئەوەیە کاتێك ئەنجومەنی نیشتمانی کۆ دەبێتەوە و پێکدێت لەمانەی خوارەوە : سەرۆك کۆمار و جێگرەکان، سەرۆکی حکومەت و جێگرەکانی، سەرۆکی ئەنجومەنی داد، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و نوێنەرانی کوتلەکان، ئەمانە لە ئەنجومەنی نیشتمانیدان،کاتێك لەگەڵیان کۆ دەبینەوە بۆ راوێژ پێکردن و لێك نزیك کردنەوەی بیروبۆچوونەکان ئەمانە هەرخۆیان بەرپرسی ئەم دەسەڵاتانەن کە قەناعەتە هاوبەشەکان دەکەنە پابەندبوون، بەتایبەتی ئەو قەناعەتانەی دەگاتە ئاستی لە ٨٠٪ ئەمانە دەگۆڕن بۆ پابەند بوون و ئیعتیبار، چونکە ئەوان خۆیان ئامادەن، ناتوانین بڵێین ئێوە خۆتان بەشێکن لە بەرپرسێکی گەورەتر لە خۆتان و ئەویش راتان دەسپێری و چاودێریتان دەکات، چونکە ئەمە پێچەوانەی ماددەی ٤٧ی دەستوورە، بەڕای من ئێمە پێویستمان بەم میکانیزمەیە کە گرنگە و مەنفەعەتی زۆری هەیە بۆمان، چونکە لێك نزیككردنەوەی بیرۆبۆچوونەکان و بەشداربوونی بەرفراوانی ئەوانەی رووبەڕووی دەزگاکانی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری دەبنەوە بە پاڵ بەرپرسانی کوتلەکانی دیکە مانای ئەوەیە کە عەقڵیەتێك هەیە بە هاوبەشی بیر دەکاتەوە و دەست و بازوو هەن جێبەجێی دەکەن بێ ئەوەی بڵێین سیفەتی پابەندبوون بۆ ئەم کەسانە هەیە، لە ٨٠ ٪ لەوانەیە لەڕووی سیاسییەوە وایان لێبکات پێوەی پابەند بن.

**گوڵان:** پێتوایە گرفتەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر دەبن، بەتایبەت وەك پێشمەرگە و نەوت و غاز و ماددەی ١٤٠، لەو بڕوایەدایت لەم خولەدا چارەسەربکرێن؟

**ئیبراهیم جەعفەری:** پێموایە هەموو گرفتەکانی نێوان هەرێم و بەغدا قابیلی چارەسەرکردنن، مادام هەردوو لای پابەندن بە دەستوور و پاراستنی سەروەری و یەکێتی عێراق کە هەموو لایەنەکان جەخت لەسەر ئەم پرەنسیپانە دەکەنەوە بە برا کوردەکانیشەوە، بۆیە ئێمە دەتوانین کێشەکان یان بە رێگای دەستوور چارەسەریان بکەین یان بە گفتوگۆ لە رێگای ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، یان لەناو پەرلەمان چاریان بۆ دەدۆزرێتەوە، هەرچەندە لە ٢٠٠٣ ئەم کێشانە بەردەوامن و چارەسەر نەکراون، بەڵام نەگەیشتۆتە رێگایەکی داخراو و چارەسەریش دەکرێن، چونکە عێراق بۆ هەموو عێراقییەکان گرنگە و هەموومان سەرەتا عێراقین ئینجا

**دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەکاتێکی گرنگ و سەرەکی هاتە ئاراوە بۆ ئەوەی کێشەی عێراق بەدەستی عێراقییەکان و بە دەستپێشخەری عێراقییەکان چارەسەر بێت**

عەرەب و تورکمانین، هەروەها سوننە و شیعە و موسڵمان و ناموسڵمانیشمان تێدایە، بەڵام خەمەکانی عێراق بەبێ جیاوازی بەرپرسیاریەتی هەموو عێراقییەکانە، ئێستا لە پێکهاتەی حکومەتی عێراق کورد و عەرەبی تێدایە و لە عەرەبیش سوننە و شیعەی تێدایە لە هەمان کاتدا تورکمان و ناموسڵمانیشی تێدایە، ئێمە کە ئێستا لە سەرەتای تەجروبەکەداین، پێویستمان بە تەنسیقی زیاتر و کارا کردنی ماددەکانی دەستوور و پڕکردنەوەی بۆشاییەکان هەیە گەر بۆشایی هەبێت و پێویستمان بە پتەوکردنی پێوەندی زیاتر هەیە لەنێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندی.

**گوڵان:** ئەی سەبارەت بە گرێی شاری کەرکوك؟

**ئیبراهیم جەعفەری:** کەرکوك تایبەتمەندی زیاتری هەیە، بەڵام دەتوانین دەربازی بکەین لەوەی گرێیە، کەرکوك شارێکە فرە ئەتنی وکۆمەڵییە، نەك تاکە ئەتنی و کۆمەڵگەیی، بۆ نموونە هەولێر کوردییە، سەماوە عەرەبییە، کەرکوك پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری تێدایە و وەك چەپکە گوڵێك وایە بە هەموو رەنگەکانییەوە کە کورد و عەرەب و تورکمان وئاشوری و کلدانی تێدایە، شیعە و سوننەی تێدایە، عێراقیش چەپکە گوڵێکە خۆی لە کەرکووکدا دەبینێتەوە، بۆیە ئەگەر لەبەرامبەر کۆمەڵگایەکی وا فرەییدا خۆمان ببینەوە، پێویستە بە رێگای دەستووری ویاسای ناوخۆییدا ئیدارەیەکی نوێ دروست بکەین کە رەنگدەرەوەی ئەم پێکهاتە جۆراوجۆرانە بێت، ناتوانین بە ویستی خۆمان کۆمەڵگایەك دروست بکەین و یەکێکی تر مەسخ بکەینەوە، بەڵکو دەتوانین پەرەی پێ بدەین بەتایبەت پەرە بە ئەنجومەنی پارێزگا و لیژنەکانی و دەسەڵاتە کارگێڕی و جێبەجێکارەکانی بدەین بەجۆرێك دەربڕی واقعی کەرکوك بێت ئەمە بۆ ئێستا پێویستە، کەواتە کەرکوك بە بڕیارێکی ئێمە ناکرێ تایبەتمەندی بکەین، کۆمەڵگاکەی کەرکوك ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێت کە کۆمەڵگایەکی فرەییە و پێویستە بیپارێزین بە کوردو عەرەب و تورکمانەوە ئاسایی بکەینەوە وەك هەموو پارێزگاکانی عێراق، بەسرا شارێکی عەرەبی عێراقییە، هەولێر شارێکی کوردی عێراقییە، بەڵام کەرکوك شارێکی تێکەڵی مۆزاییکی عێراقییە، ناکۆکی لەسەرئاست و رێژەی پێکهاتەکانی کەرکوك هەیە لەرووی ژمارەوە پێموایە ئەگەر گیانی متمانە هەبێت و لەگەڵ هەموو هاووڵاتیانی کەرکوك بەشێوەیەکی

**ئێستا پێویستمان بە تەنسیقی زیاتر و کارا کردنی ماددەکانی دەستوور و پڕکردنەوەی بۆشاییەکان هەیە گەر بۆشایی هەبێت و پێویستمان بە پتەوکردنی پێوەندی زیاتر هەیە لەنێوان هەرێم و حکومەتی ناوەندی**

ئیجابی و کامڵ مامەڵە بکەین رزگار دەبین لەو گرێیەی کە ئێستا پێی دەناسێنرێت و ئەو کات کەرکوك دەبێتە شاری کۆکەرەوەی گشت پێکهاتەکانی عێراق نەك مایەی دوورخستنەوەی عێراقییەکان لە یەکتر.

**گوڵان:** وەك سەرۆکی فراوانترین هاوپەیمانێتی لە پەرلەمان پێتوایە ئەم پەرلەمانەی ئێستا دەتوانێت سەرکەوتوو و ئەکتیڤ بێت و ئایا ئەم پەرلەمانە گۆڕانکاری دەبێ لەگەڵ پەرلەمانی پێشوودا؟

**ئیبراهیم جەعفەری:** پێویستە جیاواز بێت لەگەڵ پەرلەمانی پێشووتر، ئەگەر ئەم گۆڕانکارییە نەهێنێتە دی ئەوە مانای ئەوەیە کە لە شوێنی خۆی دەخولێتەوە.

ئەمەش دواکەوتنێکی رێژەییە، بارودۆخی پەرلەمانەکانی پێشووتر بەهۆی چەند هۆکارێك وایکرد کە هەندێك کەموکوڕی و نەخۆشی کاتیی هەبێت، پێویستە ئێمە لە هەوڵەکانی خۆمان سوود لە خولەکانی یەکەم و دووەمی پەرلەمان وەربگرین، لایەنە باشەکان بەهێزتر و پتەوتر بکەین و لایەنە خراپەکانیش دوور بخەینەوە، بەم شێوەیەش سوود لە تاقیکردنەوەکانی پێشتر وەربگرین، بۆ نموونە لایەنە ئیجابیەکانی پەرلەمانی پێشوو ئەوەیە کە هەندێك بڕیاری هێنایە ئاراوە، بەڵام زۆر بڕیاریش ماوە و لەکار کەوتوون، بۆیە پێویستە ئێمە هەوڵ بدەین بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین بڕیار و تەشریعات، هەروەها پێویستە رووبەرووی تەحەدییەکان ببینەوە، پەرلەمانی پێشوو حاڵەتی تائیفەگەری بەسەردا زاڵ بوو بەلایەنیکەم لەسەرەتای خولی یەکەم، ئەوەی ئێستا هەستی پێدەکەم کە ئەدای پەرلەمانی ئێستا هیچ مۆرکی تائیفەگەری پێوە دیار نییە و کەس ناڵێت من شیعە یان سوننەم، راستە ئێمە عێراقیێکمان ناوێ بەبێ شیعە یانبە بێ سوننە یان عێراقیێکی تەنیا بۆ کورد ویان تەنیا بۆعەرەب و تورکمان، هەروەها عێراقیێکمان ناوێ بەبێ چیا و بیابان و هۆڕەکان، عێراقیێکمان دەوێ کە پێکەوە ژیانی تێدا هەبێت نەك تائیفەگەری، ئێمە گرفتمان نییە لەگەڵ نەتەوەکان بەڵکو گرفتمان هەیە لەگەڵ رەگەزپەرستی شۆڤێنی لە لایەکی ترەوە گرفتمان نییە لەگەڵ مەزهەب و ئایینەکان بەڵکو گرفتەکەمان لەگەڵ توندڕۆیی تائیفەگەرییە، پەرلەمان رەنگدەرەوەی هەموو ئەمانەیە دواتر پەرلەمان پێشتر نەیتوانی بەباشی رۆڵی چاودێری خۆی ببینێت، هیوادارم سەرەتا بتوانێت بۆشایی بەرهەمی پەرلەمانی پڕبکاتەوە ئەویش زۆرترین بڕیارە کە پێویست جێبەجێ بکرێن، کوا یاسای رۆژنامەوانی، کوا یاسای حزبەکان، جگە لە چەندین یاسای دیکەی لە کارکەوتوو، لە هەمان کاتتدا بۆشایی نێوان پەرلەمان و حکومەت و نێوان پەرلەمان و سەرۆکایەتی کۆمار پڕ بکاتەوە، هەروەها خۆی بگونجێنێت لەگەڵ سەرجەم پێکهاتەکانی تر بۆ ئەوەی بەردەوام

**شیعەکانی عێراق عەرەبن، ئەم زۆرینە عەرەبییە بەدەست گرێی رەگەزپەرستی شۆڤێنی ناناڵێنێت و عروبە بە ئیدیۆلۆژیك ناکەن**

بێت لەسەر ڕێگای بونیادنانەوە.

**گوڵان:** چارەسەری وەزارەتە ئەمنیەکان چۆن دەبینێت، چ چارەسەرێکتان بۆی هەیە؟

**ئیبراهیم جەعفەری:** ئێمە لە هەوڵی بەردەوامداین بۆ دیاریکردنی باشترین خەسڵەتەکانی ئەو کەسانەی وەزارەتەکان بەتایبەتیی وەزارەتە ئەمنییەکان دەگرنە دەست، چونکە وەزارەتی ئەمنی گرنگە بۆ هێنانەدی خودی ئەمن و سەقامگیری، هەروەها پێوەندی ئەمن بە ئابووری و گەشتوگوزار و سیاسەت و زانکۆکان و هەموو لایەنەکانی ژیان و هەر کە لایەنی ئەمنی ئاستەنگی تێکەوت کاریگەری بەسەر هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانەوە دەبێت، لێرەوە دەردەکەوێ کە مەسەلەی ئەمن و وەزارەتە ئەمنیەکان زۆر گرنگن و لە گەورەترین ئاستدا گرنگی پێدەدرێت، وەزارەتە ئەمنیەکان لە موحاصەصە و لە مەسەلەی خاڵەکان دەرچووتە دەرەوە و پێویستە ڕەچاوی هەموو پێکهاتەکان بکرێت لە دیاریکردنی و هەموو پێکهاتەکان بۆیان هەیە بەشداری گفتوگۆکان بکەن، بەڵام دوا بڕیار بەدەست سەرۆك وەزیرانەوەیە بە حوکمی ئەوەی سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکانە، ئێمە هەوڵ دەدەین چەند تایبەتمەندییەکی تێدا بێت وەك نیشتمانی، لێهاتوو بێت، بە گەندەڵی تۆمەتبار نەکرابێت شۆڤینی، تائیفی، تیرۆریست نەبێ، تا ئێستا چەندین ناو پێشکەش کراوە، بەڵام هەست دەکەم لە ماوەیەکی نزیکدا ئەمەش چارەسەر دەکرێت.

**گوڵان:** ئایا تۆ لەگەڵ ئەوەی مافی ڤیتۆی سەرۆك كۆمار بمێنێتەوە؟

**ئیبراهیم جەعفەری:** هەر شتێك پێچەوانەی دەستوور نەبێت من دژی نیم، من دژی ڕێکەوتننامەی ئەمنی بووم، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێکەوتننامەکە دژی دەستوور نەبوو و لەپەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر درا من پابەند بووم پێی، چونکە دەستوور و پەرلەمان پێویستە ڕێزیان لێبگیرێت و پەرەیان پێ بدرێت، من سیاسەتمەدارێکی مولتەزیمم، ئەوەش نیم شتێك بە دڵم بێت پێوەی پابەند بم و شتێکم بە دڵم نەبێت پشتگوێی بخەم.

دەستووری پەرلەمان ئینجانە نیین بە کەیفی خۆم لەو گۆشەیە هەڵیبگرم و بیخەمە گۆشەی ترەوە مادام سەرپۆشی یاساییان هەیە دەبێت ڕێزی لێ بگرم.تا بیبێتە کائینێکی زیندوو لە ناو خەڵکیدا..

**گوڵان:** دیدی شیعەکان بۆ کورد چۆنە؟

سەرەڕای هاوپەیمانێتی و خەباتی هاوبەشی کوردو شیعە دژ بە بەعسیەکان. ڕوانینەکان تا ئێستا لێڵایی پێوە دیارە.

**ئیبراهیم جەعفەری:** زۆرینەی شیعەکانی عێراق عەرەبن، بەڵام ئەم زۆرینە عەرەبییە بەدەست گرێی ڕەگەزپەرستی شۆڤینی ناناڵێنێت و عروبە بە ئیدیۆلۆژیك ناکات و ئیدیۆلۆژیك ناکەنە سەرەتا و بناغەیەکی فکری بۆ عەرەب، هەندێك لەو حزبانەی کە دەیانویست بە موغازەلەوە سەرنجی کوردەکان ڕابکێشن لە بنەڕەتدا ڕەگەزپەرستی توندڕەون و لەڕووی مەعریفی و فکرییەوە لەگەڵ کوردەکان یەك ناگرنەوە و بیردۆزێکی ڕەگەزپەرستیانەیان هەیە و کورد و ئاشوورییەکان ڕەت دەکەنەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بڕیارەکانی کۆنگرەی هەرێمایەتی هەشتەم دەبینین ئاشوورییەکان ڕەت دەکەنەوە و داوایان لێدەکەن واز لە زمانی خۆیان بهێنن و تێکەڵ بە عەرەب ببن، ئێمە وەك شیعە لە بەرامبەر کورد ڕوانگەیەکی ڕەگەزپەرستانەمان نییە، بەڵکو بە ڕوانگەیەکی مرۆڤایەتی و نیشتمانی دەڕوانینە کورد، بۆیە پێوەندی و ڕێزگرتن و برایەتی و هاوسۆزیمان بۆیان هەیە هەر لەو کاتەوەی کە لە ئۆپۆزیسیۆن بووین تا ئێستاش کە ئێمە لە حوکمداین ئەمەش قووڵایی بیرکردنەوەی ئێمە دەردەخات بەرامبەر بە کورد، هەمان هەڵوێستمان هەیە بەرامبەر بە برا سوننەکانیش، لە لایەك پێکەوەژیانی نەتەوەیی و لەلایەکی دیکەش پێکەوەژیانی تائیفی هەیە، ئێمە داوا لە سوننەکان ناکەین کە نەڵێن ئێمە سوننە نین بە هەمان شێوە ئەوانیش پێمان ناڵێن، بۆیە نامانەوێ پێکەوەژیانی تائیفی بگۆڕینەوە بە تەعەسوبی تائیفی و نەتەوەیی ئەمەیان ڕەت دەکەینەوە، شیعە شیعەیە و سوننە سوننەیە بەهەمان شێوە کورد کوردە و عەرەب عەرەبە بە هەمان شێوە تورکمان تورکمانە، ئەگەر شوێنی لەدایکبوونم سلێمانی بوایە کورد دەبووم، ئەگەر تۆ لە عەمارە لەدایك بوویتایە حەتمی بە عەرەب دەژمێردرایت، بۆیە ناکرێ خۆم لە تۆبە باشتر بزانم لەبەر هۆکارێك کە بەدەستی من و تۆ نییە، من بەوە لە تۆ باشتردەبم کە چۆن دڵسۆزانەترخزمەت بە وڵاتەکەم دەکەم لە هەمان کاتدا ئیدانەی هەر کەسێك دەکەم کە گەندەڵی ئیداری و سیاسی و مالی و ئەخلاقی بکات با عەرەبیش بێت، بۆیە نابێ جیاوازی بکرێت لەسەر حەتمییەتی پێکهاتەیی، ڕوانینەکە مرۆڤانەیە بۆ هەموو مرۆڤەکان بە یەك چاو بەڵام دەبێ جیاوازی لەسەر بنەمای ئەوە بکرێت کێ زیاتر قوربانیداوە یان مافی لەوتێنراوە تا مافی بۆ بگێڕدرێتەوە یان کێ لێهاتووترە و باشتر خزمەت دەگەیەنێت بە نیشتمان ئەو دەبێت ڕێزی زیاتری لێبگیرێت، بۆیە شیعەکان گرفتی تەنزیریان نییە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ پێکهاتەیەکی سەرەکی عێراق کە کوردە دەکات، هەروەها پیاو و ئافرەتانی شیعە گرفتیان نییە لە چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەم بیردۆزە، بەجۆرێك کاتێك ئێمە

**وەك حزبی سیاسی و فکری بەعسی و کەسانێك کە تاوانیان ئەنجامدابێت دەرهەق بە گەلی عێراق من ڕازی نیم تاوانباران بگەڕێنەوە**

**من دژی ڕێکەوتننامەی ئەمنی بووم، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕێکەوتننامەکە دژی دەستوور نەبوو و لەپەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر درا من پابەند بووم پێی، دەستووری پەرلەمان ئینجانە نیین بە کەیفی خۆم لەو گۆشەیە هەڵیبگرم و بیخەمە گۆشەیەکی ترەوە**

**پەرلەمانی پێشوو حاڵەتی تائیفەگەری بەسەردا زاڵ بوو بەلایەنی کەم لەسەرەتای خولی یەکەم، ئەوەی ئێستا هەستی پێدەکەم کە ئەدای پەرلەمانی ئێستا هیچ مۆرکی تائیفەگەری پێوە دیار نییە**

# زۆرینەی شیعەکانی عێراق عەرەبن، بەڵام ئەم زۆرینە عەرەبییە بەدەست گرێی ڕەگەزپەرستی شۆڤێنی ناناڵێنێت و عروبە بە ئیدیۆلۆژیك ناکات و ئیدیۆلۆژیك ناکەنە سەرەتا و بناغەیەکی فیکری بۆ عەرەب



لە ئۆپۆزسیۆن بووین ڕێزی شیعە بۆ کورد گەیشتە ئەو ئاستەی خوالێخۆشبوو سەدر نوکتە و گاڵتەکردنی بە کورد حەرام کردبوو، چونکە ئەمە لە کەرامەتی مرۆڤی کوردی کەم دەکردەوە واتە کەمکردنەوەی کەرامەتی مرۆڤ، ئەوەش حەرامە، بە هەمان شێوە هەڵوێستی ئایەتوڵڵا ئەلحەکیم کە شەڕی لە دژی کورد حەرام کرد، ئەمە بۆچوونی شیعەیە بەرامبەر بە کورد، ڕوانین و بۆچوونەکە جێی شانازییە..

دواتر من ئەگەر بمەوێ وەك هاووڵاتییەکی عێراقی دەنگ بدەم بەدوای کەسێکی لێهاتوودا دەگەڕێم، ئیتر ئەو کەسە کورد بێت یان عەرەب مەرجە هەستێکی بەرزی نیشتمانی هەبێت و لەچوارچێوەی دەستوور مامەڵە لەگەڵ هەموو عێراقیەکاندا بکات، دەنگدانم وەستاوە لەسەر لێهاتوویی کەسێك باکورد بێت یان با عەرەب یان تورکمان بێت، چێژی دیموکراتیەت لەوەدایە، گرنگ ئەوە نییە ئەوەی هەڵیدەبژێرم لە نەتەوەی منە یان نا زۆر گرنگ نییە، بەڵام ئەوانەی هەڵگری بیروباوەڕی شۆڤێنین و قەومی پەڕگیرانەن، دەڵێن ئەگەر کەسێك لە نەتەوەی من بێهێز و بێ تواناش بێت پێویستە دەنگی پێ بدەم و دەنگ نادەم بە ڕۆڵەی نەتەوەیەکی دیکە ئەگەر بەهێز و بەتواناش بێت، دیدی ئێمە بۆ کورد واقعییە. گشت ئەو ڕژێمانەی حوکمیان کردووە لە کوردستان و عێراق ماڵوێرانی زۆریان بۆ کورد هێناوە کە ناشرینترین ڕەفتاریان لە ئەنفال و هەڵەبجەدا بینرایەوە، ئەم دوژمنایەتییە گەیشتە لوتکە، ئەمە وامان لێدەکات ئەم کارەساتانەمان لەبیر بێت و ئەو کات و ئێستاش لە ڕوانگەیەکی مرۆڤایەتییەوە پشتگیری کوردمان کرد و ئێستاش بەردەوامین و پەنا بە خوا ڕێگا لە دووبارەیان دەگرین نەك تەنیا لە عێراق بەڵکو لە سەرتاسەری جیهان، لە هەمان کاتتدا سەرەڕای ئەوەی کوردستان ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە سەروەت و سامان و لایەنی گەشتوگوزاریی و بواری مێژوویی و شیعر و ئەدەب و فکر، کەچی پشتگوێ خرابوو بۆ نموونە هەڵەبجە لە پێش سلێمانییەوە دێت هەرچەندە سلێمانی لەوانەیە تەمەنی ٢٠٠ ساڵ بێت، بەڵام لە هەڵەبجە چەندین ئەدیب و شاعیر و بیرمەند لەدایکبوون لە هەمان کاتتدا بینیمان هەڵەبجە چ کارەساتێکی مرۆڤایەتیی بەخۆیەوە بینی، من کە

سەردانم کرد لە وتارێکمدا کە لە گۆڕستانی شەهیدان پێشکەشم کرد لە خۆشەویستی و ڕێزم بۆ ئەم شارەو خەڵکەکەی بە (کەربەلای دووەم)م ناساندن و لە ساڵی ٢٠٠٥ بڕێك پارەم بۆ گشت خانەوادە زیان لێکەوتووەکان تەرخان کرد کە بریتی بوو لە زیاتر لەیەك ملیۆن دینار بۆ ٥٠٠٠ خانەوادە لە بودجەی دەوڵەت سەرفکرد، هەروەها ئەو کات و ئێستاش داوا دەکەم هەڵەبجەی کیمیاوی لێدراو دەستی لێنەدرێت تا وەك تانە بە چاوی شۆڤینیەکانەوە بمێنێتەوە لەپاڵ هەڵەبجەی مەنکوب شارێکی هاوچەرخ بونیاد بنرێت و پەرەی پێ بدرێت لە هەمان کاتتدا لایەنی مێژوویی و کەلتووری ئەم شارە بە زیندوویی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەم کارەساتە هەمیشە لە هزر و یادەوەری و مێشکی هەموو جیهان و عێراقییەکانیشدا بە زیندوویی بمێنێتەوە و لەبیر نەکرێت، تا کەس تاوان و زوڵمی وا گەورە لەهیچ نەتەوەیەکی سەر زەمین نەکاتەوە..

**گوڵان:** دەوڵەتی یاسا چۆن بونیاد دەنرێت لە عێراقدا و هاوڵاتی بوون چییە؟

**ئیبراهیم جەعفەری:** سەرەتا پێویستە لە چەمکی دەوڵەت بگەین، دەوڵەت جیاوازە لەگەڵ حکومەت، چونکە حکومەت یەکێکە لە دەزگاکانی دەوڵەت، بەر لە حکومەت گەل و خاك و حکومەت وسەروەری و دەسەڵات هەیە بەکۆی ئەمانە دەوترێت دەوڵەت، کاتێك دەڵێین حکومەتی یاسا واتە ئەم حکومەتە یاسا جێبەجێ دەکات، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە ئەمە دەوڵەتی یاسایە، ئەگەر جێبەجێکردنی یاسا درێژ بۆوە لە حکومەتەوە بۆ دامودەزگانی دەبێتە دەوڵەتی دامودەزگای یاسایی، ئەگەر جێبەجێکردنی یاسا درێژ بۆوە لە دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە بۆ هاوڵاتی و بوو بە کەلتورێکی میللی وەك عورف و کارلێك دەکەن لەگەڵ یاسا و هەڵدەچن ئەگەر یاسا پێشێل کرا، بۆ نموونە جگەرە لە شوێنە قەدەغەکان ناکێشن، هەمان هاوڵاتی دژی جگەرە دەبن و نایکێشن لە نەخۆشخانە و قوتابخانە و شوێنە گشتیەکان، بەمە یاسا دەبێتە بەشێك لە ڕەفتاری هاوڵاتی، کەواتە یاسای کارا و جوولەی کرد لە حکومەتەوە بۆ دامودەزگاو بۆ میللەت ئەو کات دەتوانین بڵێین ئەم دەوڵەتە دەوڵەتی یاسایە هەر بۆ نموونە کاتێك گڵۆپی سوور دادەگیرسێت پێویستە ئۆتۆمبێل بوەستێت تەنیا کامێرا یان پۆلیسی هاتوچۆ چاودێری هاوڵاتی دەکات، ئەگەر توانیمان هاوڵاتی بگەیەنینە ئەو ئاستەی ڕێز لە شوفێری پابەند بە یاساوە بگرێت و سەرزەنشتی ئەو شوفێرە بکات کە سەرپێچی یاسا دەکات، ئەو کاتە دەبینە دەوڵەتی یاسا، ئەم چەمکی دەوڵەتە واتا دەزگایەکە لەسەر ئەساسی یاسایی بونیاد نراوە.کەواتە یاسا بوو بە بەشێك لە مێزاجی هاوڵاتیان،ئەمەیە چەمکی دەوڵەتی یاسا..

سەبارەت بە هاوڵاتی بوون سێکوچکەیەك هەیە هاوڵاتی، نیشتمان،گرێبەستی کۆمەڵایەتی لەنێوان حکومەت و گەل، هاوڵاتی مافی لەسەر حکومەت هەیە،

**مەسیحی لە کوفە بە دەنگی بەرزەوە نوێژو عیبادەتی خۆیان لەپاڵ ئیسلامەکان دەکرد و ئیمامی عەلی دەیبینین و زۆر لای ئاسایی بوو**

بە هەمان شێوە حکومەتیش مافی هەیە لەسەر هاوڵاتی، واتە هاوڵاتی ئەگەر عێراقی بێت مافی هەیە و ئەرکی لەسەرە، هاوڵاتی یەکەیەکی بونیادنانی دەوڵەتە، ئەمەش چەمکی هاوڵاتی بوون دێنێتە ئاراوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێشینەی ئەتنی و ئایینی ئەو کەسە جیای دەکاتەوە لە وڵاتێکی تر بۆ نموونە لە کرماشان لە تورکیا و باشووری تورکیاش کورد هەیە یەکێتی زمان و نەتەوە کۆیان دەکاتەوە، بەڵام هەمان مافی کوردەکانی کوردستانی عێراقییان نییە، بە هەمان شێوە عەرەبی کوێت و ئوردن و میسر یەکێتی زمان و نەتەوە لەگەڵ عەرەبەکانی عێراق کۆمان دەکاتەوە، بەڵام ئەو مافانەیان نییە کە عەرەبەکانی عێراق هەیانە لێرەوە عەرەب و کورد هاوڵاتی عێراقن و پابەند بوونێکی هاوبەشیان هەیە لە عێراقدا، هاوڵاتی بوون زۆر لەلایەنی زمان و نەتەوە بەرزترە، کەواتە لە چەمکی هاوڵاتی بوون مافت هەیە دەستوور بۆتی دیاری کردووی لە هەمان کاتدا ئەرکت لەسەر شانە کە دەستوور بەسەریدا سەپاندووی، ئەگەر عێراقمان لەسەر ئەو ڕێڕەوە بونیاد نا واتە لە عێراق دەوڵەتێکی یاسایی و پێك بەستوو و پابەند بە یاسا و دادوەری بونیاد دەنێین.

**گوڵان:** تێڕوانینت چییە بۆ ئیسلام و ئیسلامەویەکان بەتایبەتی توندڕۆکان ئەوانەی ئیسلام دەکەنە پەناگەیەك بۆ ئەنجامدانی ئامانج و کارەکانی خۆیان؟

**ئیبراهیم جەعفەری:** ئیسلامی هەیە و (ئیسلامەوی)ش هەیە، ئەو کەسەی پرەنسیپەکانی شەریعەتی ئیسلامی لە ژیاندا جێبەجێ دەکات ئیسلامە، ئەوەی دوو شایەتمان بهێنێت ئەوە موسڵمانە، ئیسلامی تەنیا بەهێنانی دوو شایەتمان ئێکتیفانابێت، ئیسلامی ئەوەیە کە دیەوێ شەریعەتی ئیسلامی جێبەجێ بکات لە ژیانی خۆیدا بۆ نموونە کاتێك ژن دەهێنێت دەڵێ: ئەمە خێزانێکی ئیسلامییە نەك تەنیا خێزانێکی موسڵمانە واتە ئەحکامەکانی ئیسلام جێبەجێ دەکات.

شتێکی تریش هەیە پێی دەڵێن (ئیسلامەوی) کە ئیسلام بەشێوەیەکی هەڵە و توندوتیژ جێبەجێ دەکات و بەرامبەری خۆی ڕەت دەکاتەوە ئەم (ئیسلامەوی) یە جیاوازە لەگەڵ ئیسلامی بۆیە بیر لە کوشتن دەکاتە و خوێن وکەرامەت حەڵاڵ دەکات و ئیعتیراف بە بەرامبەر ناکات، تەنیا هەندێك لە دیندارەکان نەکەوتنە ناو ئەم هەڵەیەوە، بەڵکو هەندێك لە علمانیەکانیش کەوتنە ناو ئەم هەڵەیەوە، چونکە علمانی و عەلمانەویش هەیە، عەلمانەوی هەوڵ دەدات هەر کەسێکی ناعلمانی لەناوببات و خوێنی حەڵاڵ دەکات و ڕەتی دەکاتەوە فرێی دەداتە دەرەوەی سنوورەوە، چونکە بڕوای بە عەلمانەوی نییە، ئەمەش دیاردەیەکە لە (انسانیە) و (انسانیویە)لکی لێ دەبێتەوە، (انسانی) مرۆڤێکی ئاساییە لە بەرامبەرت دانیشتووە، لەوانەیە لە نەتەوە یان مەزهەبێکی تر بێت، بەڵام لەگەڵت دەژیت و قبوڵت دەکات و درۆت لەگەڵ ناکات، بۆ نموونە کورد و عەرەب بە یەکەوە دەژین و ڕێز لە یەکتری دەگرن و یەکتری لەناو نابەن ئەوە پێی دەڵێن (انسانی) و ڕوانگەیەکی (دیموکراتی) هەیە بەڵام ئەگەر من هەوڵی لەناوبردنی تۆ بدەم و قبوڵت نەکەم و بڵێم تۆ هاوڵاتی پلە دووی ئەمە پێی دەڵێن (انسانوی) و ڕوانگەیەکی (دیموکراتەوی) هەیە بەمەش دەستەواژەی نوێ دێتە ئاراوە و حاڵەتی

سـەلبی زۆر دەهێنێتە ئاراوە و خراپترین شت لە کەلتوورەکان ئەوەیە لەسەر بنەمای کەلتووری لاسـار دابمەزرێت.ئیسلامەویش حاڵەتی کەلتووری سـەقەت بۆ کۆمەڵگە بە دیاری دێنێت هـەر وەك عیلمانەوی و دیموکراتەوی کە خۆ فەرزێنی دەنوێنن..

من علمانی نیم، بەلاّم ئەگەر میللەتەکەم علمانیەتی بوێ و بە خوازیاری و ئازادی خۆیانـەوە بیهێنێت دەنگی بـۆ بدەن،من دژایەتـی ئەمە ناکەم، لـە هەمان کاتتدا ئەگـەر ئەوەی دێـت (عیلمانوی) بێت و بەزۆری زۆردارەکی بەسەر میللەتدا فەرزی بـکات ئەوەیـان ڕەت دەکەمـەوە، کەواتە ئینتیمام هەیە و قبوڵی بەرامبەریش دەکەم، بەلاّم ئەگەر توندڕۆیـی هەبێت دژایەتی دەکەم جا ئەو توندڕۆییە (ئیسلامەوی یان دیموکراتەوی یان عیلمانەوی ) بێت.

**گوڵان:** ئەی سەبارەت بەلێبوردەیی؟

**ئیبراهیم جەعفەری:** ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو کەی باشـووری ئەفریقیا توانی سەربەخۆیی خۆی وەربگرێت، کەمینەیەکی سـپی پێسـت حوکمی زۆرینەیەکی ڕەش پێسـتی دەکرد، نیلسۆن ماندیلا و ئەوانەی لەگەڵی بوون بوونە قوربانی، لەوێ سـپی پێسـت گەورەی ئەوانە بـوون، لەکۆتایی سەدەی بیستەم ماندێلا توانیی بەردەوام بێت، هەروەها دوو ساڵ بەر لە ئێستا باراك ئۆباما بوو بە سەرۆکی بەهێزترین دەوڵەتی جیهان ئەمە چەندین ساڵە بۆ یەکەمجارە لە مارتن لۆتەرتینەوە کە چالاکوانێکی ڕەشپێست بوو دژ بە راسـیزم تا ئەمڕۆ ٤٣ سـەرۆك و ٤٤ سەرۆکایەتی لە ئەمریکا ڕاگەیەندراوە بەلاّم بـۆ یەکەمین جارە کەسـێکی ڕەش پێست ببێتە سەرۆکی ئەمریکا کە بە ڕەگەز کینییە، ئەمانە هەمووی بەرهەمی سەدەی بیست و یەکەمینە.

سـەبارەت بە لێبوردەیـی دەڵێم بیلالی حەبەش ڕەش پێست بوو خەڵکی حەبەشەیە و عەرەبی نەدەزانی و نەیدەتوانی بڵێ (اشهد ان لا اله الا الله) بەڵکو دەیگوت (اسـهد ان لا الــه الا الله) بەلاّم پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت کردی بە موئەزنی خۆی و موئەزنیش بۆ ئەو کاتە لە ئاستی وەزیری ڕاگەیاندن بوو، چونکە بانگی دەدا و هەر ئایەتێك بهاتەیە بۆ پێغەمبەر درودی خوای لەسـەر بێت دابەزیبا بیلال باسـی دەکرد هەروەها ئەگەر هەر پەیامێکی هەبوایە لە ڕێگای بیلالی حەبەشییەوە ڕای دەگەیاند، ئەمە مانـای لێبوردەیـی دەگەیەنێت بە هەمان شێوە سـوهەیب ڕومی و سەلمانی فارسـی و جابانی کوردی، سـەبارەت بە ئافرەت لە ئەمریکا سـاڵی ١٩١٩ ئافرەت مافی دەنگدانی وەرگـرت دوای ئەوەی دەسـتوور بۆ جاری ١٩ هەمـوار کرایەوە و بەشـێوەیەکی پراکتیکی ئەم مافەی لە ١٩٢٤ پیـادە کرد، لـە بەریتانیا ئافرەت ساڵی ١٩٤٥ مافی دەنگدانی وەرگرت، لە سویسرا کە باڵاترین نموونەی دیموکراتییە لە جیهان لە سـاڵی ١٩٧٧، ئەی ئیسلام چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئافرەت کردووە بەر لە ١٤٠٠ ساڵ لە تەنیشت بەلاّم پێغەمبەر درودی خـوای لەسـەر بێت دانیشـتووە (از یبایعونـك تحت الشـجره) کۆمەڵێك ئافرەت لەگـەڵ کۆمەڵێك پیاو بەیعەتیان دا بـە پێغەمبـەر درودی خوای لەسـەر بێت کە گەورەترین گرێبەسـتی سیاسـییە

**شتێکی تریش هەیە پێی دەڵێن (ئیسلامەوی) ئیسلام بەشێوەیەکی هەڵە و توندوتیژ جێبەجێ دەکات و بەرامبەری خۆی ڕەت دەکاتەوە ئەم (ئیسلامەوی) یە جیاوازە لەگەڵ ئیسلامی بۆیە بیر لە کوشتن دەکاتە و خوێن وکەرامەت حەڵاڵ دەکات و ئیعتیراف بە بەرامبەر ناکات**

ئەمە لێبوردەییە، هەروەها چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئایینەکانی تردا کردووە، ئیسلامی ئینکاری نەتەوەی دیکەی نەکردووە، ئێستا عەرەب کەمینەن بە بەراورد لەگەڵ جیهانی ئیسـلامی، گەورەترین وڵاتی ئیسلامی ئێسـتا عەرەبی نییە لەوانە ئەندونیسـیا، مالیزیا، ئێران، تورکیا، پاکستان، هەروەها ٤٠ ملیۆن موسڵمان لە هیندستان ئەمانە هیچیان عەرەب نین، ئیسلام چۆن توانیی ئەمانـە هەموویان لەخۆ بگرێت، بێگومان بە لێبوردەیی، خەڵکی سەر بە ئایینەکانی تر لەسـەر ئایینەکانی خۆیان مانەوە بێ ئـەوەی زۆریـان لێبکرێـت، یەهودی لە مەدینەی مونەوەرە و مەسـیحی لە عێراق نوێژو عیبادەتی خۆیان لە کوفە بە دەنگی بەرزیش دەکرد لەپاڵ ئیسلامەکان دەژیان و ئیمامی عەلی دەیبینین و مافی خۆیانی پێدا بوون، دوو مەسیحی بە ناوی ئەلجۆن وە وەهەب لەپاڵ حەزرەتی حوسـێن شـان بە شانی شـەڕیان کرد، ئیسلام ئاینێکی لێبوردەییە و لەڕووی مرۆڤایەتییەوە بەسەر خەڵکدا درێژ دەبێتەوە.ئـەوەی لەم ڕووەوە دیالۆگ دەکات با بیکات بەلاّم بەشێوەیەك کە بەرانبەر نەسڕێتەوە..

**گوڵان:** ئاواتەکانی د.ئیبراهیم جەعفەری لە ژیاندا؟

**ئیبراهیـم جەعفـەری:** ئاواتـم ئەوەیە عێـراق ببینـم بـە سـەقامگیری بەبێ تیرۆر، دەوڵەمەند بەبێ هەژار، ڕۆشـنبیر بەبێ نەزانیـن، یەکگرتـوو بەبێ دابەش بوون،ڕەونەقـدار ببینم دوور لە جەهالەت. من گەشـبینم و هـەر ئامانجێك بۆ خۆم دیاری بکەم هێـز و توانا و پێوەندییەکانی خۆم تەرخان دەکەم بۆ ئەوەی ئەم ئامانجانە بهێنمـە دی، لـە قۆناغەکانـی ژیانمدا بـێ ئومێـد نەبووم،متمانەم بـە خودای گەورەیە، زۆر لـە گەلانی دنیا کەمتریان بەسـەرهاتووە لەوەی بەسەر گەلی عێراق هاتووە بەداخـەوە گەڕاونەتەوە دواوە، بەلاّم گەلی عێراق ناگەڕێتەوە و بێزار نابێت بۆ نموونە لە ڕاپەڕینی شـەعبانی بە سەدان هەزار کەس لە کادر و خەڵك و مەرجەعی ئایینـی لەناوچوون، لە ئەنفـال و کیمیا باران بە هەمان شـێوە، هەزاران هاووڵاتی کوردی سڤیل بە چەند دەقیقەیەك خنکێنران سـەرەڕای ئەمەگەلی کورد بەردەوام بوون ئەمەش وا دەکات بڕوایەکی تەواو بەهەموو پێکهاتەکانی عێـراق هەبێت، عێراق خاوەن سـەروەت و سـامانێکی زۆرە و دەتوانین سوودێکی زۆری لێ وەربگرین بۆ خزمەت کردنی ئەم گەلەو گەلانی تریش..

**گـوڵان:** تـۆ لەگـەڵ هاتنـەوەی بەعسیەکانی؟

**ئیبراهیم جەعفـەری:** نەخێر وەك حزبی سیاسـی و فکری بەعسی و کەسانێك کە تاوانیان ئەنجامدابێـت دەرهەق بە گەلی عێراق من رازی نیم تاوانباران بگەڕێنەوە، بەلاّم ئەگـەر وەك حاڵەتێکی مێژوویی و کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ کەسـانێکیان کە دەستیان سوور نەبوویێت بە خوێنی ئەم گەلە بێنەوە ناو عیراق، پێویسـتە ڕێژیان لێبگرین و ئاسۆیەکیان بۆ ئاوەلابکەینەوە تا لە خێرو بێری وڵاتەکەیان بێبەش نەبن.



# ئیبراهیم جەعفەری لەچەند دێڕێكدا

ئیبراهیم ئەشیقر ناسراو بە (جەعفەری) لە بنەماڵەیەكی ناسراوی شیعە مەزهەب لە ساڵی ١٩٤٧ لە شاری كەربەلا چاوی هەڵێناوە، لە ساڵی ١٩٥٢لە قوتابخانەیەكی سەرەتایی زاینگەی خۆی بە ناوی سەبەتی كوڕان خوێندنی سەرەتایی تەواوكردووەو هاوكات لەگەڵ براكەیدا دوای دەوام بە كەسابەتی ناو بازاڕەوە خەریك بووە، شارەزایی لەسەر پێوەندی ئابووری و بازاڕ بە سیاسەتەوە پەیدا كردووە، كاتێك شۆرشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ ڕوویداوە وەك مێردمنداڵێك ئاگاداری ڕووداوەكانی ئەو گۆڕانكارییە سیاسیەكان بووە دواتر لە كتێبخانەكەی محەمەد باقر سەدرەوە بووەتە خوێندەوارێكی ئەدەبیاتی ئیسلامی و زیرەكانە خۆی بە كتێب خوێندنەوەوە هوشیار كردووە،ساڵی ١٩٦٦ لەسەر ئاستی شاری كەربەلا بەرزترین نمرەی هێناوەو لە كۆلێژی پزیشكی وەرگیراوە لە هەمان كاتتدا پێوەندی بە ڕێكخستنەكانی حزبی دەعوەی ئیسلامییەوە كردووە،بە درێژایی ماوەی خوێندنی لە كۆلێژ لە ناو ماڵەكەیی و لە زانكۆش سەنتەرو ژێدەرێك بووە بۆ چالاكی سیاسی وبیروڕا گۆڕینەوەو باس وخواسی فیكری، هەر لە سەرەتای كامڵبوونی لەم بوارەدا ڕێزی لە هەموو بیرو بڕوایەك ناوە .

ساڵی ١٩٧٤ خێزانی پێكهێناوەو دوو كوڕوسێ كیژی هەیە، هەرلە ساڵی ١٩٨٠ بەدواوە ڕووی كردۆتە سووریاو دواتر تا ساڵی ١٩٩٠ پەناهەندەی ئێران بووەو لەوێوەش تا ساڵی٢٠٠٣ لە لەندەن گیرساوەتەوە ..

ساڵی ١٩٨٠ ئەندامی سەركردایەتی حزبی دەعوە و وتەبێژی فەرمی بووەو لە دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیدا وەك سەرۆكی نووسینگەی جێبەجێكردن هەڵیانبژێردووە ..

لە ساڵی ١٩٩١ـ ١٩٩٢لە پێكهێنانی لیژنەی كاری هاوبەشی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی و كۆنگرەی نیشتمانی یەكگرتوویی عیراقیی و چەندین كۆنگرەی سیاسی تردا بەشداری ڕاستەوخۆو ئەكتیڤانەی هەبووە..

لەساڵی ٢٠٠٢لەناو ١٧ هێزەسیاسیەكەی ئیئتیلافی نیشتمانی عیراقیدا كە ٣٣ ڕەمزی سیاسی تێیدا ئیمزایان كردووە بەشدار بووە، لەبەرنامەی سەرەكی كارەكانیاندا ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام و ڕزگاربوونی ئیرادەی گەلانی عیراق و دانانی ژیانی ئازاد بە پێی پرەنسیپەكانی دیموكراتیەت بۆ هەموو پێكهاتەكان هەبووە ..

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە كراوەتە یەكەمین سەرۆكی ئەنجومەنی حوكم و ئەم دەسكەوتانەی هەبوو :

كەسێك بووە لەو ٢٥ كەسایەتییەی كە ڕەشنووسی دەستووری عیراقییان نووسیوەتەوە

ساڵ٢٠٠٤ جێگری سەرەك كۆماری عیراق بووە پێوەندییەكانی عیراقی بە دراوسێكانییەوە ئاسایی كردەوە

ماوەی ٧ مانگ ساڵی ٢٠٠٥وەك یەكەمین سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی هەڵبژێردراو لە هەڵبژاردنی گشتیدا دەسبەكاربوو گرنگترین كارێكی كردبێتی بڕیاردان بوو لەسەر دەستووری هەمیشەیی عێراق..

لەساڵی ٢٠٠٨ تەیاری ئیسلاحی نیشتمانی ڕاگەیاندولە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانیەكان ساڵی ٢٠٠٩ بە چەند پرۆژەیەكەوە بەشدارییان كرد ..جگە لە بابەت و توێژینەوەكانی خۆی سێ كتێبی لەسەر دانراوە لەوانە (ئەزموونی حوكم) و (پشتێنەی گڕ) و (بەرەژانی عیراق)

# بن عەلی و میژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە




**ئەم بێ سەروبەرییەی لە خۆپیشاندانەکان هەستی پێدەکرێت، بوارێك بۆ حکومەتی تونس خۆش دەکات بە بیانووی ڕاگرتنی سەقامگیری و ئاسایشەوە کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکاتەوە**

٣٢ ساڵ لەمەوبەر و لە ڕۆژی ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٧٩ شای ئێران لە ژێر گوشاری نارەزایی خەڵك، ئێرانی بەجێهێشتوو شاپور بەختیاری لە جێگەی خۆی دانا، بەهەمان شێوە لە ڕۆژی ١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١١ زەینەلعابدین بن عەلی سەرۆك کۆماری تونس لەژێر گوشاری نارەزایی خەڵك، تونسی بەجێهێشتوو لە جێگەی خۆی وەزیری یەکەمی حکومەتی تونسی بەشێوەیەکی کاتی بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار لەجێگەی خۆی دانا، بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر سەرۆکی پەرلەمان بەشێوەیەکی کاتی بووە سەرۆك کۆماری تونس بەراوردکردنی حاڵەتی تونس بە ئێرانی ١٩٧٩، تەنیا لێکنزیکی بەرواری هەڵاتنی بن عەلی و شای ئێران نییە، بەڵکو سیستمی حکومڕانی ئێستای تونس لە زۆر ڕووەوە لە سیستمی حکومڕانی ئێرانی سەردەمی شا دەچێت، ئەوکات چۆن ڕۆژئاوا پشتگیری شایان دەکرد، بەهەمان شێوە ڕۆژئاوا پشتگیری حکومڕانی بن عەلی-شیان دەکرد، بەڵام ئەوەی تونسی دوای هەڵاتنی بن عەلی لە ئێرانی دوای هەڵاتنی شا جیادەکاتەوە ئەوەیە، لە ئێرانی دوای شا، کەسایەتییەکی ئایینی بەهێزی وەك ئایەتوڵڵا خومەینی هەبوو کە دەیتوانی هەم شەقام بهەژێنێت و هەم شەقامیش هێور بکاتەوە، بەڵام وەك لە تونسی دوای بن عەلی سەرنج دەدەین دەبینین ئەو کەسایەتیە نیشتمانییە بوونی نییە کە بتوانێت کاریگەری لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و هێورکردنەوەی بارودۆخەکە هەبێت، هەربۆیە دوای هەڵاتنی بن عەلی بەرەو عەرەبستانی سعودی، وەك لەشاشەی تیڤییەکانەوە بینیمان و لە بڵاوکراوەی هەواڵەکان گوێبیستی بووین، دەبینین بە هاوشێوەی ڕاپەڕینی عێراقییەکان لە ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق لە بەهاری ١٩٩١ بێ سەروبەرییەکی پێوە دیارە و زۆر زەحمەتە بتوانرێت بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکرێت، هەروەها پارتە موعاریزەکانی تونسیش وەك پارتە موعاریزەکانی عەرەبی عێراق لە ساڵی ١٩٩١ کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر بارودۆخەکە نییە، کار گەیشتۆتە ئەوەی دوای ٢٤ سەعات خەڵکی تونس خۆیان بۆ ڕاگرتنی ڕاوە ڕووت و تاڵانکردنی شوێنە گشتییەکان و ماڵ و سامانی هاووڵاتیان، خۆیان داوا لە سوپا بکەن بێتە ناو بارودۆخەکە و بارودۆخەکە هێور بکاتەوە، ئەم بێ سەروبەرییەی لە خۆپیشاندانەکان هەستی پێدەکرێت، بوارێك بۆ حکومەتی تونس خۆش دەکات بە بیانووی ڕاگرتنی سەقامگیری و ئاسایشەوە کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکاتەوە، هەروەك چۆن لەساڵی ١٩٩١ حکومەتی عێراق توانی پارێزگاکانی باشور و ناوەڕاستی عێراق کۆنترۆڵ بکاتەوە، بەڵام ئەم حاڵەتە بۆ هەرێمی کوردستان بەدیوێکی دیکە شکایەوە، ڕاستە کۆڕەوەکەی بەهاری ١٩٩١ی لێکەوتەوەو زیاتر لەیەك ملیۆن هاووڵاتی ڕوویانکردە سەرسنوورەکان، بەڵام ئەگەر پارتە کوردستانییەکان لە چوارچێوەی بەرەیەکدا پێشتر خۆیان ڕێکنەخستبایە و سەرکردایەتی بەرە لەناو وڵات بەدەست سەرۆکێکی حەکیمی وەك سەرۆك بارزانی-یەوە نەبوایە، ئەوا نەدەتوانرا دوای کۆڕەو بارودۆخی کوردستان کۆنترۆڵبکرێت و نەدەتوانرا لەماوەیەکی پێوانەییدا بڕیاری هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدرێت.

ئەوجا لێرەوە کە وەك چاودێرێکی سیاسیی سەیری بارودۆخی تونس دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی هەست بە جووڵە و باهۆزێکی جەماوەری تینو بۆ ئازادی و دیموکراتی دەکرێت، بەڵام لە بەر ئەوەی لەنێو ئەو جووڵە و باهۆزەدا هەست بەبوونی هێزێکی دیموکراتیانە ناکرێت کە بتوانێت جڵەوی بارودۆخە ئاڵۆزەکە کۆنترۆڵ بکات، ئەوا زەنگی چەندین مەترسی لەنێو دەخوێنرێتەوە، کە ئومێد دەخوازین گەلی تونس ڕووبەڕووی هیچکامیان نەبێتەوە:

١- دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا کە تائێستا پشتگیریی لە حکومڕانی بن عەلی کردووە و ئێستاش ستایشی گەلی

# (شا)ی ئێران یان سەرلەنوێ دەنووسرێتەوە؟



تونس دەکات بۆ بوێری و ئازایەتیان کە راپەڕیوون بەرامبەر حکومڕانی بن عەلی، بێجگە لەوەی لەدوورەوە سەیری بارودۆخەکە دەکات هیچ هەنگاوێکی بەکردەیی بۆ پشتگیری خەڵکی تونس هەڵنەگرتووە، یان لانی کەم باسی ئەوەی نەکردووە سپاردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆك کۆمار بە غەنووشی شەرعییە یان شەرعی نییە، هەروەها بێدەنگە بەرامبەر هاتنە ناوەوەی سوپای تونس و هیچ هۆشدارییەکی نەداوەتە سوپای تونس بەوەی سنووری خۆی بزانێت و تێینەپەڕێنێت.

٢- ئەو گرووپە سەندیکایی و حزبە سیاسییانەی خۆیان وەك ئۆپۆزسیۆنی حکومەتی بن عەلی پیشاندەدەن، هەتا ئێستاش هێندە لاوازن نە لەسەر ئاستی عەرەبی نە لەسەر ئاستی دەوڵەتانی ئیسلامی و جیهانیش، هیچ پێوەندییەکیان نییە و نەیانتوانیوە ببنە جێگەی ئەو ئومێدەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لانی کەم دەوڵەتانی رۆژئاوا لایان لێبکاتەوە، بەو حسابەی پشتگیری لە کرانەوەو دیموکراتی لە وڵاتانی عەرەبی دەکەن.

ئەو دووخاڵەی ئاماژەمان پێکردن بەرادەیەك خراپن، کە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت دەرگا بەرووی دوو ئەگەری خراپتردا بکاتەوە:

- مەترسی ئەوەی لێدەکرێت حکومەتی ئێستا، وەك حکومەتی عێراق لەساڵی ١٩٩١ بارودۆخەکە هێور بکاتەوە و جارێکی دیکە بن عەلی بگەڕێتەوە بۆ تونس، هەروەك چۆن جاری یەکەم لە چلەکانی سەدەی رابردوو شای ئێران هەڵات و پاشان هێنایانەوە بۆ سەر عەرش.
- مەترسی ئەوەی لێدەکرێت لە غیابی بزووتنەوەیەکی دیموکراتی کاریگەر، بارودۆخەکە لەلایەن حزبە ئیسلامییەکان بقۆزرێتەوە و لەم حاڵەتەدا تونس رووبەڕووی کۆمەڵێك گرفت دەبێتەوە کە زەحمەتە بتوانێت بە ئاسانی لێی دەربچێت و باجی هەموو نەهامەتییەکانیش گەلی تونس دەیدات.

### ئەگەر تونس بەرەو دیموکراتی و کرانەوە هەنگاو هەڵبگرێت

ئەم ئەگەرە کە تارادەیەك لە ئەگەرێکی لاواز دەچێت، بەڵام هەموو دەوڵەتانی رۆژئاوا تێڕوانینی خۆیان لەسەر ئەم ئەگەرە لاوازە بۆ داهاتووی تونس بونیاد دەنێن، خۆ ئەگەر ئەم ئەگەرە بەو ئاراستەیە شکایەوە کە هەموو دیموکراتخوازێك ئومێدی بۆ دەخوازێت، ئەوا کرانەوەیەك لە باکووری ئەفریقیاوە دەست پێدەکات، ئەوەی شەپۆلی سێهەمی دیموکراتی نەیتوانی بیگۆڕێت لە تونسەوە دەستی پێدەکرێت، تونسییەکان لەبەر ئەوەی لەزەمانی حەبیب بورقێبەشدا تارادەیەکی زۆر وڵاتەکەیان سەقامگیر بووە و کولتووری فەرەنسیش لەو وڵاتە کاریگەری هەیە و هاووڵاتیانی تونس وەك زمانی دووەم فەرەنسی بەکاردەهێنێن و ئاستی پێشکەوتنی تونسیش لە ئاستی دەوڵەتانی دیکەی عەرەب پێشکەوتووترە، بۆیە ئەگەر هێزێکی دیموکراتی کاریگەر لەناو تونس سەرهەڵبدات، ئەوا ئەو گۆڕانکاری و جیاوازییەی لەماوەی ٤٠ ساڵ لوبنان بەخۆیەوە بینیوە، لە تونس لەماوەی چەند ساڵێکدا روودەدات، هەروەها لەبەر ئەوەی لە تونس زەینەلعابدین وەك ئەسۆریتاریانیزم (السلطوی) حکومڕانی کردووە نەك دیکتاتۆر، بۆیە ئەگەر لەسەر ئاستی سیاسیش کرانەوە وەك پێویست نەبووبێت، ئەوا لەسەر ئاستی ئابووری کرانەوەیەکی باش هەبووە و ئەو چینە ناوەندەی لە تونس بوونی هەیە لە وڵاتانی عەرەبی بەو شێوەیە نییە، ئەمانە هەموویان، ئەمەش مانای ئەوەیە زەمینەیەك لە تونس هەیە کە ئاسانتر دەتوانرێت دامەزراوە دەوڵەتییەکانی ئێستای تونس بگۆڕدرێن بۆ دامەزراوەی دیموکراتی و دەوڵەتی ئەسۆریتاریانیزمی ئێستای بن عەلی، ئاسانتر لە دەوڵەتە عەرەبییەکانی دیکە بگۆڕێت بۆ دەوڵەتی یاسا، بەڵام هەموو ئەمانەی ئاماژەمان پێکردن پەیوەست دەبێت بەوەی هێزێکی دیموکراتی کاریگەر کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکات و نەهێڵێت تونس بەرەو پاشا گەردانی هەنگاو هەڵبگرێت، ئەمەش هاووڵاتیانی تونس ناچار بکات بە هێورکردنەوەی ئاگر و ئاسنی سوپا رازی بن و راپەڕینەکەش دابمرکێتەوە.

> لەنێو ئەو جووڵە و باهۆزەی تونس دا هەست بەبوونی هێزێکی دیموکراتیانە ناکرێت کە بتوانێت جڵەوی بارودۆخە ئاڵۆزەکە کۆنترۆڵ بکات

# پسپۆڕێتی پردی پێوەندی نێوان زانایانی ئایینی و رۆشنبیرانە



عەبدولڕەحمان سدیق

سیستەمە شمولی و تۆتالیتارەکانی دەیان ساڵی رابردوو، نەوەیەکی وای بەرهەم هێنا کە هەریەکێکیان لەلای خۆیەوە، خۆی بە هەموو شتێك بزانێت، بەرامبەرەکەیشی بەهیچ!

ئێمە ئەمڕۆ لەسەردەمێکداین کە ئیدی ناکرێت مرۆڤی مەوسووعی تیادا پێ بگات، قسە لەسەر هەموو شتێك بکات، چونکە ئەم سەردەمە سەردەمی پسپۆڕێتییە، بەڵکو سەردەمی پسپۆڕێتی وردە کە تیایدا مرۆڤەکان وەك خاوەن پیشە خۆیان بۆ رووبەرێکی بچووکی بوارێکی ژیان تەرخان دەکەن.

زۆر ئاماژەم بۆ ئەوە کردووە کە نازناوە واتاییەکان پێویستە بەرجەستەبن لە چوارچێوە ماددییەکاندا، بۆ ئەوەی مانای راستەقینەی خۆیان بدەن بەدەستەوە.

بۆ نموونە: نازناوی خوێندەوار سیفەتێکی واتاییە، بەدەرچووی سەرەتایی دەوترێت هەتا دوا قۆناغی خوێندن، کەواتە خوێندەواریی سیفەتێکی واتاییە و لە ژیانی رۆژانەدا مانا نادات بەدەستەوە بۆ ناساندنی ئاستی زانستی خاوەنەکەی تا ئەوکاتەی لە پێگەی خوێندەوارییەوە نەگوازرێتەوە بۆ پیشەی جۆراوجۆری وەك مامۆستا و پارێزەر و ئەندازیار و پزیشك و ....هتد.

زانایی سیفەتێکی واتاییە و پێگەیە، بەڵام کاتێك مانا دەبەخشێت کە دەبێتە پیشە، بۆیە ئێمە لە کتێب و نوسراوە ئاینییەکانی سەردەمی ئەمەوییەکان و عەبباسییەکان و عوسمانییەکاندا زیاتر پیشەی جۆراوجۆر و، پسپۆڕێتی جیاجیا دەبینین نەك نازناوی زانایەتی.

بۆ نموونە بەکۆی هەموو لقەکانی زانستەوە، زانست پێك دێت هەروەها بەکۆی هەموو بوارەکانی رۆشنبیریشەوە، رۆشنبیریی پێك دێت.

بۆیە زانای جاران پسپۆڕ بوو لە بوارێك لە بوارەکانی ئایین و، قسەی لە هەموو لایەنەکانی ئایین نەدەکرد، بۆ نموونە:

زانای جاران یان:

١- موفەسیری قورئان بووە وەك قورتوبی و ئیبن و کەسیر و نەسەفی ...تاد.

٢- یان راویی و حەدیس و فەرموودە بووە، وەك بوخاری و موسلیم و نەساری و ئەبو داود و ترمزی...

٣- یان موئەرریخ بووە، وەك ئیبنو خەلەکان و ئیبنولئەسیر.

٤- یان نەحەوی و زمانزان بووە، وەك سیبەوەی و فەراهیدی .

٥- یان واعیز و ئامۆژگار بووە وەك عەبدولقادری گەیلانی و حەسەنی بەسری.

یان موتەسەوویف بووە، وەك جونەید و کەرخی و مەولانا.

٦- یان فەیلەسووف بووە، وەك فارابی و ئیبنولروشدی.

٧- یان خەونزان بووە، وەك ئیبنوسیرین و نابلوسی....

٨- یان فەقیهو شەرعزان بووە، وەك شافیعی و ئەبوو حەنیفە و مالیك و ئەحمەد..

بەم جۆرەش ئێمە ئەمڕۆ پێویستیمان بە زانای پسپۆڕە لە بوارەکانی زانستە شەرعییەکاندا، چونکە ناکرێت بە هەموو کەس و بە هەر تاکە کەسێکیش بگوترێت زانا، لەبەر ئەوەی زانایەتی لەسەردەمی خۆیدا وردکرابووە بۆ لقەکانی زانستە شەرعییەکان.

هەروەها لە بواری مزگەوتیشدا یەکێك گوتاربێژە، یەکێك ئیمام و پێش نوێژە، یەکێکی دی موئەززین و بانگدەرە، کەسێکی دی خادیم و مجێوری مزگەوتە، بۆیە ناکرێت بە هەموویان بگوترێت زانای ئایینی لەبەر ئەوەی لە مزگەوت و ماڵی خوادا کاردەکەن.

ناکرێت گوتاربێژی مزگەوتێك بتوانێت قسە لەسەر فیقهو خەون لێکدانەوە و تەسەووف و فەلسەفە و مێژوو جوگرافیا و زمان و فەتوا و ئابووریی سەردەم و سیاسەتی نێودەوڵەتی و حوکمرانی وڵات و زانستەکانی فیزیا و پزیشکیی و فەلەکناسیی و دەروونناسی و..تاد بکات و، وا بزانێت لە هەموو ئەمانەشدا قسەکانی ئەو راست و دروستن!!

لە بەرامبەریشدا رۆشنبیریی پێگەیەکی واتاییەو، وشە(رۆشنبیر) یش وشەیەکی واتایی و لاستیکییە و فرە مانایەو، دەکرێت بەشێوەی کۆ بگوترێت رۆشنبیران، بەڵام لە دیاریکردندا ناتوانرێت نازناوی رۆشنبیر بدرێتە هیچ کەسێك.

ئێمە لە رۆژهەڵاتی ئیستای ئیسلامی، رۆژهەڵاتی چەپی جاران لە ئەوروپا زۆرترین نازناوی (رۆشنبیر) مان بەخشییە گشت ئەو کەسانەی کە دەخوێننەوە یان دەنووسن یان قسە دەکەن، بۆیە زۆر جار لە ژێر یان لە تەنیشت ناوی ئەو کەسەوە نووسیمان یان دەنووسین رۆشنبیر، بێئاگا لەوەی کە ئیدی رۆشنبیریش ئێستا بۆتە پسپۆڕێتی لە بوارێکدا نەك رۆشنبیری رەها لە هەموو بوارەکاندا.

ئەو سەردەمە بەسەرچوو، ئەو پێناسەیەش بەسەرچوو کە دەیگوت:

رۆشنبیر کەسێکە شتێك لە هەموو شتێك دەزانێت، هەموو شتێکیش لە شتێك دەزانێت، چونکە لەم سەردەمی عەولەمە و تەقینەوەی زانیاریی و نەمانی سنوور،

هەڵدانی مانگی دەستکرد و رادیۆو تەلەفزیۆن و سەتەلایەت و ئینتەرنێت و سایتی ئەلکترۆنی و سێرچی گوگڵ و فەیس بووك و تویتەر و...تاد، مەحاڵە کەسێك هەبێت شتێك لە هەموو شتێك بزانێت و، هەموو شتێکیش لە شتێك بزانێت!!

رۆشنبیریی وەك زانایی و دانایی، نابێت پێگەبێت، بەڵکو پێویستە پیشەبێت چونکە تۆ بڕوانە ئەم نموونەیە:

ئەگەر لە نێو دە کەسدا بڵێین: کێ نووسەرە بێتە ئەمبەر، کێ پەیامنێرە بێتە ئەوبەر. یان بگوترێت: کێ مامۆستایە، بچێتە ئەوبەر و، کێش ئەندازیارە بێتە ئەمبەر..تاد. ئەوسا لەم حاڵەتانەدا زۆر بە ئاسایی و بێ هەستیاریی دەروونی ئەم دابەشکردن و پۆلێن کردنە ئەنجام دەدرێن، چونکە باسی لە (پیشە) دەکەین نەك(پێگە).

بەڵام ئەگەر بڵێین:

کێ رۆشنبیرە بێتە ئەمبەر، کێش رۆشنبیر نییە بچێتە ئەوبەر ئەوسا دەبینین لێرەدا گرفتێکی گەورە دروست دەبێت، چونکە کەس ئامادە نییە خۆی بە نارۆشنبیر بزانێت، بۆیە دەبینین هەموویان وەك رۆشنبیری دێنە ئەمبەر، هەمان شتیشە گەر بڵێین کێ زانایە بێتە ئەمبەر کێش نەزانە، بچێتە ئەوبەر، چونکە ئامادە نییە خۆی بە نەزان پۆلێن بکات، هەمان شتیش روودەدات گەر بڵێین کێ ژیرە؟

کێ دانایە؟ کێ جوانە؟ کێ شارەزایە..؟ چونکە ئەمانە هەمووی سیفەتی واتایین وەك رۆشنبیریی و رۆشنبیر، لە هەمان کاتیشدا ئەمانە(پێگە) ن نەك(پیشە).

بۆیە پێویستە(رۆشنبیریی ) یش وەك(زانایی ) لە پێگەوە بکرێتە پیشەو، وردبکرێتەوە بۆ بوارەکانی، بۆ نموونە:

ئەوەی دەنووسێت، نووسەرە، ئەوەی لە رۆژنامەدا دەنووسێت رۆژنامەنووسە، ئەوەی کتێب دەنووسێت، دانەرە، ئەوەی دەخوێنێتەوە خوێنەرە، ئەوەی شیعر دەڵێت شاعیرە، هەروەهاش بۆ ئەوانی دی وەك چیرۆکنووس و رۆماننووس و، سەرنووسەرو بەڕێوەبەری نووسین و ئەندامی دەستەی نووسەران و پەیامنێر و گۆشەنووس.

هونەرمەندانیش هەروەها یان شێوەکار، فۆتۆکارە، ئەکتەرە، شانۆکارە، دەرهێنەرە، سیناریستە، مۆنتێرە، وێنەگرە...تادوایی.

ئەورووپای رۆژئاوا خۆی لە نازناوە شموولییەکان رزگارکرد، بۆیە لە پاڵ ناوی هەر کەسێکدا نازناوێکی پیشەیی وەك ئەوانەی باسمان کردن دادەنێت نەك نازناوی واتایی وەك: دانا، زانا، رووناکبیر، رۆشنبیر...

لەم حاڵەتەشدا ئەگەر(زانایان) و(رۆشنبیران) پەیڕەوی پسپۆڕیتی بکەن و لە بواری شارەزابوونی خۆیاندا قسە بکەن، ئەوسا بەپێی، پسپۆڕیتی خۆیان کەمتر هەڵە دەکەن و، بۆچوونەکانیشیان راستتر دەبێت و، پێویستی زۆریشیان بەیەکتر دەبێت.

بەڵام کاتێك زانا لەلایەك و، رۆشنبیر لەلایەکەوە، هەریەکەیان وابزانن هەموو شتێك دەزانن، ئەوسا کەسیان پێویستییان بەوی دیکەیان نابێت، لە یەکتریش دەکەونە قسەی خراپ، وەك ئەوەی کەماوە نا ماوەیەك روودەدات.

پسپۆڕیتی، پسپۆڕیی ورد، وای فێرکردین کە ئەندازیاریی وەك زانست دابەش دەبێت بۆ بەشەکانی تەلار سازیی و بیناسازیی و میکانیك و کارەبا و شارستانی. دواتریش بەشی شارستانی چەندین پسپۆڕیتی وردی لێکەوتەوە وەك رێگەوبان و خانووبەرە و ژینگە، دواتر ژینگەش پسپۆڕیتی وردتری لێکەوتەوە، وەك هەوا، ئاو، خاك. ..تاد.

لێرەوە پێشنیارێك بۆ یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان بە پێویستییەکی سەردەم دەزانم، کە یەکێتی زانایان، لە نێو خۆیاندا لیژنەی هەمیشەیی پسپۆڕیان هەبێت لەسەر ئاستی باڵا، لەسەر ئاستی پارێزگاکان و، زانایانیش بە ئارەزوومەندانە لە یەکێك لەو لیژنانەدابن و، لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا وەك زانایانی پێشووی سەردەمی زێڕین، دەبنە شارەزا و پسپۆڕ لەو بوار و لیژنەیەی کە کاری تێدا دەکەن لە ئەنجامی خوێندنەوەی بەردەوام و خۆ رۆشنبیرکردن لە بوارێك و لە لقێك لە لقەکانی زانستە شەرعییەکاندا.

ئەو لیژنانەش دەکرێت بەمشێوەیەبن:

لیژنەی تەفسیر، لیژنەی فەرموودە، لیژنەی مێژوو، لیژنەی فەتوا، لیژنەی لێکدانەوەی خەون، لیژنەی فیقە، لیژنەی زمانزانی، لیژنەی تەسەووف، لیژنەی فەلسەفە، لیژنەی کێشەکانی ئافرەتان، لیژنەی ئابووریی، لیژنەی کۆمەڵایەتی و خێزان، لیژنەی تەندروستی و ژینگە..تاد.

چونکە سوپاس بۆ خوا ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایانی بەڕێز لە نێو یەکێتی زانایاندا هەن و، هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا بوونیان هەیە، ناکرێت هەموویان بە زانستێکی کەم رازیی بن، چونکە بەو کەمە ناتوانن وەڵامی پرسیارەکانی خەڵك بدەنەوە، ناشتوانن رووبەرووی کێشە نوێ و گرفتە ئاڵۆزەکانی سەردەم ببنەوە.

پێشنیاریشم بۆ(رۆشنبیران) ئەوەیە کە بە هەمان شێوە و بەپێی سەندیکا و یەکێتی و سەنتەرەکانیان، بپەڕنەوە لە گشتیەوە بەرەو پسپۆڕیتی، بەتایبەت بۆ ئەوانەیان کە قسە لە بارەی ئایینەوە دەکەن، پێویستە شارەزابن لەو بوارە ئایینییەی کە قسەی تێدا دەکەن، ئەگەر شارەزابن لەو بوارە ئایینییەی کە حەز بە چارەسەرکردنیان دەکەن. ئەمڕۆش وەك جاران هەموومان پێویستیەکی زۆرمان بەوە هەیە کە بە زمانی شیرین و بە نیەتی پاك و رەوشتی چاك و بە بیری رووناك قسەو ئاخاوتنەکانمان جوان بکەین و، قسە و وشە ئاراستەی یەکدی بکەین و، بە قسە و وشەی جوانیش وەڵامی یەکدی بدەینەوە.

پێویستە کەلتوورێکی نوێ دابێنین لە حیوار و دایەلۆگدا، نابێت لە جیاتی وشە بەرد بگرینە یەکتر، نابێت لە جیاتی نور و رووناکی، بەرق بگرینە بەرامبەر.

ژیان خۆشە. ژیان هەڵێکە و یەکجار دەژین، با پردێك لە نێوان هەموو دوو کەنارێکدا دروست بکەین، بپەڕینەوە لای یەکدی ئەوسا باشتر لە یەکدی دەگەین و جوانتر قسە دەکەین و خۆشتریش دەژین.



## میدیای ئازاد و مۆڕاڵی رۆژنامەگەری پرۆفیشناڵ

# لە دیموکراتییە تازەکان و دەوڵەتانی پۆست کۆمونیستدا بۆشایی مۆراڵی پیشەیی رۆژنامەگەری هەیە و نەتوانراوە پڕبکرێتەوە




((ئەو دەوڵەتانەی دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت دەستیانکرد بە پرۆسەی دیموکراتی و کرانەوە و میدیای ئازاد، لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٩٠)ەکانەوە، سانسۆری دەوڵەتیان لەسەر میدیا هەڵگرت، بەڵام نەیانتوانی یاسایەکی تازە بۆ رێکخستنی میدیا وەک بەدیل دابڕێژن، هەربۆیە بۆشاییەکی مۆڕاڵی پرۆفیشنالی لەکاری ماس میدیادا دەرکەوت، رۆژنامەنووسان بەوجۆرە تەرجەمەی ئازادی رۆژنامەگەریان دەکرد وەک ئەوەی ئازادی رەها بێت هیچ رێکخستنێکی پێویست نەبێت، هەربۆیە ئەم حاڵەتە بووە هۆکاری ئەوەی ژینگەیەکی نالەباری ئەوتۆ دروست بێت، ئازادی وەک ئازادی رەها پێناسە بکرێت و هیچ پێویست نەبێت ئەوە لەبەرچاوبگیرێت چی دەڵێن و چۆن دەیڵێن، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی بەشێوەیەکی پراکتیکی مۆڕالی کاری رۆژنامەگەری پرۆفیشناڵ پێشێلبکرێت و وایکرد هاووڵاتیان متمانەیان بە میدیا کەمبێتەوەو، هەروەها بووە هۆکاری ئەوەی بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەندێک حاڵەتی ئەو پێشێلکاریانە رێگەی دادگا بگیرێتە بەر، بێگومان ماوەی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە مۆڕاڵیە لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت، هەربۆیە لە وڵاتانی پۆست کۆمونیست نەک هەر بۆ راستکردنەوەی ئەم بارودۆخە پەنایان بۆ یاسا بردووە بۆ ئەوەی بارودۆخەکە رێکبخاتەوە، بووە هۆکاری ئەوەی لەزۆر وڵاتدا دەوڵەت ناچار بێت دەستێوەردان بکات)).



پرۆفیسۆر ئێپ لەیوک
زانکۆی تارتو –ئیستۆنیا



کاتێك دەوڵەت گەرەنتی ئازادی و گەیشتن بەسەرچاوەی زانیاری بۆ ڕۆژنامەنووسان دابین دەکات، ئەمە ئیمتیازێك نییە دەوڵەت بە ڕۆژنامەنووسانی دەبەخشێت، بەڵکو ئەمە نیشانەی پابەندبوونی دەوڵەتە بۆ ئەوەی ئازادی بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە بەکاربهێنرێت بۆ پێشکەوتنی دیموکراتی و کۆمەڵگەی مەدەنی، هەربۆیە کاتێك ئەم مافانە بۆ ڕۆژنامەنووسان فەراهەمدەکرێت، گرنگە ڕۆژنامەنووسانیش لە چوارچێوەی بەها مۆراڵییەکانی کاری ڕۆژنامەگەری پرۆفیشناڵ مامەڵە لەگەڵ ئازادی و سەرچاوەی زانیارییەکان بکەن، کەواتە چۆن فەراهەمکردنی ئازادی و ئازادکردنی سەرچاوەکانی زانیاری ئیمتیازێك نییە دەسەڵات بیداتە ڕۆژنامەنووسان، بەهەمان شێوە پابەندبوونی ڕۆژنامەنووسانیش بە مۆڕاڵ و ڕەفتاری ڕۆژنامەگەری پرۆفیشناڵەوە دەبێتە

**کاتێك دەوڵەت گەرەنتی ئازادی و گەیشتن بەسەرچاوەی زانیاری بۆ ڕۆژنامەنووسان دابین دەکات، ئەمە نیشانەی پابەندبوونی دەوڵەتە بۆ ئەوەی ئازادی بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە بەکاربهێنرێت بۆ پێشکەوتنی دیموکراتی و کۆمەڵگەی مەدەنی**

ئەرکێك لەسەر شانی ڕۆژنامەنووسی بەرپرسیار بۆ ئەوەی ژینگەی بەرەو پێشەچوونی دیموکراتی و کۆمەڵگەی مەدەنی لەو کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووانەدا نەگۆڕدرێت بۆ ژینگەیەك کە سەرەنجام بە سلبی بۆ پرۆسە دیموکراتیەکە بشکێتەوە، خاتوو ئیپ لەیوك (Epp Lauk) ئوستادی ڕۆژنامەگەری لە زانکۆی یوفاسکولا (Jyväskylä) لە فینلنەدا و تۆژەر لە ئامۆژگای ڕۆژنامەگەری و پێوەندییەکان لە زانکۆی تارتۆی ئیستۆنیا، لەدیراسەتێکدا بەناونیشانی (ئازادی بۆ هۆیەکانی ڕاگەیاندن: ئەخلاقی ڕۆژنامەگەری لە ئیستۆنیا - Freedom for the media? (Issues of journalism ethics in Estonia ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات دەوڵەتە تازەکانی پۆست کۆمونیست ئەزموونێکی کەمیان لەگەڵ میدیای ئازاد و بازاڕی ئازادی ئابووری و حکومڕانی دیموکراتی هەیە، هەر بۆیە پەرەپێدانی میدیاش لەم وڵاتانە ڕێگەی جیاوازی گرتۆتە بەر، بەڵام ئەوەی پرۆفیسۆر لەیوك لە باسەکەیدا زیاتر جەختی لەسەر دەکاتەوە کە ئەو دەوڵەتانەی بەشێك بوون لە یەکێتی سوڤێیەتی پێشان و دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت دروست بوون وەك (مۆڵداڤیا، بیلاروس، ڕوسیای فیدرالی، ئۆکرانیا) لەم وڵاتانە میدیای ئازاد گەشەی تەواوی بەخۆیەوە نەبینیووە، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی کە پۆست کۆمونیستن و بەشێك نەبوون لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو وەك (پۆڵەندا و ڕۆمانیا و کۆماری چیك و بولگاریا) لەم وڵاتانە تاراددەیەکی فراوان ئازادی ڕۆژنامەگەری پەرەی سەندووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەزموونی ئەم دەوڵەتانەش لەگەڵ میدیای ئازاد و دیموکراتی باش کامڵنەبووە، دەبینن میدیا بە ئاستێکی بەرپرسیارانە و لە چوارچێوەی مۆراڵی پرۆفیشناڵی ڕۆژنامەگەری مامەڵەی لەگەڵ ئەو ئازادییە فراوانە نەکردووە، بۆیە زۆر جار دەوڵەت ناچار بووە پەنا بۆ دادگا بەرێت، بەڵام لە هەندێك دەوڵەتی دیکەی پۆست کۆمونیست، کە پرۆسەی دیموکراتی هەنگاوی باشتری هەڵگرتووە و نزیك بۆتەوە لەکامڵبوون، دەبینین میدیاش گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ دامەزراوە دیموکراتییەکان بکات، وەك دەوڵەتەکانی (سلۆفاکیا، ئیستۆنیا، لیتوانیا)، لەم وڵاتانە هۆیەکانی ڕاگەیاندن تاراددەیەکی زۆر باش توانیویانە خۆیان لە هێزە

**دەوڵەتە تازەکانی پۆست کۆمونیست ئەزموونێکی کەمیان لەگەڵ میدیای ئازاد و بازاڕی ئازادی ئابووری و حکومڕانی دیموکراتی هەیە. هەر بۆیە پەرەپێدانی میدیاش لەم وڵاتانە ڕێگەی جیاوازی گرتۆتە بەر**



سیاسییەکان و حکومەتیش دوور بکەنەوە و وەك میدیای رۆژئاوا رۆڵی چاودێری سیاسیش لە کۆمەڵگەدا بگێڕن، هەربۆیە پرۆفیسۆر لەیوك کاتێك باسی فەراهەمکردنی ئازادی رادەربڕین دەکات وەك هۆکارێك بۆ پەرەپێدان و کامڵبوونی میدیا لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو یان وڵاتانی پۆست کۆمونیست کە هەتا ئێستا لە قۆناغی ئینتیقالین، زۆر بەراشکاوی جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە بەتەنیا ئازادی رادەربڕین بۆ ریفۆرم و پەرەپێدانی میدیا بەس نییە، بەڵکو لەمە گرنگتر ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئازادی رادەربڕین دەکرێت، ئایا ئازادی رادەربڕین وەك ئازادییەکی رەها بەکاردەهێنرێت بەبێ ئەوەی هیچ شتێك لەبەرچاوبگیرێت، چی دەڵێین و چۆن دەیڵێین، یان دەبێت چوارچێوەیەك هەبێت بۆ ئەوەی رۆژنامەنووس بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ ئازادی رادەربڕین بکات و بزانێت چی

**رۆژنامەنووسان تەنیا ئەو کەسانە نین کە دەستەکانیان بەمەرەکەبی چاپخانەکان پیس دەبێت و هەرچی بەردەستیان دەکەوێت بڵاوی بکەنەوە، کاری رۆژنامەگەری زانست و هونەرە، رۆژنامەگەری باش کەلیێکی ئازاد بەرهەم دەهێنێت**

دەنووسێت و چۆن دەینووسێت، لەمەش گرنگتر ئەوەیە رۆژنامەنووس وەك رۆژنامەنووسێکی پرۆفیشناڵ لەوەش هۆشیار بێت بەچ ئامانجێك دەینووسێت، بێگومان پرۆفیسۆر لەیوك لە دیراسەکەیدا لەوە خافڵگیر نەبووە، کە پێویستە مۆراڵی پرۆفیشناڵی رۆژنامەگەری ببێتە چوارچێوەیەك بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ ئازادی رادەربڕین و زانیارییەکان بکرێت، بەڵکو ئاماژە بەوە دەکات، زۆرجار رۆژنامەنووسان بە پراکتیکی مۆراڵ و سلوکی کاری پرۆفیشناڵی پێشێلدەکەن، بۆیە لەو وڵاتانە پێویستە یاسایەك هەبێت بۆ ئەوەی ئەو پێشلکارییانە رێگەی لێبگیرێت.

لێرەوە موناقەشەکە لەو بازنەیە دێتە دەرەوە بەرگری لە دەوڵەت بکرێت بۆ دانانەوەی سانسۆر لەسەر ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی رادەربڕین، یان موناقەشەکە لەوە دێتە دەرەوە مەودای ئازادی رادەربڕین تەسکبکرێتەوە، نەخێر مەسەلەکە ئاراستەیەکی دیکە دەگرێت کە دەکرێت بە دووخاڵ ئاماژەیان پێبکەین:

١- رێزگرتن لە ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی رادەربڕین و پیادەکردنی بەشێوەیەکی تەندروست.

٢- رێزگرتن لە مۆراڵ و سلوکی کاری رۆژنامەگەری پرۆفیشناڵ و رێگەنەدان بە پێشێلکردنی ئەو مۆرال و سلوکە لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە.

**کاریگەری میدیا**

**لەسەر دامەزراوە دیموکراتییەکان**

تۆماس جیفرسۆن سەرۆکی سێهەمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەبارەت بە میدیای ئازاد دەڵێت ((ئەگەر سەرپشك بکرێم لەنێوان میدیای ئازاد و پەرلەمانی ئازاددا یەکێکیان هەڵبژێرم، ئەوا میدیای ئازاد هەڵدەبژێرم)). پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا مەبەست لە میدیای ئازاد چییە؟ بێگومان مەبەست لە میدیای ئازاد پیادەکردنی ئەو ئازادییە کە لە بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکادا خودی جیفرسۆن نووسیوییەتی و، ئیلهامی لە سەردەمی رۆشنگەری ئەورووپا وەرگرتووە و ئازادی بەمانای لیبرالیزم بەکارهێناوە بەوەی مرۆڤ تا ئەو ئاستە ئازادە، ئازادی خەڵکانی دیکە پێشێل نەکات، راشکاوانەتر واتە ئەو ئازادییەی کە یاساکانی دەستووری لیبرالی رێکیان دەخات و دەیان پارێزێت، بەو مانایەی ئەبراهام نکۆڵن

**داهاتووی ئازادی لەکوردستان، دەکەوێتە سەرشانی نەوەی ئێستا و نەوەکانی داهاتووی رۆژنامەنووسانی بویری کوردستان، کە بوار نەدەن مۆراڵی کاری پرۆفیشناڵی رۆژنامەگەری پێشێلبکرێت**

بەکاری هێناوە، کە ئازادی مانای ئازادبوونی سپی پێستەکانی ئەمریکا نییە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا، بەڵکو ئازادی مانای ئەوەیە کە ئەمریکییەکان بە رەش و سپییەوە ئازاد بن، ئازادی بەو مانایەی کە وۆردرۆ ویلسۆن بەکاری هێناوە و پێیوابووە بەبێ ئازادی ئاشتی و ئاسایش لە جیهاندا دروست نابێت و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش پێشنیاری دروستکردنی کۆمەڵەی گەلانی پێشکەشی کۆنگرێس کرد و خەڵاتی نۆبڵی ئازادی لەساڵی ١٩١٩ پێبەخشرا، بەڵام ئەگەر بپرسین ئایا جیفرسۆن بۆچی میدیای ئازاد لە پەرلەمانێکی ئازاد بە گرنگتر دەزانێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە لەبەر ئەوەی میدیای ئازاد چاوی ئێشکگرە بۆ پاراستنی ئەو ئازادییەی کە سیستەمی لیبرالیزمی ئەمریکای لەسەر بونیاد نراوە، هەربۆیە ئەگەر سیستەمی لیبرالی پارێزراو بێت، کۆمەڵگە پێویستی بە پەرلەمان نابێت، یان ئەگەر نەشبێت میدیای ئازاد دەتوانێت دروستی بکات، کەواتە هەموو ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانی دەوڵەتانی لیبرالییەوە دەردەچن، بۆ پاراستنی سیستەمە لیبرالییەکەیە، بەڵام ئەگەر دیسان پرسیار بکەینەوە، ئایا سیستەمی لیبرالی بێ کەموکورتیە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە کارل پۆپەر دەڵێت ئەمە سیستەمێکی باش نییە، بەڵام بەهەموو ئەو کەموکورتیانەشی کەهەیەتی هەتا ئێستا مرۆڤایەتی لەم سیستەمەی باشتر بۆ حکومڕانی و پاراستنی ئازادییەکانی تاک لەناو کۆمەڵگە بەرهەم نەهێناوە، بەمانایەکی دیکە واتە سیستەمی لیبرالی بوار بە ئاستێك بە رەخنە دەدات هەموو پیرۆزییەکانی دەسەڵات دەخاتە ژێر پرسیارەوە، لێرەدا ئەگەر بپرسینەوە، ئایا رۆژنامەنووسانی ئەمریکا توانیان رۆژنامەگەری وەك ئەو ئاستەی جیفرسۆن ئومێدی بۆ دەخواست، پیادەبکەن و سیستەمی لیبرالی ئەمریکا بپارێزن؟ بێگومان دەتوانین بڵێین نەخێر، لەبەر ئەوەی رۆژنامەنووسانی ئەمریکاش بەهەمان شێوەی رۆژنامەنووسانی ئێستای دەوڵەتانی پۆست کۆمونیست و دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو، ئەو ئازادییەیان خراپ بەکارهێنا و رۆژنامەگەری لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم گەیشتە ئەو ئاستەی کە جۆن پۆلیتزر خاوەنی رۆژنامەی نیویۆرك وۆرڵد، ئەمریکییەکان لە مەترسییەکانی داهاتووی کۆماری ئەمریکا ئاگادار بکاتەوە، بەوەی رۆژنامەنووسان تەنیا ئەو کەسانە نین کە دەستەکانیان بەمەرەکەبی چاپخانەکان پیس دەبێت و هەرچی بەردەستیان دەکەوێت بڵاوی بکەنەوە، بەڵکو جەختی لەسەر ئەوە کردووە کاری رۆژنامەگەری زانست و هونەرە، دەبێت رۆژنامەگەری بەشێوەیەکی زانستی و هونەریانە رۆڵی خۆی لە کۆمەڵگە ئەدا بکات و رۆژنامەگەری باش گەلێکی ئازاد بەرهەم دەهێنێت و رۆژنامەگەری خراپ گەلێکی خراپ بەرهەمدەهێنێت، هەربۆیە پێشنیاری بۆ زانکۆی کۆلۆمبیا کرد کە ئامادەیە هەموو سەروەت و سامانی خۆی تەرخانبکات لەپێناوی ئەوەی زانکۆی کۆلۆمبیا کۆلێژی رۆژنامەگەری بکاتەوە، هەربۆیە ئێستاش لەسەر خەڵاتی پۆلیتزر کەساڵانە دەردێتە باشترین کاری رۆژنامەوانی نووسراوە، (داهاتووی کۆمارەکەمان لەگەڵ داهاتووی رۆژنامەگەریمان هاو چارەنووسن و داهاتوومان لەبەر دەستی نەوە رۆژنامەنووسە بوێرەکانی داهاتوومانەوەیە)، ئەم باکگراوندە گرنگ بوو بۆ ئەوەی بتوانین راشکاوانە لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ ئازادی لە بواری کاری رۆژنامەگەری هەڵبسەنگێنین، هەروەها بۆ ئەوەی بەرچاومان روون بێت، کە مەبەست لەم هەڵسەنگاندنە سەرکۆنەکردن، یان بێ بایەخکردنی رۆڵی میدیا نییە، بەڵکو مەبەست پیشاندانی رۆڵ و کاریگەری میدیایە لە کۆمەڵگەی دیموکراتی و جەختکردنە لەسەر ئەوەی لە وڵاتێکدا ئازادی رادەربڕین و ئازادی رۆژنامەگەری نەبێت، لەو وڵاتەدا دیموکراتیش نییە. کەواتە ئەم راپۆرتە هەنگاوێکە بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەکان و رێزگرتن لە مۆرلی کاری پرۆفیشناڵی رۆژنامەگەری، بۆ ئەوەیە کاتێك دەستنیشانی هەڵە و کەموکورتییەکانی باری رۆژنامەگەری خۆمان دەکەین، هەست بکەین کە لەو کاتەوەی میدیا وەك دەسەڵاتی چوارەم هاتۆتە ناو کایەی ژیانی هاووڵاتییان لە سیستەمە لیبرالییەکاندا، چۆن سیستەمە لیبرالیەکان بێ کەموکورتی نەبوون، بەهەمان شێوە پێکهاتەکانی دیکەی ناو ئەو سیستەمەش، وەك (پارتە سیاسییەکان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بزنسمان و خاوەن کۆمپانیاکان، رۆژنامەگەری و رێکخراوە ناحکومییەکان) هەموویان بەشی خۆیان کەموکورتیان هەبووە و تەنانەت سیستەمی لیبرالیزم هەتا تەواو کامڵبوو و توانی دیموکراتی لیبرالی بەرێگەی دامەزراوەکان پیادە بکات، چەند سەدەیەکی پێویست بووە و ئێستاش بووەتە ئەو سیستەمەی مرۆڤایەتی شانازی پێوەدەکات و وەك پارێزەری ئازادییەکان سەیری دەکات، کەواتە دیسان گرنگە چوارچێوەیەك بۆ پێناسەی ئازادی و ئازادی رۆژنامەگەری دیاری بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین موناقەشەیەکی هاوسەنگ بکەین، ئەو چوارچێوەیەش بە میتۆدی ئەم راپۆرتە چەسپاندن و پابەند بوونە بە بنەماکانی لیبرالیزم، نەك خۆ فریودان بە لاساییکردنەوەی لیبرال دیموکراتی، ئەو جیاوازییە ئەم راپۆرتە لە نێوان لیبرالیزم و لیبرال دیموکراتی دروستی دەکات، دژایەتیکردن یان پیشاندانی خراپی لیبرال دیموکراتی نییە، بەڵکو گەیشتنە بەو قەناعەتەی کە وەك فەرید زەکەریا سەرنووسەری نیوزویك لە کتێبی داهاتووی ئازادی راشکاوانە ئاماژەی پێکردووە، ئەوەیە دەبێت دەوڵەت خاوەنی دەستوورێکی مەدەنی لیبرالی بێت، ئەوجا دەتوانێت هەنگاو بۆ لیبرال دیموکراتی هەڵبگرێت، ئەمەش واتە لە لیبرالیزمەوە هەنگاو هەڵدەگیرێت بۆ بونیادی لیبرال دیموکراتی، نەك لە پیادەکردنی دیموکراتی و هەڵبژاردنی ئازادەوە بنەماکانی لیبرالیزم بچەسپێنین، ئەم دیاردەیە راشکاوانە لە جیاوازی ئاستی پێشکەوتنی دیموکراتی لە وڵاتانی پۆست کۆمونیست هەستی پێدەکرێت(وەك لە دێرەکانی پێشتری ئەم راپۆرتە ئاماژەمان پێکرد) جیاوازی لیتوانیا و مۆڵداڤیا ئەوەیە لە لیتوانیا بنەماکانی لیبرالیزم بوونی هەبووە، بەڵام لە بیلاروس و روسیا و مۆڵداڤیا بوونی نەبووە، گەڕانەوە بۆ بنەماکانی لیبرالیزم ئەو سنووورەمان بۆ دادەنێت کە شەڕە بۆکس و تێکبەربوونی ئەندامانی پەرلەمانەکانی ژاپۆن یان مەکسیك یان ئەرژەنتین، بە ئازادی و دیموکراتی بۆ هاووڵاتی خۆمان تەرجەمە نەکەین و گرنگە ئاماژە بەوە بکەین ئەو شەڕە بۆکس و تێکبەربوونەی پەرلەمانتارانی ئەو وڵاتانە نیشانەی ئەوەیە هێشتا ئەو دەوڵەتانە نەگەیشتوونە ئەو ئاستەی پێیان بگوترێت لیبرال دیموکراتی و هەتا ئێستاش لەو وڵاتانە حزبەکانی حکومڕانی بە شێوەیەکی راست دیموکراتی پیادە دەکەن نە حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیش بە شێوەیەکی راست بەرنامەی بەدیل پێشکەشی هاووڵاتیان و دەنگدەران دەکەن، ئەگەر وانییە، با رۆژێك ئەو شەڕە بۆکس و تێکبەربوونە لە پەرلەمانێك روودبدات کە سەلماندویەتی دەتوانێت بنەماکانی لیبرالیزم و دیموکراتی پێکەوە گرێبداتەوە، وەك پەرلەمانەکانی (هۆڵەندا، ئەڵمانیا، بەریتانیا، ئەمریکا...تاد)، ئەوجا ئەگەر لێرەوە بێینە سەر کاریگەری میدیا لەپتەوکردن و رێزگرتنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی، ئەوا وەك هەردوو پرۆفیسۆر (کریستۆ فەر کۆین لە زانکۆی ڤیرجینیا و پیتەر لیسۆن لە زانکۆی جۆرج ماسۆن) لەدیراسەتێکی هاوبەشدا بەناونیشانی (میدیا وەك میکانیزمێك بۆ گۆڕینی دامەزراوەکان و پشتگیری کردنی - Media as a Mechanism of Institutional Change and Reinforcement) ئاماژەیان پێکردووە و بۆ ئەم دیراسەتە نموونەی پۆڵەندا و رووسیا وەرگیراون، ئەمەش بەو مانایەی هەردوو


پرۆفیسـۆر دەیانەوێت ئەو جیاوازیانە بخەنە روو کە کاریگەری میدیا لەسەر دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی لە رووسیا بەو ئاستە کاریگەر نەبووە، بەڵام لە پۆڵەندا سەرکەوتوتر بووە، لەم چوارچێوەیەدا کاریگـەری میدیا بەسەر سـێ تەوەردا دەسنیشان دەکەن:

١- میدیـا دەتوانێـت بـە شێوەیەکی تەدریجی دامەزراوەکان بگۆڕێت، ئەمـەش بەرێگەی ئەوەی بیری تازە، مانای تازە، بەدیلی تازە بخاتە بەردەسـتی تاکەکانی ناو دامەزراوەکان، ئەمە بەشێوەیەکی گەوهەری دامەزراوەکان ناگۆڕێت، بەڵکو پەراوێزێك لەریفۆرم دروست دەکات، ئەمەش واتە گۆڕینی تەدریجی.(gradual effect)

٢- میدیا دەتوانێـت گۆڕانکاری ریشـەیی خێـرا لـە دامەزراوەکاندا بکات، بەرێگەی بواردان بە میدیا بۆ ئەوەی خاڵە موحریجەکان دەستنیشان بکرێن بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی سەرەکی رووبدات، ئەمە پێی دەگوترێت کاریگەری میدیا لەدەستنیشـانکردنی خاڵەکان (punctuation effect)

٣- کاتێـك دامەزراوەی نـوێ دێتە ئاراوە میدیا پشـتگیری دامـەزراوە نوێیەکە دەکات و هەوڵـدەدات دامەزراوە تازەکـە بەهێز بێت، ئەمجۆرە میدیایەش پێی دەگوترێت کاریگەری میدیا بۆ پشتگیری دامەزراوەکانی دیموکراتی (reinforcement effect).

هـەردوو پرۆفیسـۆر لیسـۆن و کۆین لەم پۆلێنکردنەیـان بۆ رۆڵی میدیـا لە وڵاتانی پۆست کۆمونیست، هەوڵێکە بۆ چارەسەرکردنی ئیشـکالیەتی پەیوەنـدی نێوان دامـەزراوەکان و کاریگـەری میدیـا، ئەمە بـەو مانایەی کـە گرنگە میـدکاران لەو راسـتیە تێبگەن، دیموکراتی واتە سیستەمی دامەزراوەیی، ئامانج لە رەخنەکانی میدیا بەهێزکردن و پڕکردنەوەی کەموکورتییەکانـی دامەزراوەکانـە بۆ ئەوەی دامـەزراوەکان پتەو و بەهێز بـن، هەروەها ئەم دیراسـەتە بەو مانایەیە کە گرنگە بەرپرسانی پۆستە گشتیەکانیش لەو راستیە تێبگەن بەبێ چاودێری میدیا ناتوانرێت دامەزراوەکان بەهێز و پتەو بن، کەواتە لەم باسـەدا ئیشکالیەتی نێوان ماس میدیا و دامەزراوەکان چارەسەر دەکات و ئامانجی بونیادی دامـەزراوەی پتەو و بەهێز دەکاتە ئامانجی میدیاکاران و بەرپرسانی پۆستە گشـتییەکان، لەمبارەوە بەدەق لە دیراسەکەدا




هاتووە: (ئەم دیراسـەتەی ئێمـە ئەو پێوەندییە هاودژییەی نێوان ماس میدیا و دامەزراوەکان دیـاری دەکات، کە تیایدا میدیـا لە هەردوو گۆڕانکەریەکە(تەدریجی و ریشـەیی) رۆڵی خـۆی دەگێڕێت و لەهەمانکاتدا پشـتگیری دامەزروەکانیش دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەوئیشکالیەتەی نێوان دامەزارەوەکان و میدیا چارەسەر بێت، واتە دامەزراوەکان پتەو و بەهێز دەبن و میدیاش رۆڵی چاودێر دەگێڕێت. بۆ تیشك خستنەسەر ئەم باسە، باسی ئەزموونی پۆڵەندا و رووسیا دەکەین، لە هەردوو حاڵەتەکەدا گۆڕانکارییەکان بەرێگەی میدیای تەدریجی بووە، پاشـان خێراو ریشـەیی بـووە، ئەمەش بەرێگەی وروژاندنی خاڵـە موحریجەکانیان و سـەرەنجامیش هاوسـەنگی لەنێوان دامەزراوە دروست بۆتەوە، میدیاش پشتگیری لێکردووە، هەر بۆیە ئەم باسـە بایەخێکـی تایبەتی بەو هۆکارانە دەدات کە کاریگەری لەسـەر توانای میدیا هەبووە لەسـەر گۆڕین و پشـتگیری دامەزراوەکان).

ئەگەر سەرنج لە هەردوو توێژینەوەکە بدەین کە لەم راپۆرتە ئاماژەمان پێکردوون، دەبینین:

١- دووحاڵەت لەیەکتری جیاکراونەتەوە، کە بریتین لە میدیای بەرپرسیار کە پابەندە بە مۆراڵ و سلوکی کاری پرۆفیشناڵی رۆژنامەگەرییەوە و هەروەها ئەو میدیاکارانەی مۆراڵ و سلوکی پرۆفیشناڵی پێشیل دەکەن.

٢- میدیا و دامـەزراوەکان یەك ئامانجیان هەیە، ئەو بەهێزی دامەزراوەکانی سیسـتەمی دیموکراتیە، بۆیـە کاتێك دامەزراوەکان لاوازبن سەرەتا میدیا بۆچوونی تازە و فیکرەی بەدیل دەخاتە بەردەستی بەرپرسانی پۆستە گشتییەکان بۆ ئەوەی بیرکردنەوەی خۆیان بۆ هەڵسوڕاندنی دامەزراوەکان بگۆڕن، پاشان خاڵە موحریجەکان دەوروژێنێـت، بۆ ئـەوەی دامـەزراوەکان لە دامـەزراوەی لاوازەوە بگۆڕێن بۆ دامەزراوەی بەهێز.

تێگەیشتن لەم دووخاڵە لەلایەن بەرپرسانی پۆستە گشـتییەکان و میدیاکاران و رۆژنامەنووسانەوە، ئیشـکالیەت و بوونی هەستیاری لەنێوان کاری رۆژنامەگەری و دامەزراوەکان هێور دەکاتەوە، بێگومـان بـۆ ئـەو دەوڵەتانەی کـەوەك ئێستای هەرێمی کوردسـتان لـە قۆناغی ئینتیقالین بۆ گەیشـتن بە پرۆسـەیەکی دیموکراتی کامڵ، ئامانجـی هەموو لایەك لەو ئاراستەیە چڕدەبێتەوە کە ئەو ئاستەنگانە لابەرین کـە دەبنە رێگر لەبەردەم گەیشـتن بە دیموکراتیەکـی شایسـتە، هەربۆیە لەم چوارچێوەیـەدا ئەرکـی میدیـا لەهەموو دامـەزراوە و پێکهاتەکانی دەوڵەتی دیموکراتی قورستر دەبێت و داهاتووی پرۆسە دیموکراتیەکە و داهاتـووی ئازادی لەکوردسـتان، وەك جۆن پۆلیزتر پیش زیاتـر لە ١٠٠ ئاماژەی پێکردووە دەکەوێتە سەرشـانی نەوەی ئێسـتا و نەوەکانی داهاتووی رۆژنامەنووسانی بوێری کوردستانەوە، بێگومان بوێری رۆژنامەنووسانیش بەو مانایەی کە خودی رۆژنامەنووسـان بوار نەدەن مۆڕالی کاری پرۆفیشناڵی رۆژنامەگەری پێشێلبکرێت، ئەم مەسـەلەیە وەك هەر مەسەلەیەکی دیکەی گرنگـی کۆمەڵگـە لەبەرچـاو بگـرن، کە رۆژنامەگەری ئەو کاتە کاریگەر و بوێر دەبێت، کـە بتوانێت لەچوارچێوەی مۆڕاڵ و سـلوکی پرۆفیشناڵیەوە چاودێری دەسەڵات و خۆشی وەك






بۆنی براولی (جێگری راگری کۆلیژی رۆژنامەگەری لە زانکۆی ئیندیانا) بۆ گوڵان:

# میدیا بەشێکە لە کۆمەڵگە و لێکجیاناکرێنەوە و دەبێت رەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵگەیەش بێت کە کاری تێدا دەکات

میدیـــا یەکێکە لەو فاکتەرە گرنگانەی کۆمەڵگـــەی دیموکراتـــی کـــە رۆڵێکی بەرچاو و دیـــاری هەیە، بۆ قســـەکردن لەســـەر گرنگـــی میدیـــا لـــە قۆناغی ئینتیقالی پرســـیارمان لە رۆژنامەنووس خاتوو بۆنی براولی پرۆ فیســـۆر لە بواری رۆژنامەگەری لـــە زانکۆی ئیندیانا کرد و بەرێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە: (پێویستە میدیا لەهەموو قۆناغێکـــدا رۆڵـــی خـــۆی بگێرێت لە دابینکردنی زانیاریی راســـتگۆ و دروست بەشێوازێکی لۆژیك و دوور لە رێگەچارەی زیانبەخش بۆ هاووڵاتیان و رای گشـــتی. ئەرکی میدیا بریتییە لە بە دەســـتهێنانی متمانـــە لەناو هاووڵاتیانـــدا. بەرای من میدیاکاران ناتوانـــن بەتەنیا رۆڵی خۆیان بگێرن، هەربۆیە پێویستە قەناعەتێك لەنێو دەســـەڵاتدارەکانی حکومـــەت هەبێت لەو بارەیەی کە میدیای کراوە لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەدایـــە. من دەزانم کە قســـە لە ئەنجامدان ئاســـانترە، بەڵام میدیا بەشێکە لـــە کۆمەڵگە، نەك بەشـــێکی لێکترازاو. هەربۆیە پێویســـتە ببێتە رەنگدانەوەیەك بۆ کۆمەڵگە)).

لەبەشـــێکی دیکە قسەکانیدا بۆ گوڵان و ســـەبارەت بەوەی بۆچی هەندێك جار لە قۆناغی ئینتیقالیدا میدیا رێچکەی خۆی وندەکات؟ بەمجۆرە وەڵامی دایەوە و وتی: (میدیـــا لەهەموو وڵاتێکدا، بە وڵاتەکەی خۆشمەوە، (مەبەستی ئەمریکایە) لەوانەیە هەندێك جار رێچکەی خۆی ونبکات. لە وڵاتەکەمـــدا، زۆر کەس دەڵێن میدیا بۆتە خزمەتکاری خاوەنەکانیان (بەشـــێوەیەکی گشتی بزنسە گەورەکان). ئێمە وتەیەکمان هەیە دەڵێـــت: «لەحاڵەتـــی میدیا، ئەو کەســـانەی کە باج و پارەی پســـوولەکان دەدەن، بۆیان هەیە بریار لەسەر ناوەرۆکەکە بدەن». هەرچەندە ئەمە بەشێوەیەکی رەها ناکەوێتە چوارچێـــوەی ئەم حاڵەتە، بەڵام هەندێك جار مشـــتومر هەیە لەو بارەیەی کە ســـەربەخۆیی میدیـــا دەکەوێتە باری سازشکردن کاتێك کە رۆژنامەنووسان رێگە بە لایەنی بزنس دەدەن کە هێزەکانی گەورەتر بێت. هەڵبەتە لەوانەیە فاکتەری تر هەبن کە کاریگەرییان لەسەر میدیا هەبێت. ئەمرۆ لە وڵاتی «مەکسیك» کارتێلەکانی ماددە هۆشـــبەرەکان دزەیان کردۆتـــە ناو هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگە بەشێوەیەك کە میدیا چیتـــر ناتوانێـــت بە ئازادانـــە و کراوەیی شت بنووســـێت و بڵاوبکاتەوە. لە وڵاتانی تـــردا، لەوانەیە حکومەتـــە ئۆتۆکراتەکان تەحەددا بخەنە بەردەم سەربەخۆیی میدیا و لەوانەشـــە هەر بەهیچ شێوەیەك رێگەی پێنەدەن سەربەخۆ بێت. هەربۆیە من وەکو کەســـێك کە بـــۆ نزیکەی ٣٠ ســـاڵ لە کۆلێژی راگەیاندن وانەم وتۆتەوە، پێموایە پـــەروەردەی رۆژنامەنووســـی هەردووك لـــە لایەنەکانی پۆزەتیـــڤ و نێگەتیڤی هەیـــە. من زیاتـــر بەرەو ئاراســـتەکانی رۆژنامەگەریی پرۆ فێشناڵ دەرۆم. لەبەر یەك هـــۆ، قوتابیانی رۆژنامەگەری فێرە مێژوو دەبـــن. فێرە ئـــەدەب دەبن. فێری زانست و بیرکاری دەبن. هەروەها لە بەشێك لـــە خوێندنەکەیاندا جەخت دەکەنە ســـەر لایەنەکانی مومارەسەکردنی رۆژنامەگەری (مومارەسەی رۆژنامەگەری لە وڵاتانی خۆیـــان و وڵاتانی تر). هەڵبەتە بەشـــێك لەو خوێندنە بریتییە لـــە لێهاتووییەکانی رۆژنامەنووسی (بڵاوکردنەوەی زانیاری، نووســـینەوە، نووســـین «تحریر»، کاری تەلەفزیۆنی،...تاد). بەڵام بێگومان بەشێك لـــەو خوێندنە بریتییە لە یاســـا و ئاکار. هەربۆیـــە، قوتابیان دەرفەتێکیان پێدەدرێت بۆ رووبەرووبوونەوەی کێشـــەکانی واقیع. پێموایە ئەم هەموو شتانە بناغەیەکی پتەو دابین دەکات. لەلایەنێکی ترەوە، پێموایە کە مەرج نییە تەنیا ئەو کەسانەی کە ئەم جۆرە مەشـــق و راهێنانەیان وەرگرتووە رێگەیان پێبدرێت ببنە رۆژنامەنووس. جیهان پرە لە کەســـانێکی ژیر و لێهاتوو کە زۆر شتیان هەیە بە رۆژنامەگەریی ببەخشن)).



**پێویستە میدیا لەهەموو قۆناغێکدا رۆڵی خۆی بگێڕێت لە دابینکردنی زانیاریی راستگۆ و دروست بەشێوازێکی لۆژیك و دوور لە رێگەچارەی زیانبەخش بۆ هاووڵاتیان و رای گشتی**

سەبارەت بەو لایەنەی خاتوو بۆنی دەربارەی تەمویلی ماس میدیا ئاماژەی پێکرد، پرسیاری ئەوەمان لێکرد ئایا تاچەند ئەو تەمویلە مەرجدارە و دەبێتە هۆکاری زیان گەیاند بە خەڵك و کاریگەری رۆژنامەگەری لەکۆمەڵگەدا؟ لەوەڵامدا بەجۆرە ئەم لایەنەی بۆ روونکردینەوەو وتی: (ئەمە مەسەلەیەکی تێکهەڵکێشە ئێوە وروژاندووتانە. لەم بارەیەوە چەند پرسیارێك دێتەئاراوە: ئایا رۆژنامەنووسان تاچەند دەرفەتیان هەیە بۆ تاوتۆکردن و گفتوگۆکردنی مەرجەکانی پارەدان (تەمویل)؟ هەروەها، ئایا ئەو مەرجانە چین؟ ئایا ئەم رێککەوتنانە لەو جۆرە مامەڵانەیە کە دەتوانرێت بوترێتەوە؟ ئایا هیچ بابەتێکی دیاریکراو هەیە کە سنووری بەزاندبێت؟

من بیر لەو ئەگەرە دەکەمەوە کە ئایا رۆژنامەنووسان ئەو توانایەیان تێدا هەیە بەپێی مەرج و رێنمایی کاربکەن و لەهەمان کاتیشدا بەشێوەیەکی رەها شەفاف بن لەگەڵ خوێنەر و بینەرەکانیان لەبارەی ئەو مەرجانە. ئایا میدیا – بۆ نموونە رۆژنامەیەك – ئایا دەتوانێت رۆژانە گۆشەیەك تەرخانبکات بۆ روونکردنەوە لەبارەی سەرچاوەی تەمویل و مەرجەکانی رۆژانە بۆ خوێنەرەکانی؟ ئەگەر بێت و بتوانن ئەو شتە بکەن، ئەوکات هاووڵاتیان بەئاگا دەبن لەبارەی سنوور و هێڵەکان، هاوکات لەو بڕوایەدانیم کە خەڵك رێز بۆ میدیا بنوێنێت بەهۆی هەوڵدانی بۆ کرانەوە و راشکاوەیی.

دەکرێ کەسێك لە ستافەکە دەستنیشانبکرێت بۆ گوێگرتن لە وتە و قسەی هاووڵاتیان و لەگەڵ کێشە و گرفتەکانیان و هەفتانە لە ستوونێکدا راپۆرتێك ئامادەبکات و قسە و وتەی هاووڵاتیانی تیا بڵاوبکاتەوە لەبارەی کێشە و گرفتەکانیان. (نیویۆرك تایمز، لەنێو هەندێك لە رۆژنامەی تر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەم جۆرە هەڵوێستانەی هەیە. «نووسەری گشتی» لە رۆژنامەکەدا تەشهیر بەناوی هیچ کەسێك ناکات، بەڵکو لێدوان و سکاڵای هاووڵاتیان وەردەگرێت و جەخت لەسەر لایەنێکی تایبەت دەکات و پاشان هەوڵدەدات وەڵامەکان لە نووسەرەکانی رۆژنامەکە وەرگرێت و دواتر هەموو رۆژانی یەك شەم دەرئەنجامەکانی بڵاودەکاتەوە).

ستراتیژییەتێکی تر بۆ رۆژنامەنووسان لەوانەیە بریتی بێت لەوەی کە هەڵستن بە بەکارهێنانی رۆژنامەنووسانی تری وڵاتانی تر، کەسانێك لە وڵاتانی تر کە زۆر سەرسامی میدیاکەیان بوونە و ئاڵوگۆڕی بۆچوون و گفتوگۆ ئەنجامبدەن لەگەڵ ئەوان و مومەویلەکانی رێکخراوە ناحکومییەکان بۆ دۆزینەوەی باشترین شێواز بۆ پارەدان (تەمویل) لەپێناو بەرەوپێشەوەچوون. هەروەها لەوانەیە بتوانن هەماهەنگی لەگەڵ کەسانی بیانی بکەن بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە خەسڵەتی بوێری و جەرائەتیان هەیە و کە بە کراوە و راستگۆیی کاری رۆژنامەوانی دەکەن، لە وانەبێژ و سیاسەتوان و هاووڵاتیانی ئاسایی. ئەگەربێت و گرووپێك لە هاووڵاتیانی لۆکاڵ بە دەنگێکی بەرز بدوێن لەبارەی پێداویستییەکانی رۆژنامەوانی، لەوانەیە ئەم شتە کاریگەرییەکی بەهێزی هەبێت.

لەڕاستیدا وتنەوەی ئەم شتانە بۆ من زۆر ئاسانە و لەوەش دڵنیام کە جێبەجێکردنی بەو ئاسانییە نییە. بەڵام پێموایە گرووپە پارەدەرەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کۆمەڵگە کراوەکان، زۆر بە وردی تێدەگەن لە کێشەکانتان. ئەوان خۆیان بۆ سیستەمێکی کراوە دەگەڕێنەوە، هەربۆیە لەوە دڵنیام کە ئەوان زۆر خۆشحاڵ دەبن بە بیستنی رۆژنامەنووسەکان کە بدوێن لەبارەی بایەخەکانی کرانەوە، تەنانەت گەر هەڵستن بە ئەنجامدانی رێککەوتنیش لەسەر مەرج و ستراتیژییەتی دووقۆڵی بۆ وەدیهێنانی ئەو جۆرە ئامانجانە)).



دیڤید بۆینک ئۆستادی ئیتکی رۆژنامەوانی بۆ گوڵان:

# میدیا لە قۆناغەکانی گواستنەوەدا پێویستیی بەوە هەیە کە پاڵپشتیی دارایی و جەماوەریی هەبێت

پرۆفیسۆر دیڤید بۆنیك ئۆستادی رۆژنامەوانییە لە زانکۆی ئیندیانا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لە ئیتکی رۆژنامەوانی و کاری نووسین(تحریر) لە رۆژنامەدا، لە ئاخاوتنێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان پرۆفیسۆر بۆینك بەمجۆرە باسی گرنگی میدیای لە کۆمەڵگەی دیموکراتی کرد: (خۆم ئۆستادی راگەیاندنم و وانە دەڵێمەوە، پێموایە بەشێوەیەکی میسالی، میدیا دەتوانێت رۆڵێکی گرنگ بگێرێت لە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان. ئەگەر بێت و میدیایەکی تاراددەیەك سەربەخۆ و بەهێز بوونی هەبێت، ئەوە ئەو میدیایە کە دەتوانێت زانیاری بۆ هاووڵاتیان دابین بکات، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە کە ئەو میدیایە لەژێر کۆنترۆڵی پارتە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکاندا نەبێت. لەم چوارچێوەیەدا پێموایە میدیا لە قۆناغەکانی گواستنەوەدا پێویستیی بەوە هەیە کە پاڵپشتیی دارایی و جەماوەریی هەبێت. ئێمە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نموونەیەکی ئابووریمان هەیە کە هەڵدەستێت بە دابینکردنی سەرچاوە بۆ بەرهەمهێنانی هەواڵەکان بۆ ئەو میدیایانەی کە سەربەخۆن لە پارتە سیاسییەکان و تاراددەیەك بێلایەنن. هەربۆیە، ئەو شتەی کە پێویستە هەبێت بریتییە لە ژێرخانێکی ئابووری و بەکارهێنانی وەك بناغەیەك بۆ بونیادنانی رۆژنامەگەریی سەربەخۆ. بەڵام پێموایە وەدیهێنانی ئەو شتە لە کۆمەڵگەیەکی تازەپێگەیشتوودا کارێکی زۆر زەحمەتە. بەڵام ئەگەر بێت و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لەبەردەست هەبێت، ئەوکات دەتوانرێت سوود وەربگیرێت لە سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان، کە ئەویش بوارێکی فراوانە و هاوکات بڕی تێچوونی کەمتری تێدەچێت، بەڵام ئەگەر کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت نەڕەخسا، ئەوەیان دەبێتە کێشەیەکی گەورە. ئەوجا لێرەوە ئەگەر بێینە سەر ئاکاری میدیا لە کۆمەڵگەی دیموکراتی، ئەوا دەتوانم بڵێم، پرەنسیپی سەرەکی لە ئاکاری کاری رۆژنامەگەری بریتییە لە بەدواداچوونی راستییەکان. بەشێوەیەك کە هەڵستێت بە دابینکردنی زانیاریی ورد و دروست و بڵاوکردنەوەی بۆ خەڵك بۆئەوەی هاووڵاتیان بەئاگابن لە ڕووداوەکان، هەربۆیە پێویستە هەموومان لەو راستیە تێبگەین کە لەڕووی واقیعییەوە، هەموو کەسێك ئەگەری تێدا هەیە ببێتە رۆژنامەنووس، کەواتە مەسەلەکە بۆ هاووڵاتیان دەمێنێتەوە کە بڕیاربدەن لەسەر ئەوەی کە کام میدیا بەرپرسیارە و کامیان بەرپرسیارنییە. لەبەرئەوەی تەنیا هاووڵاتیان دەتوانن لەم بارەیەوە بڕیاربدەن. لەوانەیە هەندێك میدیا بوونی هەبێت کە لەژێر کاریگەری جۆرە دەسەڵاتێك بن و ئەو لایەنە خاوەن جۆرە تێڕوانینێك بێت بەرامبەر کۆمەڵگە یان حکومەت یان وڵات یان جیهان، بەڵام تاکە شت کە هیوای بۆ بخوازین ئەوەیە کە هاووڵاتیان خوازیاربن بۆ سەرچاوەیەکی سەربەخۆ بۆ دابینکردنی زانیارییەکان و تەنیا پشت بە سەرچاوە بێلایەنەکان ببەستن. ئەمەیە ئەو شتەی کە لە رۆژئاوادا ڕوودەدات. پێویستە باوەڕمان بەو سەرچاوانە هەبێت کە باشترین زانیاریمان پێ دەبەخشێت و کە خەڵکی بتوانن متمانەیان پێ بکەن. لەهەمان کاتیشدا پێموایە کە ئەم شتە هەموو شوێنێك دەگرێتەوە)).

لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان و سەبارەت بە رەچاونەکردنی بنەما پرۆفیشناڵییەکان لە برای رۆژنامەگەری وڵاتانی تازە پێگەیشتوو یان ئەوانەی پێیان دەگوترێت جیهانی سێیەم، پرۆفیسۆر بۆنیك وەك مەترسییەك ئەم حاڵەی پێناسەکرد و وتی: (نەبوونی رۆژنامەگەری پرۆفیشناڵ، قەیرانە. لەبەرئەوەی لەلایەنێکەوە، تۆ دەتەوێ میدیا زانیاریی دروست بۆ خەڵك دابین بکات، بەڵام ئایا کێ ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە ئەو شتە وەدیبێنێت؟ ئایا حکومەت؟

یـــان پارتی سیاســـی؟ هەربۆیە، دەبێت کاربکەین بۆ ڕێکخستنی میدیا بۆئەوەی ئەو مەبەستە وەدی بێنین، پاشان پێویستە بیربکەینـــەوە بزانیـــن کێ باشـــە میدیا ناچاربکات ئەو کارە بکات و بزانین کە ئایا ئەجێندای کارەکانی چین. ئەوەشتان لەیاد نەچێت کە لەساڵانی ڕابردوودا، زۆربەی ڕۆژنامەکانـــی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خاوەن ئاڕاســـتەیەکی سیاسی بوون، کە دروســـتکراوی دەســـتی پارتە سیاســـییەکان بوون، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات دەستمان بە کارکرد بۆ دروستکردنی میدیای سەربەخۆ لە پارتە سیاسییەکان. خۆزگـــە وەڵامێکی کورت و دروســـتم لا هەبێـــت لەبـــارەی ئەنجامدانی کاری پێویســـت. بەڵام پێموایە کـــە لەکۆتاییدا هاووڵاتیان بەخۆیان متمانەیان دەخەنە سەر سەرچاوەیەکی ســـەربەخۆ بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان کە زانیاریی ورد و دروستیان پێ ببەخشێت، مەسەلەکەش تەنیا کاتە و بەتێپەڕبوونی کات ئەو جۆرە سەرچاوانە دروســـت دەبێت. هەربۆیە لـــە کۆتاییدا دەڵیم، بەڕای من، چیتر پێویست ناکات لـــەوە زیاتر باس لەســـەر میدیا بکەین.

**زۆربەی ڕۆژنامەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خاوەن ئاڕاستەیەکی سیاسی بوون، کە دروستکراوی دەستی پارتە سیاسییەکان بوون**

ئێســـتا کاتی ئەوە هاتـــووە زیاتر جەخت بکەینە شێوە جیاوازەکانی دامەزراوەکانی میدیا، هەر یـــەك لەم دامەزراوانە خاوەن بۆچوون و ئەجێنـــدای کاری جیاوازن و هەر یەکێکیان خاوەن شـــێوازێکی جیاوازە لە دروســـتکردنی هەواڵەکان. لەنێو ئەو هەموو دامـــەزراوە جیاوازانەی میدیادا، خەڵك خۆیان بڕیاردەدەن کام میدیا باشە و کامەیان خراپە)).



هێلین بێندیکت ڕۆژنامەنووس و خاوەنی خەڵاتی ٢٠١٠ بۆ گوڵان:

# پێویستە لەسەر میدیا بەشێوەیەکی ورد و ڕاستگۆیانە زانیارییەکان بڵاوبکاتەوە، ئەگەر نا بە میدیای نابەرپرسیار لەقەڵەم دەدرێت

خاتـــوو هێلیـــن بێندکت ئوســـتادی ڕۆژنامەوانییـــە لە زانکـــۆی کۆلۆمبیا و ئەو ڕۆژنامەنووســـەیە کـــە خەڵاتی ڕۆژنامەنووســـی (دیار)ی ســـاڵی ٢٠١٠ی لیژنەی نیشـــتمانی بۆ کاروباری ئافرەتان پێدراوە و خاوەنی نووســـینی (هەتکردنی سەربازی) یە، بۆ ئـــەم ڕاپۆرتەی گوڵان خاتوو هیلین لە بری وەڵامدانەوەی پرســـیارەکانمان بەم سەرنجانە بەشداری کردووین کە ئەمە دەقەکەیەتی:(چەند بیرۆکەیەکم بۆ هاتووە لەبارەی پرســـیارەکانتان، کە پرســـیارەکانتان زۆر گرنگە و لەهەمان کاتیشدا وەڵامدانەوەیان زۆر زەحمەتە، هەربۆیە لەبری وەڵامدانەوەی پرسیارەکانتان، دەتوانم تەنیا چەند بیرۆکەیەکی گشتی بخەمەڕوو.

میدیا زۆر گرنگە بۆ هەر کۆمەڵگەیەك کە بایەخ بە مافی گشتی بدات و بیەوێت ئاگاداربێـــت لە ڕەفتار و هەڵســـوکەوتی ســـەرکردەکانیان و ئـــەو شـــتانەی کە لە وڵاتەکەیاندا ڕوودەدات. پێویســـتە لەسەر میدیا بەشـــێوەیەکی ورد و ڕاســـتگۆیانە زانیارییـــەکان بڵاوبکاتـــەوە لەبـــارەی حکومـــەت و چۆنییەتی بەکارهێنانی بۆ دەســـەڵاتەکانی بەردەســـتی. بۆ نموونە، چۆنییەتـــی بەکارهێنانی پارەی باجەکان لەلایەن حکومەت، چۆنییەتی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان، چۆنییەتی دروستکردنی بڕیارەکان لەلایـــەن سیاســـەتوانەکانەوە، هەروەها کێ کاریگەریی لەسەریان هەیە.

**میدیا زۆر گرنگە بۆ هەر کۆمەڵگەیەك کە بایەخ بە مافی گشتی بدات و بیەوێت ئاگاداربێت لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی سەرکردەکانیان و ئەو شتانەی کە لە وڵاتەکەیاندا ڕوودەدات**

هەروەها پێویستە میدیا ڕەوا و هاوسەنگ بێت. بەواتایەکی تر، پێویستە میدیا ستاندەری تایبەتی خۆی هەبێت لە گەڕان بەدوای ڕاســـتییەکان. لەبەرئەوەی بڵاوکردنەوەی هەر شـــتێك کە لە زاری هەر کەسێك دەرچێت بەبێ لێپێچینەوە و بەدواداچوون بۆ زانینی ئەوەی کە ئایا ئەو زانیارییە درووســـتە یان نا میدیاکە دەکات بە میدیایەکی نابەرپرســـیار. هەربۆیە، پێویستە میدیا بەدواداچوونی تایبەت بەخۆی هەبێت.

بۆئەوەی کاریگەربێت، پێویســـتە میدیا هیچ سانسۆرێکی لەسەرنەبێت. سەبارەت بە ڕۆژنامەنووس، تا پێی بکرێت پێویستە هەوڵبدات بۆئەوەی ورد و ڕاستگۆبێت.

میدیای ئەمریکی لیســـتێکی درێـــژەی هەیە لە پرەنســـیپەکانی ئاکاری میدیایی (Ethical Guidelines) و دەتوانـــن ببینن کە پرەنســـیپەکان زۆر ســـادەن. لەزمنی ئەوانەش، پارە نەدرێت لەبەرامبەر زانیاری و بەرتیل وەرنەگیرێت.



# خزمەتگوزارییەکانی بەردەڕەش گرفت و کەموکوڕی زۆری هەیە

بەردەڕەش کەلە ساڵی (١٨٩٠) بووە بەناحیەو سەر بەپارێزگای موسڵ بوو، لەگشت بوارەکانی ژیان بەتایبەتی لەبواری خزمەتگوزاری گرنگی پێ نەدرابوو،هەر بۆیە ئەوکات وەکو گوندێکی گەورە دەردەکەوت،بەڵام لەدوای پرۆسەی رزگاریی عێراق تارادەیەک گرنگی پێدراوەو وەکو ناحیەک دەرکەوتووە، بەتایبەتی ئەوکاتەی لەساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکابینەی پێنجەمدا بەبڕیاری ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی کراوەتە قەزا، ئەمەش لەبەر بوونی چەند بنەمایەکی ئیداری وەکو:(بەرفراوانبوونی ناوچەکە و زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و پتر کارکردن بۆ کارەخزمەتگوزارییەکانی ناوچەکە).



## قایمقامی قەزای بەردەڕەش (بۆ گوڵان):

# قەزای بەردەڕەش کێشە و گرفتی خزمەتگوزاری شارەوانی زۆرە



قەزای بەردەڕەش کەناحییەکانی (کەڵەك و دارەتوو رۆڤیا) و پتر لە (١٠٠) گوند لەخۆدەگریت، (٢٤) گوندیان ئەوانەی کە دەکەونە سنووری ناحیەی کەڵەك بەپێی ماددەی (١٤٠) مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ژمارەی دانیشتووانی ناوەندی قەزاکە (٢٦) هەزارکەسە و ژمارەی دانیشتووانی سنووری قەزاکە بەگشتی پتر لە (١٢٦)هەزار کەس تێپەڕدەبێت، قەزای بەردەڕەش رووبەرێکی بەرفراوانی کشتوکاڵی بە پیت و بەرەکەتی هەیە، هەر بۆیە پتر لە (٧٥٪)ی دانیشتووانی ناوچەکە بەکاری کشتوکاڵییەوە خەریکن.

بەردەڕەش لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەسەر شاری موسڵ بووە گرنگی پێ نەدراوە، کەبۆتە قەزاش ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ڕووی تێکردووە، بەرادەیەك لە ماوەیەکی کەمدا سنووری شارەوانی شارۆچکەکە زیادی کردووە، هاوکاتی ئەمە کارە خزمەتگوزارییەکانی بەسستی بەڕێوەچوون، بۆیە لێرەو لەوێ هاووڵاتیان گلەیی و گازاندەیان هەیە. لەسەردانێکی تیمی (گۆڤاری گوڵان) دا چەند هاووڵاتییەکی بەردەڕەش رەخنە و گلەییان لەبارەی کەموکوڕییە خزمەتگوزارییەکان هەبوو، هاوکات داوای باشترکردنی کارە خزمەتگوزارییەکانی حکومەتیان دەکرد لە بوارەکانی (ئاو و ئاوەڕۆو شەقام و پاککردنی کۆڵانەکان و ڕێکخستنی سستەمی پاککردنەوەی گەڕەکەکان و سەنتەری شارۆچکەکان و قەرەباڵغی سەنتەری بازاڕ و نەبوونی پارکی ڕاوەستانی ئۆتۆمبێل و دەیان کەموکوڕی دیکەش..)، بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانەو چەندین پرسیاری تر سەردانی بەڕێز(مازن حەمە سەعید) قایمقامی قەزای بەردەڕەشمان کردوو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستە روو:

### دابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداری تەنیا بڕیارێکە و بەفیعلی کاری پێ نەکراوە

سەرەتا سەبارەت بەپڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی سنووری قەزای بەردەڕەش، قایمقامی قەزای بەردەڕەش وتی: لەسستەمی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسی یەکە ئیدارییەکانی قەزاو ناحیەکان بەگشتی هیچ جۆرە بودجەیەکیان لەبەردەستدا نییە، بەڵکو بودجە لەسەر ئەساسی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دابەش دەکرێت،سەرۆکایەتی شارەوانی و بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و پەروەردەو کارەبا و. تاد،هەریەکەیان بەشی خۆیان وەردەگرن، لە (٢٠٠٧)وە تا ئێستا وەکو بودجەیەکی دیاریکراو بۆ کارو پڕۆژەکان یان بۆهەر کار و مەبەستێکی تردەسەڵات بەمن نەدراوە،بەڵام ئێمە وەکو قایمقامییەت تەنیا سێ ملیۆن دیناری خەرجیمان بۆ کاروبارو خەرجیەکانی ناو قایمقامیەت لەبەردەستە، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیەو پێویستی بەپێداچوونەوە هەیە.

سەبارەت بەو بڕیارەی کە لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووەو ئاماژە بەوە دەکات کە دەسەڵاتی ئیداری دابەزێتە خوارەوە بۆئەوەی ئیشو کار و پڕۆژەکان باشتر و خێراتر بەڕێوە بچن، بەڕێزی وتی: ئەو بڕیارە لە کابینەی شەشەم دەرچووەو

لەرۆژنامەکان بڵاوکرایەوە، بڕیارێکی باشە و هۆکارێکی سەرەکی دەبێت بۆپتر خزمەتکردنی هاووڵاتیان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان، بەڵام تا ئێستا ئەمە تەنیا بڕیارە و جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو تەنیا مەرەکەبی لەسەر کاغەزە.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر دەسەڵات دابەزێت و فیعلەن کاری پێ بکرێت، بەڵام بودجە و یەکەی ژمێریاری و دەسەڵاتی دارایی لەگەڵ نەبێت دووبارە سوودی نییە، چونکە بەبێ پارە هیچ جۆرە کار و پڕۆژەیەك بەڕێوە ناچێت،داواکارم لەحکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەیەکی تایبەت بۆ پەرەپێدانی قەزای بەردەڕەش و ناحیەکانی کە تازە دامەزراون تەرخان بکات، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان لەکێشەو گرفتەکان رزگاریان بێت، بەتایبەتی بۆ ئەنجامدانی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان، تاوەکو سیمای قەزا و ناحییەکان دەرکەوێت و خەڵکەکانیان ئاسوودە بن، چونکە بەردەڕەش و دوو ناحیەی دارەتوو ڕوڤیا تازەن و پێویستیان بە زۆر کار و پڕۆژە هەیە، ئەگەر بودجە هەبوو راستەوخۆ دەتوانرێت کار و پڕۆژە ئەنجام بدرێت، نەك بودجە نەبێت و پڕۆژە بخرێتە ناو پلان و بەرنامەوەو جێبەجێ نەکرێت.

### دامەزراندن و دابەشکردنی فەرمانبەرەکان بەپێی پێداویستی دامودەزگاکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان نییە

قایمقامی قەزای بەردەڕەش سەبارەت بە میلاکات و دامەزراندن، ئایا بۆ ئەم بابەتانە پرسیان پێ دەکرێت یان بە ئارەزووی وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانە، لەمبارەیەوە وتی: فەرمانگەو دامودەزگاو بەڕێوەبەرایەتیمان هەیە ژمارەی میلاکات و کارمەندیان زۆر لەخۆیان زیاترە، هەشن میلاکاتیان کەمە. پێویست بەوە دەکات فەرمانبەرو کارمەندو مامۆستایان بەپێی پسپۆری و تایبەتمەندی بۆ دابمەزرێت،بەڵام بە زۆری دامەزراندن بەپێی پێوبست و لە رێگایە وەزارەتەکانەوە دەبێت، کێشەکە لەوە دایە دابەشکردنی فەرمانبەرەکان بەپێی دامودەزگاکان و بە پێی پێداویستی بەڕێوەبەرایەتییەکان نییە، ئەمەش هەر وەکو بودجەکە وایە بۆ نموونە کاتێك (١٠) ملیار دینار بۆ بەردەڕەش دادەنێن کاتێك دابەش دەکرێت دەبینی بەشی شارەوانی لە هەموویان کەمترە،وەك دەزانن کارە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی زۆر بوار دەگرێتەوە، بۆیە لەو کاتەدا ئیش و کارەکانیان بەباشی بەڕێوە ناچێت و کەموکوڕی و گرفتەکانی خزمەتگوزاری دەردەکەون، پێویستە لە هەموو کار و ئیش و پڕۆژەیەك پرس بە بەرپرسی یەکەی ئیداری بکرێت، چونکە ئێمە لە شارەکە دەژین و کار دەکەین و دەزانین شارەکە و هاووڵاتیان چییان دەوێت، بەڵام نە بۆ ئەو کارانە نە لە دامەزراندن و میلاکات هیچ دەسەڵاتمان نییە.

### لەسەردەمی کابینەی پێنجەمدا بە (٢٠) ملیۆن دۆلار ڕێگای نێوان ناحیەی کەڵەك ـ بەردەڕەش چاککرایەوە

ئەو ڕێگایەی لە هەولێرەوە بۆ بەردەڕەش دێت یەك سایدە، ماوە ماوە کارەساتی دڵتەزێنی لێدەکەوێتەوە لەمبارەوە قایمقامی بەردەڕەش وتی: ئەگەر پێش سێ ساڵ لە ناحیەی کەڵەك بۆ بەردەڕەش بهاتبایت لە ڕێگە تووشی زەحمەتیەکی زۆر دەبوویت، چونکە ئەو ڕێگایە لەمەخراپتر بوو کە ئێستا دەبینرێت،ڕێگای هاتوچۆی گوندەکان بوو، یەکجار ترسناك بوو، بۆیە زۆر کەس لە ناحیەی خەبات کە دەهاتن بۆ بەردەڕەش یان بەپێچەوانەوە دەچوونە هەولێرو لەوێوە بۆ ئاکرێ و دواتر بۆ بەردەڕەش دەگەڕانەوە، ڕێبواران ئەو هەموو ماوە دوورو درێژەیان دەبڕی تەنیا بۆ ئەوەی تووشی کارەسات نەبن، بەڵام لەسەردەمی کابینەی پێنجەم نزیکەی (٢٠) ملیۆن دۆلار بۆچاککردنی ئەو ڕێگایە تەرخانکرا، دەست بەجێ پڕۆژەکە ئەنجامدرا و ئەم ڕێگایەی لێهاتووتە دی.

بێگومان ئەم ڕێگایە قەرەباڵغە و هاتوچۆی زۆر لەسەرە، بۆیە پێویستە بکرێتە جووت ساید، بەڵام پڕۆژەی لەمە پێویستترو گرنگتر هەیە دەبێ بۆ بەردەڕەش بکرێت،لەبەر ئەوەی پڕۆژەکانی ناو قەزا و ناحیەکان ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکەوە هەیە.

### پێویستە لە٢٠١١ بەردەڕەش بخرێتە ئەولەویەتی پلانی وەزارەتی شارەوانییەوە

هەندێك گەڕەك بەتایبەتی ئەوانەی تازە دروستکراون پڕۆژەی خزمەتگوزارییان بۆ نەچووە، چەندین جاریش دانیشتووانی ئەو گەڕەکانە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانیان داوایان لە لایەنی پێوەندار کردووە کە بەدەنگیانەوە بچن، بەڵام هەروەکو دانیشتووانی ئەو گەڕەکانە پێیان وتین: (بێ ئومێدبوون لەجێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانە، چونکە دەبێت بۆ پڕۆژەیەك دوو تا سێ ساڵ چاوەڕوان بن..) لەمبارەیەوە قایمقامی بەردەڕەش وتی: لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا سەنتەری قەزای بەردەڕەش گەورەبوونێکی بەرفراوانی بەخۆوە دیوە، هەر بۆیە نەتوانراوە بەپێی خێرایی گەورە بوونەکە پڕۆژە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانیان بۆ ئەنجام بدرێت..

سەبارەت بەکەمی پڕۆژەکانی قیرتاوکردنی شەقامەکان قایمقامی بەردەڕەش وتی: کاتێك پڕۆژەی جووت سایدی بەردەمی قایمقامیەت و فەرمانگەکانمان بۆ دەرچوو بڕیارماندا سەرەتا ئەو شەقامە یەك سایدی جێبەجێ بکرێت، خەرجی و قیرتاوکردنی بەشەکەی تری دانیشتووانی گەڕەکێك سوودی لێوەربگرن. منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی هاوڵاتییان بەوەی بەڵێ سەنتەری قەزای بەردەڕەش کێشە و گرفتی خزمەتگوزارییان هەیە، پێویست بەوە دەکات بۆ ئەنجامدانی ئەو پڕۆژانە بەزووترین کات بەرنامە و پلان لەلایەن وەزارەتە پێوەندارەکان و پارێزگاوە دابنرێن، چونکە پڕۆژەکان ڕاستەوخۆ پێوەندیان هەیە بەژیانی هاووڵاتیانەوە، ناکرێت چیتر وا پشتگوێ بخرێن. هاوکات ڕێگای گوندەکان و ڕێگای سەرەکی ناحیەی دارەتوو زۆر بێسەروبەرە، پێویستە چاککردن و ئەنجامدانی شەقام و ڕێگا ناوخۆییەکانی بەردەڕەش لە ئەولەویەتی کارو پڕۆژەکانی ساڵی (٢٠١١) ی شارەوانیدا بێت، هەروەها بەگشتی ڕێگاکانی نێوان سەنتەری قەزا و ناحیەکان و گوندەکان خراپن، بەدروستکردن و چاککردنی هەر ڕێگایەك لەو ڕێگایانە چەند گوندێك سوودمەند دەبن و لەو زەحمەتیەی کە ڕۆژانە دێتە پێشیان رزگاریان دەبێت، بۆ هەموو کارو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان لەگەڵ وەزارەت و لایەنی پێوەندارەکان قسەمان کردووەو داواکانمان بەنووسراو بەرزکردۆتەوە. سەرەڕای ئەمانەش چەند ڕێگایەکی تر لەماوەی ڕابردوودا لە دەڤەرەکە دروست کراوە، ئەمانەش کارئاسانی باشی بۆ هاووڵاتیان و دانیشتووانی سنوورەکەمان بەتایبەتی بۆ گوندەکان دەستەبەر کردووە.

### چاوەڕوانین ماستەرپلانی بەردەڕەش ئەنجام بدرێت

وەکو دەزانین ماستەر پلان ڕێگا نیشاندەرە بۆگەورە بوون و گەشەکردنی هەموو شار و شارۆچکەیەك، بەپێی ماستەر پلانەکە دەتوانرێت ئەندازەو شێوازی جوانی شارەکە بپارێزیت و دەزانرێت شار بەکامەلاوە گەورە و فراوان بکرێت، لە پڕۆژە خزمەتگوزاییەکاندا دەتوانرێت بەبێ گرفت کار بکرێت، بە تایبەتی پڕۆژەکانی شارەوانی، لەئەنجامدانی پڕۆژەکانیدا سەرکەوتوو دەبێت، چونکە لە ماستەر پلانەکەدا شوێنی خزمەتگوزاری وەکو باخچە و قوتابخانەو بنکەی تەندروستی و... تاد دیاری دەکرێت. زۆر شتی تر لە ئەنجامی ماستەرپلانێکی ورد و هاوچەرخ دێتە دی، سەبارەت بەم لایەنەش قایمقامی قەزای بەردەڕەش وتی: پێشتر بەردەڕەش ماوەی پتر لە (١٠٠) ساڵ بوو ناحیە بووە، بۆیە نەخشەی بنەڕەتی هەیە، هەروەها کە بۆتە قەزاش نەخشەیەکی لەلایەنی پێوەندار و پارێزگای دهۆك بۆ کێشراوە، ئەو نەخشەیە لە وەزارەتی شارەوانییەوە پەسەند کراوە، کە تێیدا سنووری شارەوانی سەنتەری قەزای بەردەڕەش دیاریکراوە، تاوەکو بزانرێت شارەکە بە کامە لاوە فراوان دەکرێت، شوێنی گەڕەکەکان دەست نیشان کراون، هەر بەو پێیەش زەوی دابەش کراوە. لەم ڕۆژانەدا باژێرڤانە پارێزگای دهۆك بۆسنووری پارێزگای دهۆك بەتەیارە ڕووپێوێکی ئاسمانی ئەنجامدا لە چوارچێوەی ئەو ڕووپێوەدا قەزای بەردەڕەشی تێدا بوو، ئەمەش کۆمپانیایەکی ئەڵمانی ئەنجامی داوە، چاوەڕوانین لە داهاتوویەکی نزیکدا ماستەرپلانی بەردەڕەش ئەنجام بدرێت، چونکە بوونی ماستەرپلان زۆر پێویستە، بەبێ ماستەرپلانیش هیچ کار و پڕۆژەو بەرنامەیەك سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت.

### هاووڵاتییان بۆ نەشتەرگەرییەك روو لەهەولێرو دهۆك دەکەن

قایمقامی بەردەڕەش سەبارەت بەبواری تەندروستی و کەموکوڕی و پێداویستیەکانی سنوورەکەی لەمبوارە دا وتی: بەڕێوەبەرایەتییەکی تەندروستی بەستافێکی کارامەو باشەوە لەشارەکەمان هەیە، لە سنووری قەزای بەردەڕەش نەخۆشخانەو چەند بنکەیەکی تەندروستی و

باشمان هەیە، خەڵکەکە بەگشتی سوودی لێوەردەگرن بەپێی پێویست ئامێری تیشك و تاقیگەو داودەرمان و ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن هەیە، بەڵام هاووڵاتیان بۆ نەشتەرگەری بەتایبەتی نەشتەرگەری هەستیار و گەورە و مانەوەو نووستن لە نەخۆشخانەکان ڕوو لە شارەکانی هەولێر و دهۆك دەکەن، چونکە لە قەزاکەمان نەخۆشخانەی مانەوە و خەوتنی نەخۆشی لێ نییە، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم و داوادەکەم لەلایەنی پێوەندار و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی (٢٠١١) دا نەخۆشخانەیەکی (٥٠) قەرەوێڵەی بۆ قەزای بەردەڕەش دروست بکەن، کە ئەوەش خزمەتێکی گەورە بەسنوورەکە دەکات.

سەبارەت بەبەشی پەرستیاری کە زۆر گرنگە بۆ ناوچەکە بەڕێزی گووتی : بۆ ناوچەکە زۆر پێویستە لە پەیمانگادا بەشی پەرستیاری هەبێت، چونکە کادیری ناوەندی تەندروستی لەسەنتەری قەزا و سنوورەکەی زۆر کەمە، بەکردنەوەی ئەو بەشە خزمەتێکی گەورە بە ناوچەکە دەکرێت،

## پڕۆژەکانی شارەوانی و خزمەتگوزاری ڕاستەوخۆ پێوەندی بەژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە، ناکرێت چی تر وا پشتگوێ بخرێن

بۆیە بڕیار بوو ئەمساڵ ئەو بەشە بکرێتەوە، بەڵام بوودجەی بۆ تەرخان نەکرا، بۆیە دواخرا بۆ ساڵی داهاتوو.

### چۆن دەبێت کاری پەروەردە بە فەرمانبەری گرێبەست بەڕێوە بچێت؟

سەبارەت بەکێشەی پەروەردەو خوێندن و بینایەی قوتابخانەو زۆری قوتابی و سێ دەوامی قوتابخانەکان لە یەك بینایەو میلاکاتی مامۆستا قایمقامی قەزای بەردەڕەش وتی: ناڵێم کێشە و گرفتمان لەوبوارەدا نییە، بەڵام لە هەموو بوارەکانی تر زۆر باشترن، لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی دوای کە بەردەڕەش بۆتە قەزا پێش هەموو کارێك بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی بەردەڕەش دامەزرا، ئەوەش تەکانێکی گەورەو پۆزەتیڤانەی لەبواری پەروەردە لە دەڤەرەکە دروست کرد، لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا تەنیا لەسەنتەری قەزا (١٠) قوتابخانە دروستکراوە لەوانە دوو بینایەی (١٨) پۆلییە، بەهەمان شێوە لە هەرسێ ناحیە و گوندەکانیش چەند قوتابخانەی تر دروست کراوە، بەڵام لە میلاکات و دامەزراندنی ئەم ساڵدا هەندێك کێشە و ئاڵۆزی هەبوو،لە پەروەردە بۆ دامەزراندنی مامۆستا ڕەچاوی نمرە کرابوو، بۆ ئەمەش خەڵکی دهۆك و شوێنەکانی تر لە بەردەڕەش دامەزراون، دەرچووانی دانیشتووانی بەردەڕەش لە بەردەڕەش دانەنراون، ئەمەش گلەیی و گازندەی لێکەوتەوە، لە لایەکی ترەوە چەندین کارمەند و فەرمانبەرانی پەروەردەی بەردەڕەش بەگرێبەست کار دەکەن ئەوەش نەگونجاوە ساڵێك و دووساڵ چۆن دەبێت کاری پەروەردە بە فەرمانبەری گرێبەست بەڕێوە بچێت؟لەلایەکی تریشەوە بۆ فەرمانبەرەکان ناخۆشە کە ماف و دوارۆژیان دیار نییە، بەڵام ماوەیەك پێش ئێستا وەزیری پەروەردە سەردانی دەڤەری بەردەڕەشی کرد و لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بەردەڕەش گفتوگۆ کرا ئەم گرفتەش هاتە باسکردن جەنابی وەزیری پەروەردە بڕیاریدا لەمەودوا دەبێ خەڵکی بەردەڕەش لە ناوچەکە دابمەزرێن و خزمەتی ناوچەکە بکەن، هەروەها لەبواری خوێندن هەنگاو نراوە و ساڵ لە دوای ساڵیش بەرەو باشتر چووەو لە ساڵانی ڕابردوودا گرفتی بەشی ناوخۆیی هەبوو، ئەمساڵ ئەوەش بەشێوەیەکی ڕێکو پێك چارەسەر کراوە.

### (٢٤) گوندی سنوورەکەمان کەبەپێی ماددەی (١٤٠) مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، پێویست بەوە دەکات پتر کارو پرۆژەیان بۆ ئەنجام بدرێت

هەروەها قایمقامی قەزای بەردەڕەش سەبارەت بەو گوند و شوێنانەی کەدەکەونە سنووری قەزاکەیان و بەپێی ماددەی (١٤٠) ی دەستوور مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت وتی : ناحیەی کەڵەك پێش ساڵی (١٩٩١) سەر بە قەزای حەمدانییە بوو لەدوای (١٩٩١) لەگەڵ کۆمەڵگای بشیریان و دووتاسێ گوندی تر ئازاد کران و لە دوای (٢٠٠٣) ئازادی عێراق پتر لە (٢٤) گوندی تر کەهەندێکیان هەموو دانیشتووانەکەی عەرەبن لەگەڵ ناحیەی کەڵەك خرانە سەر بەردەڕەش. هەموو ئەو گوندانە گوندی خۆمانن لە نزیکەوە سەردانمان کردوون و هەرچییەکی پێویست بێت و داوایان کردبێت ئێمە بەدەنگیانەوە چووین، بەڵام پێویست بەوە دەکات پتر کارو پرۆژەیان بۆ ئەنجام بدرێت، بەشی زۆری ئەو گوندانە گلەیی لەدواکەوتنی ئاژووقە دەکەن، لەبەر ئەوەی بارودۆخی داراییان زۆر باش نییە،پتر پشتیان بە ئازووقەی بڕیاری (٩٨٦) دەبەست، ئەوانەی کارەبای نیشتمانیان نییە کە کارەبای هەموو ناوچەکە لەسەر کوردستانە داوایان دەکرد بەزووترین کات کارەبایان بۆبچێت، چونکە ئەوان ناتوانن بۆ هەر ئەمپێرێك (٥) هەزار دیناریش بدەن بەکارەبای موەلیدە، بەگشتی ئەو گوندانەی کە دانیشتووانەکەی عەرەبن زۆر لەئیدارەو حکومەتی کوردستان ڕازین.

### قەزای بەردەڕەش لەهەموو بوارەکانی خزمەتگوزاری شارەوانیدا گرفت و کەموکوڕی زۆری هەیەو نازانین کەی کارگەیەکی ڕیسایکلین لە ناوچەکەدا ئەنجام دەدرێت

سەبارەت بەبواری ئاوەڕۆ و کارە خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی بەگشتی قایمقامی قەزای بەردەڕەش وتی: بەکورتی و کرمانجی قەزای بەردەڕەش لەهەموو بوارەکانی خزمەتگوزاری شارەوانی گرفت و کەموکوڕی هەیە، لە کارەکاندا لاوازین و دەتوانم بڵێم لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی دواییدا چ پرۆژەیەك لە بوارەکانی خزمەتگوزاری بۆ بەردەڕەش و سنوورەکەی ئەنجام نەدراوە،ئامێر و ئۆتۆمبێلی خزمەتگوزاری زۆر کەمە و ئەوەی هەشە زۆر کۆنن و هی مۆدێلی ساڵانی (٧٠) کانە و بە تەواوی بێکەڵك بوون،ئێستاکە زبڵوخاشاك کۆکردنەوە بەسستەمێکی کۆن و تەقلیدی ئەنجام دەدرێت و ناتوانرێت ڕۆژانە شارەکە پاك بکرێتەوە، بەڵام لەماوەی ڕابردوودا لەلایەن وەزارەتی شارەوانی باس لەوەکراوە کە کارگەیەکی جوداکردنەوەی زبڵو خاشاك (ڕیسایکلین) دابنرێت کە هەر سێ قەزای (بەردەڕەش و ئاکرێ و شێخان) سوودی لێ وەربگرن ئەمەش بیروکە و چارەسەرێکی باشە، بەڵام نازانین کەی ئەو پرۆژەیە جێبەجێ دەکرێت. لە بواری ئاوی خواردنەوەدا هەموو گوندەکانی سنووری بەردەڕەش پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی هەیە و زۆربەی پرۆژەکانیش بیری ئیرتوازییە و لەسەنتەری قەزا و ناحیەکانیش تارادەیە لە بواری ئاوی خواردنەوەدا باشن، بەڵام گرفت هەر هەیە،

## دەرچووانی قۆناغەکانی خوێندن و پەیمانگاو زانکۆ ئەوانەیان کەلەدانیشتووانی بەردەڕەش و دەوروبەرن لەدەڤەرەکە وەکو مامۆستا دانەنراون

بۆیە پلانێك هەیە و بودجەش بۆ دیزاینەکەی تەرخان کراوە کە پرۆژەیەکی ستراتیژی ئەنجام بدرێت، ئاوی خواردنەوە لە زێی گەورەوە بێنن بۆ بەردەڕەش کە تێیدا پتر لە(٣٥) گوند و ناحیەی دارەتوو و سەنتەری قەزا لێی سوودمەند دەبن.

### کێشەی زەوی و زاری کشتوکاڵی و زیدەڕۆیی لەبەردەڕەش زۆر زیادی کردووە

لە بارەی کێشەی زەوی و زاری کشتوکاڵی و زیدەڕۆیی لەسنوور و سەنتەری قەزا، قایمقامی قەزای بەردەڕەش وتی : سنووری قەزای بەردەڕەش لە (٧٥٪)ی زەوی کشتوکاڵییە و دانیشتووانەکەی بە کاری کشتوکاڵییەوە خەریکن، کێشە و گرفتی زەوی و زاری کشتوکاڵیمان هەیە، کێشەکانیش لە نێوان (جوتیار و موڵکدار) و (موڵکدار و موڵکدار) و (جوتیار و جوتیار) و (جوتیار و وەزارەتی کشتوکاڵ) و (سنووری گوندەکان) هەیە،بەڵام بەهاوکاری پارێزگا و لایەنی پێوەندار و شەخسی خاوەن کێشەکان تارادەك کێشەکان چارەسەر کراوە، توانراوە لە ئاستێکدا ڕابگیرێت.

لەپێش بوون بە قەزا بەردەڕەش زێدەڕۆیی تێدا هەبوو، بەڵام ئێستاکە زیدەڕۆییەکە زۆر زیادی کردووە پتر لە (٢٠٠٠) خێزانی ئاوارە هاتۆتە قەزای بەردەڕەش، هەر هەموو ئەمانەش لەسەر زەوی کشتوکاڵی و شارەوانی بە زێدەڕۆی









خانوویان دروست کردووە، بڕیار بۆ تێکدانی هەموو زێدەڕۆییەك هەیە، بەڵام بۆ چارەسەریکردن و بنەبڕکردنی ئەم دیاردەیە لیژنەك لەنەخشەی بنەڕەتی پارێزگای دهۆك هاتووە تەماشا دەکات ئەو زێدەڕۆیانەی کە لەگەڵ دیزاین و نەخشەی بنەڕەتی بگونجێت ئەوە چارەسەر دەکرێت، بەڵام ئەوانەی لەسەر شوێنی گشتی و خزمەتگوزاری و ژێر تاوەری کارەبا و چەمی ئاوون... تاد تێکدەدرێت و چارەسەرێکی گونجاویش بۆ ئەوانە دەدۆزرێتەوە، ئەمانەش نزیکەی (٣٠) خێزان دەبن. لە ڕاستیدا زێدەڕۆیی زۆر کاریگەری خراپی لەسەر شارەکە دروست کردووە، لەمەو دوا لەکەس قبوڵ ناکرێت زێدەڕۆی بکات و چارەسەر تەنیا تێکدان دەبێت و قەرەبووش ناکرێنەوە، چونکە بەرژەوەندی گشتی لە پێش بەرژەوەندی هەموو کەسێکەوەیە.

**بەردەڕەش پێویستی بە سایلۆیەك هەیەو نەحکومەت و نە کەرتی تایبەت بیریان لە دروستکردنی کارگەی پیشەسازی خۆراکی نەکردۆتەوە**

سەبارەت بەبواری کشتوکاڵ قایمقامی قەزای بەردەڕەش وتی: لە سنووری بەردەڕەش خانووی پلاستیکی دابەش کراوەو، ساڵانە هەندێك هاوکاری و پشتگیری جوتیاران دەکرێت، فەرمانگەی کشتوکاڵی لەسەر ئاستی پارێزگای دهۆك زیندووەو کاری باش دەکات. ئەوەی پتر ناوچەکە پێویستی پێی هەیە سایلۆیەو بڕیارە لە بەردەڕەش ئەو سایلۆیە دروست بکرێت، چونکە پشتگیری و هاندەرێکی گەورەیە بۆ جووتیارانی ناوچەکە، لەلایەکی تر پێویستە کارگەی پیشەسازی خۆراکیی لەناوچەکە دابمەزرێت، گەرچی تا ئێستا نەحکومەت نە کەرتی تایبەت بیریان لەمە نەکردۆتەوە بۆ ناوچەکە، بەگشتی لەلایەن حکومەت و وەزارەتی پێوەندار هاوکاری و پشتگیری جوتیاران بەپێی پێویست و ڕووبەری کشتوکاڵییەکەی ناوچەکە نەکراوە.

**پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەبەردەڕەش لاوازو کەمن**

بەردەڕەش ناوچەیەکی کشتوکاڵییە، بەڵام لەبەرئەوەی سیاسەتی وەبەرهێنان لەکوردستاندا هەر زیاتر سەرقاڵی وەبەرهێنانە لەبواری نیشتەجێبوون و بازرگانیی، بەتەواوەتی لایەنی وەبەرهێنانیان لەبواری کشتوکاڵ فەرامۆش کردووە، بۆیە لەم ناوچە دەوڵەمەندەدا کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەر خاوەنی یەك پرۆژەی کشتوکاڵی مۆدێرن و پێشکەوتوو نین، سەبارەت بە کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان لەناوچەکەدا قایمقامی قەزای بەردەڕەش وتی: لە بەردەڕەش دا زەوی کشتوکاڵی و زەوی تر بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان هەیە، بەڵام تا ئێستا وەکو شارە گەورەکان نەهاتوون کار لەم ناوچانە بکەن، چونکە کەرتی تایبەت بیر لە قازانج دەکاتەوە نایەت لە قەزایەکی وەکو بەردەڕەش پارە لە زەوییەك خەرج بکات کەنەزانێت قازانجی چەندە، سەرەڕای ئەمەش ئێستاکە چەند کۆمپانیایەك لە بواری خانووی نیشتەجێبوون کار دەکەن.

لەساڵیادی دامەزراندنیدا

K.TV

مۆزایکێک بۆ هەمووان


KURDISTAN
tv

لەرۆژگاری ئەمرۆدا جیهانی دیگیتاڵیانەی ئەنتەرنێت و شاشەکانی تیڤی و مۆبایل و دەزگا و کەناڵەکانی سەتەلایت و ماسمیدیا و ڕاگەیاندن جگە لە پەیامیان بۆ ناساندنی کەلتووریی لۆکاڵ؛ ئەرکێکی سیاسی و نەتەوەیی و ئەخلاقیشیان بۆ بەرز ڕاگرتنی بەهاکانی مرۆڤایەتی لە ئەستۆدایە، بەم جۆرە مێژووی کەناڵێکی ئاسمانی کوردستانی وەك هەڵگری پەیامی نیشتمانیی و نەتەوەیی گەلێکی پەراوێزخراو و کۆمەڵگەیەکی خودفەرامۆش لەدنیادا، پێش یازدە ساڵ لەمەوبەر و لەرێکەوتی ١٩٩٩/١/١٧ یەکەم پەخشی خۆی وشاند، ئەمەش بۆ ئەو سەردەمەو بۆ ئێستاش بەتایبەت لە گەیاندنی ویست و خواستی جڤاکی کوردستان و دۆزەکەی بە دەرەوە جێی بایەخ و گرنگی پێدانە، کوردستان تیڤی لە هەلومەرجێکی سیاسی و ئابووری تایبەتیدا و بە ئاکاییەکی کەلتووریانەو بە رۆح و زمانێکی شکۆمەندانەی هزرییەوە لەدایك بوو، دوای لەدایکبوونیشی لە کوردستاندا وەك مۆدیەکی بە هەرمێن بۆ لەدایکبوونی چەند کەناڵێکی ئاسمانی تر ڕێگەی خۆش کرد، KTV توانی بە بەرنامەیەکی تۆکمەوە

## کوردستان تیڤی لە هەلومەرجێکی سیاسی و ئابووری تایبەتیدا و بە ئاکاییەکی کەلتووریانەو بە رۆح و زمانێکی شکۆمەندانەی هزرییەوە لەدایك بووە

چێژی ستاتیکا و ڕۆشنبیرییەکی ڕەنگاو ڕەنگ بخاتە بەر دیدی بینەران و جڤاکەوە و هەموو ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکان لە خۆیدا کۆبکاتەوەو ڕاستی و واقیعی نەتەوەیەك و دۆخی کوردستان هاوشان لەگەڵ ڕەوتی جیهانگیری بەرەودنیای دەرەوە بگوازێتەوە. KTVئەمڕۆ مۆمی دوازدەیەمینی خۆی دادەگیرسێنێ و بەئەقڵیەتێکی دامەزراوەیی پرۆفیشناڵیی بەهێزەوە و بەکۆمەڵێك پرۆژەی ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەوە بەشێکی کارا لە دەنگ و ڕەنگی میدیای کوردی بۆ پێشەوە دەبات.

### ڕاستگۆترین کەناڵ... لەبەرنامەی ئەم ساڵیدا زیاترگرنگی بەخزمەی هاووڵاتیان دەدات

کوردستانییەت لە پەیامدا و پرۆفیشناڵ بوون لە بەرنامەکاندا و ئەزموونگەرێتی هەمیشە لە نوێکردنەوەی ڕۆحدا ئەو مۆرکە دانەبڕاوانەن کە بەسیمای KTVیەوە دیارن، بوونی کەسێکی میدیاکاری بەئەزموون لە کۆکردنەوەی کۆی هێزو تواناى داهێنەرانەی چەندین کادێری وریا لە فێربووندا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە چ لە بەڕێوەبردنی دەزگاکەدا و چ بۆ پاراستنی تایبەتمەندێتی و ڕاستگۆیی و ئەخلاقییەتی پیشەیی ڕاگەیاندکاریی . کاروان ئاکرەیی بەڕێوەبەری گشتی KTV وەك پەرۆشخۆرێك، کۆشش و هەوڵێکی وەرچەرخێنەرانەی داوە تاوەکو بەتین و جۆشێکی داهێنەرانەوە جوانی و لێهاتوویی ئەو کەناڵە بگەیەنێتە ئاستێك کە بەڕاستگۆیی و پرۆفیشناڵییەتەوە کاری میدیایی لەکوردستاندا دەکاتە مۆدە ..

ئێمە وەکو ستافی گۆڤاری گوڵان وێڕای پیرۆزباییمان لە بەڕێوەبەرایەتی و کارمەندانی ئەم کەناڵە ئاسمانییە بۆ ساڵیادی دامەزراندنیی بەبۆنەی ١٢ ساڵەی کارکردنیەوە لە ڕاگەیاندنی کوردستانیدا، پێویستە ئەوەش بەیاد بێنینەوە کە کوردستان تیڤی یەکەمین کەناڵی ئاسمانی بوو لە باشووری کوردستان کە بە ئازادی لە ناو جڤاك و خاکی کوردانەوە ڕسکا و بۆ گەیاندنی دەنگ و ڕەنگ و پرس و دۆزی کورد لە کوردستانەوە پەخشی خۆی دەستپێکرد و هەموو سنوورە دەستکردەکانی شکاند .

دووبارە دەستخۆشی لەهەوڵ و ماندووبوونی یەکەیەکەی کارمەندان و بەڕێوەبەرو بەرپرسی ئەو کەناڵە نیشتمانیی و پڕ ئەزموونە دەکەین کە هەڵگری ئومێدن بۆدەوڵەمەندکردنی بواری میدیای داهاتووی نیشتمانی کوردان.

بۆ زیاتر شارەزابوون لە کارو بەرنامەکانی داهاتووی دەزگاکە لە پیرمام سەردانی ئۆفیسی سەرەکیی کەناڵەکەمان کرد، بەشەکانی KTVیمان بەسەر کردەوە، کە سەرەڕای ساردی کەشوهەواو پروشە و نمەی بەفرباریین گەرم و گوڕییەکی بێوێنە بەکارەکانیانەوە دیار بوو...

### KTV قۆناغێك بۆ وەرچەرخان لەمێژووی میدیاکارانی کوردستانیی

لە١٧ی تشرینی١٩٩٩ لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا یەکەمین پەخشی کوردستان تیڤی وەشێنرا، ئەو سەردەم و قۆناغە وێڕای گەیاندنی دۆزە نەتەوەییە ڕەواکەی گەلی کورد بە دنیاو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە دەرەوە ؛ سەرەتای کۆئاگاهێنانی بینەرانیش بوو بۆ چەمکەلی دیموکراتییەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و بەهای نەتەوەیی و تاکەکەسی و مافەکانی منداڵان و ئافرەتان لە ناوەوە، هاوکات جەخت کردنەوە بوو لەئەزموونی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی و ژیانی جڤاکی کوردستان کە ناتوانێت دابڕاو بێت لە جڤاکەکانی دەوروبەرو جیهان و هەموان پێکەوە لە ناو یەکتریدا دەفرازێن، ئاگادارکردنەوەی هێزگەلێکی مرۆڤدۆست لە دنیادا بۆ ڕەوایەتی مافە نەتەوایەتییەکانی کوردو خستنە ڕووی ئەو زوڵم و ستەمەی بە درێژایی مێژوو لە گەلی کوردستان کراوەو سەرنج ڕاکێشانی ئەوانی تر بەم بەسەرهات و ڕووداوانەی ڕوویانداوەو ڕوودەدەن یەکێك بوو لەو ئامانجانەی کە وایانکرد ئەم کەناڵە دابمەزرێت، جێی هەڵوەستەو تێڕوانینە کە هەر لە ساڵانی بەرایی پەخشیەوە بووبە کەناڵێك بۆ کرانەوەی فرە پەیوەندی لە نێوان کوردستان و جیهانی دەرەوەی خۆی، KTV لەسەر ئەو بناغە پتەوو دەوڵەمەندەی بۆ وەدیهێنانی ئامانجە باڵاکانی نیشتمانی دامەزراوەو بڕیارو ویستی مەبدەئیانەی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە پشتەوە بوو تا ئەم کەناڵە ئەکتیڤانە بێتە ناو جیهانی میدیا و بەرەو بەکاری پیشەیی ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیانکاریی کوردستانیی بدات، لەو دەمەوە کوردستانییەکان پێویستییان بەوەدەروازە کراوەیە هەبوو تاوەکو دەنگی خۆیان بەدنیای پێشکەوتووی دەرەوە بگەیەنن، سەردەمەکەش بەرەو قۆناغێکی گرنگ دەڕۆشت کە دواتر بەهۆی کرانەوەو شەفافییەت و پرۆفیشناڵیی بوون وەرچەرخانێکی مێژوویی بۆ کوردو دۆزەکەی لێکەوتەوە.

بەو پێیەی ئاسمان وەکو سنوورەکانی سەر زەمین موڵکی کەس نییە بەڵکو ئەجینداییەکی سەرتاسەری مرۆڤایەتییە و موڵکی هەموو میللەتانە، هەر بۆیە باشترین ڕێگا و دەرفەت بۆ کورد ئەوەیە کە پێویستە لەسەری بۆ گەیاندنی

## بەکوێرەی زۆربەی ئەو ڕاپرسی و وەرگرتنی دەنگانەی سەبارەت بە ڕاگەیاندنی کوردی لەم ساڵانەی دواییدا کراون کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی بەڕاستگۆترین کەناڵ دانراوە

دەنگ و پەیامی ڕەوای خۆی ئاسمان هەڵبژێرێت، هاوکات بەو پێیەی ڕاگەیاندن و دیگیتاڵ ڕۆڵێکی بەرچاوی لەو کرانەوە بەرفراوانەدا هەیە کە دنیای ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەخۆیەوە بینیویەتی، بگرە ڕاگەیاندن ئەرکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگیشی بۆ فراژان و ڕسکانی کەلتووری ژیاریی لە ئەستۆدایە، لەبەرئەوە تا پەیامی مرۆڤانە لە ئاستێکی بەر تەسك چڕ نەکرێتەوە لەپاڵ ئەرکە سیاسی و نەتەوەییەکاندا ئەرکەکانی میدیاکارانی بەئەزموون زۆر لەجاران قورسترو زەحمەتتر بوون، بەرادەیەك قورسە ئەرکی ڕاگەیاندن کار ئەوەیە مۆرکی ناوچەگەرێتی و شارچێتی و حزبایەتی و هەموو بەرتەسك ڕوانینەکانی تر لە کەناڵەکانی ماسمیدیا بکاتەوە، هەربۆیە لەو بارودۆخە ناسکەدا پەخشی کەناڵێکی ئاسمانی کوردی بۆ یەکەمینجار لە مێژووی کوردا و لە باشووری کوردستانەوە کەوتە بەرچاوی بینەرانی کوردستان و جیهان، دەکرێت ناوی لێبنێین قۆناغێکی وەرچەرخان لەمێژووی میدیاکارانی

کوردستانیی.

**ئاوێنەیەك بۆ هزرو بۆچوون و دەنگی هەموو خەڵکی کوردستان**

کارمەندەکانی KTV حیرفەیی و پڕ ئەزموونی بەکارەکانیانەوە دیارە، گەرچی ئاسان نییە لە روانگەی زانستییەوە هەروا بە سانایی هەموو ئەرك و کارەکانی ئەم کەناڵە هەڵسەنگێنین کە ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کوردی لە ریزبەندی پێشەوەی کارەکانی داناوە، ئەم ئەرکانەش هەوێنێك بوو بۆ ئەوەی لەدوارۆژدا ببێتە ئەوکەناڵەی کە وەکو ئاوێنە هزروبۆچوون و ناخ ودەنگی هەموو خەڵکی تێدا رەنگبداتەوەو مۆزاییکی کوردستانی پێوەدیاربێت، هەر لەم روانگەیەوە لەیەکەم ساڵی پەخشیدا کوردستان تیڤی بەرنامەکانی بە (٧) زمان بڵاودەکردەوە، کوردی بەهەردوو دیالێکتی کورمانجی سەروو خواروو لە پاڵ عەرەبی و سریانی و تورکی و ئینگلیزی و تورکمانی و فارسیدا، زۆری و رەنگاوڕەنگیی لە گەیاندنی پەیامەکان بەو زمانە جیاوازانەوە بۆ گەیاندنی جیهانبینیانەی واقیعی نەتەوەیی گەلی کورد دەگەڕایەوە.

**باشترین ڕێگا و دەرفەت بۆ کورد ئەوەیە کە پێویستە لەسەری بۆ گەیاندنی دەنگ و پەیامی رەوای خۆی ئاسمان هەڵبژێرێت**

ئەمە جگە لەوەی ئەو کات کوردستان تیڤی کەناڵێکی گشتی بوو، کەناڵی گشتیش وا پێویستی دەکرد هەموو بەرنامەیەکی سیاسی و هونەری و کەلتووری و وەرزشی و . تاد بۆ گۆشکردنی جەماوەر بە هەموو توێژو چینەکانیانەوە هەبێت.

**لە ٢٠٠٨وە بەرەو تایبەتمەندێتی**

لە٢٠٠٨وە هەنگاو بەهەنگاو وا پێویست دەکرا کوردستان ببێتە خاوەنی کەناڵێکی ئاسمانی تایبەتمەند، کەناڵێکی ئاسمانی تایبەت بە( دەنگوباس و سیاسەت و دیکۆمێنتاریی ) ئەوەی زەمینەی بۆ ئەم ئاڕاستەیە خۆشکرد ئەزموون و توانای ستافەکانی کەناڵەکەو بوونی چەند کەناڵێکی تر بوون کە لەکوردستان لەدایکبوون و دەیانتوانی ئەرکی سەرشانی کوردستان تیڤی لەبوارەکانی هونەری و رەنگاورەنگ و کۆمەڵایەتی وتەکنیکی سووك بکەن، هەر بۆیە کلیپ و بەرنامە هونەرییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبوونەوە، بەڵام ئەمەش واینەکرد کەناڵەکە کەمتەرخەم بێت لەخزمەت گەیاندن بەبواری هونەریی بەتایبەتی دوای ئەوەی کەناڵەکە رووی کردە پشتگیری درامای کوردی و وەرگێڕانی فیلمی بیانی و دۆبلاژکردنی زنجیرەو فلیمە بیانییەکان، هەروەها یەکەمین کەناڵبوو کەبۆ دروستکردنی ئەفلامکارتۆنی کوردی خۆماڵی چەند هەوڵێکی زانستانەی دا، لە بیرمانە ساڵی رابردوو بەڕێوەبەری گشتی KTV لە دیمانەیەکی گوڵاندا کە بەبۆنەی ساڵیادی کەناڵەکەیانەوە سازمانکردبوو پێمانی وت:( کار زیاتر بۆ نزیکبوونەوەو تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکی دەکەین، هەربۆیە لەساڵی تازە(مەبەستی ٢٠٠٩بوو)خۆمان خەریکی ناو ستۆدیۆو دانوستاندن و وتووێژو دیمانەی بێزارکەر ناکەین .

سەبارەت بەئاراستەی داهاتووی کەناڵەکەش بەڕێزی وتی: لەسەر ئاستی دنیا هەوڵدەدەین وەکو کەناڵێکی کوردستانی بەزمانی کوردی بتوانین قووڵاییەکی نێودەوڵەتی بە هەموو رەهەندەکانیەوە دروست بکەین..).

**پاڵپشتیکردن بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بە چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی**

لەپێناو بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و دیموکراسیدا کەناڵی کوردستان تیڤی هەردەم هەوڵی داوە ئەم ئەرکە بەباشترین شێوە بەجێ بهێنێت، هەربۆیە سەرەرای ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی هەوڵیشی داوە پارێزگاری لەراوبۆچوونە جیاوازەکان بکات و هاوسەنگی هێزو لایەنە جیاوازەکان ڕابگرێت، ئەم واقیعە لەبەرنامەکانیدا رەنگی داوەتەوە، بە تایبەتی لەو کاتانەی کە گەلی کوردستانی لەسەرمەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا پێویستییان بەیەك دەنگی و یەکڕیزی هەیە.

**KTV پلەی یەکەمی لە راستگۆییدا بەدەست هێناوە**

بەگوێرەی زۆربەی ئەو راپرسی و وەرگرتنی دەنگانەی سەبارەت بە راگەیاندنی کوردی لەم ساڵانەی دواییدا کراون کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی بەراستگۆترین کەناڵ دانراوە، ئەمەش دەستکەوتێکی تری گرنگە بۆ ئەوەی هەمیشە دەنگی کوردستانییەت بگەیەنێتە دەرەوەو، رۆڵی ئیجابیانەی لە سەرختنی ئەزموونی کوردستان ورەوایەتی دۆزە نەتەوەییەکەیدا هەبێت؟ ئێستاکە KTVپەخشەکەی دەگاتە ٨٠٪ی وڵاتانی دنیا، هەریەك لە کیشوەرەکانی ئەورووپاو ئەمەریکاو ئەمەریکای لاتینی و باشووری ئاسیاو ئوسترالیا دەگرێتەوە، زیاتر جەخت لەسەر ئەو شوێنانەش کراوەتەوە کە دیاسفۆرای کوردو کوردستانی لێیە، هەر کەسێکیش بیەوێت ئاگاداری وردەکارییەکانی کوردستان تیڤی بێت لە هەرشوێنێکی دنیا بێت دەتوانێت لە ڕێگای وێب سایتەکەیەوە راستەوخۆ بەکلیکێك و تەنیا بەجیاوازی ماوەی دوو چرکە لە پەخشی راستەوخۆی بەرنامەو دەنگوباسەکانی KTV ئاگاداربێتەوەو ببینێت، سەبارەت بەپێوەندییەکان و وێب سایتی KTV کە زیاتر لە ٢٠٠٠ کەسایەتی لەبانکی زانیارییەکانی ئەم کەناڵە کۆکراوەتەوەو لە نێوخۆشیدا لەگەڵ سەرجەم رێکخراوو ناوەندو دەزگای حکومییەکان پێوەندی بەهێزی هەیە، هاوکات لەگەڵ ئاژانسی جیهانی (ئەسۆشێدپرێس) گرێبەستی هەیە، تاوەکو لەڕێگای ئەم ئاژانسە جیهانییەوە کە بارەگای سەرەکی لە شاری لەندەنی پایتەختی راگەیاندنی جیهانییە لەبەریتانیا و بەپێی گرێبەستەکە راستەوخۆو بەشێوەیەکی خێرا هەواڵە نێودەوڵەتی و هونەری و هەمەرەنگەکانی لێوەربگرێت، تەنانەت لەهەر شوێنێکی دنیا کوردستان تیڤی بیەوێت کاروچالاکی و هەواڵ بگوازێتەوە ئەوا لە ڕێگای ئەم ئاژانسەوە هاوکاری دەکرێت، بەمەش رووداوو هەواڵەکان بەشێوەیەکی خێرا دەگەیەنرێنە بینەری کوردستانی و ئەمەش دەبێتە تایبەتمەندییەکی تری KTV، ئیبراهیم حاجی ساڵح بەڕێوەبەری پێوەندییەکان و سەرنووسەری سایتی کوردستان وتی: کوردستان تیڤی پەیامێکی بڵاوکراوەی هەیەو لەسەر ئەو بنەمایە کار دەکات، رازیبوونی بینەرو خەڵك لەلای ئێمە گرنگە، هەر ئەو بنەمایانە بووە وایکردووە کە چەند ساڵە

**ئەرکی راگەیاندنکار ئەوەیە مۆرکی ناوچەگەرێتی و شارچێتی و حزبایەتی و هەموو بەرتەسك روانینەکانی تر لە کەناڵەکانی ماسمیدیا بکاتەوە**

لە راپرسییەکاندا KTV پلەی یەکەمین لە راستگۆییدا بەدەست بێنێت، ئەوەبوو لە راپرسی دەزگایەکی سەر بە توێژینەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکادا کە لەکاتی هەڵبژاردنەکان ئەنجامیاندا تێیدا پرسیاریان کردبوو : بۆ زانیاری راست و دروست لەسەر هەڵبژاردن لەکوردستان پشت بەکام کەناڵی میدیایی دەبەستێت؟ ئەوەبوو دەرئەنجامەکەی KTVلەکوردستان بەیەکەم کەناڵ ناوی هاتوو لەسەر ئاستی عێراقیش شەشەمین کەناڵی راگەیاندن بوو. KTV کەناڵێکە لەگەڵ هەواڵ و بەرنامەو بابەتەکان مامەڵەیەکی شەفاف و راستگۆییانەی هەیە، هەر کەناڵێکی راگەیاندنیش مسداقییەتی لە راستگۆیدایە گەر وانەبێت باجەکەی بە قورسی دەداتەوە.

**کوردستان تیڤی وەك کەناڵێکی هەواڵ و رۆشنبیری و دیکۆمێنتاری بەردەوامی بە کارەکانی خۆی دەدات**

بەرنامەکانی کوردستان تیڤی لەپاڵ گەشەسەندنی ماسمیدیا و بزاڤەکانی ژیاریی و کۆمەڵگەیی کوردستاندا تایبەتمەندێتی خۆیان









هەیەو لەناو کەناڵە ئاسمانیەکانی کوردستان تەنیا کەناڵێکە بێ جیاوازی گرنگی بەهەموو ئەتنی و زمـــان و کەلتوورو ئایین ومەزهەب و ئاینزاکانی نێو کوردســـتان دەدات، تەنانەت لە بوارەکانی هەواڵ و رۆشـــنبیری و هونەری و وەرزشیدا بەبێ حســـابکردن بۆ ناوچەگەریتی و رەگەزچێتـــی و شـــارچێتی هەمووان بەپێی لێهاتوویی و قەبارەی داهێنانیان بەسەر دەکاتەوە، کامیل فەخرەدین بەرێوەبـــەری بەرنامەکان لە KTV سەبارەت بە بەرنامەکانی ئەم کەناڵە وتی (( لە دوانزە ساڵەی کارکردنی کوردستان تیڤی دا، بەردەوامـــی دەدەین بـــە گوتاری نەتەوەیی و نیشـــتمانی ئەمـــەش بەئەزموونێکی دوانزە ساڵییەوەو بەتێروانینێکی قووڵترەوە کەناڵەکەمان خزمەت بەو گوتارە دەکات)) وێڕای گرنگیدان بەم لایەنە کوردســـتان تیڤی بایەخی بەهەموو زمـــان و کەلتـــوورو ئاییـــن و ئاینزاکانی نیو کوردســـتان داوەو لەهەمـــوو بوارەکانـــدا جێ پەنجەی دیارە.

هەر سەبارەت بە بەرنامەکانی کوردستان تیڤی بەرێوەبەری بەرنامەکان دەڵێت: بەرنامەکان هەر شەش مانگ جارێك پرۆگرامی نوێیان هەیەو، بۆ شـــەش مانگی یەکەمی ســـاڵی ٢٠١١ لە دوای ئەوەی کە دوو ســـتۆدیۆی نوێمان ئامادە کردووە بۆ هـــەواڵ و بەرنامەکان لەشـــێوازی کارکردنمانـــدا گرنگیدانی زیاتـــرە بە خەمی هاووڵاتیان دەدەین وئەمەش بە بەشـــداریکردنی راســـتەوخۆی هاووڵاتیان لەناو ســـتۆدیۆکان و دەرەوەیاندا دەبێت.

لە دوتوێی بەرنامەکان و لە هەوڵی گەیشتن بە راستییەکان و گفتوگۆکردن لەسەر دادپەروەری و گوزەرانـــی ژیانـــی هاووڵاتیـــان بیرۆکەی بەرنامەکانی کوردســـتان تیڤییە، لە پاڵ کاری رۆژنامەگەرییەوە پرۆگرامەکان لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانیش ســـەرگەرم و سەرقاڵ دەبن، لەهەموو پارچەکانی دیکەی کوردســـتان زیاترلەنووسینگەیەکمان هەیە و کارو چالاکییە رۆشـــنبیری و هونەرییەکانیان بە بەردەوامی بڵاودەکرێنەوە، ئەمە جگە لەو دیکۆمێنتاریانەی کە بەردەوام شـــارەکانی دیکەی کوردستان بۆ بینـــەران پێناس دەکەن و لـــە هەموو رووەکانی کەلتووری و رۆشـــنبیری و هونەری و بژێوی ژیان و گوزەرانیان دەکۆڵێتەوە.

### لەهەواڵەکاندا بڕوامان بەراستگۆیی و مسداقییەت هەیە نەك پەلەکردن و پێشبرکێ لەسەر حیسابی راستگۆیی....

هەواڵەکانی کوردســـتان تیڤی بەزمانێکی لەسەرخۆو هادیف ناسراون، KTV لەهەواڵەکانیدا خۆی ناکاتە حەکەم و حاکم بەســـەر خەڵکییەوە هەروەکو چۆن هەندێك کەناڵی ســـەتەلایت لەم دواییەدا پەیدا بـــوون و خۆیان کردۆتە حاکمی رەهای خەڵك وســـیناریۆو تەمسیلی ساختە بە

جەماوەر دەردێنن کە ئەمەش پابەندنەبوونی کارمەندان و بەرنامەدارێژەرانی ئەو کەناڵانەن بە بنەماکانی ئەخلاقییەتی راگەیاندن، ئەرکی دەزگای میدیا نییە چەند کەسانێك بکەنە تووتی و دەزگاکەش خۆی بڕیار بدات فڵان باشەو فڵانە خراپە، بەڵکو کاری رۆژنامەوانی لەچوارچێوەی ئەخلاقییەتی پیشەییەوە تەماشا دەکرێت، لەسەردانێکماندا بۆ بەشی هەواڵ و سیاسەت؛ کە پێکهاتووە لە دەنگوباسی گشتی و ئابووری و وەرزش هەروەها بەرنامە سیاسییەکان و دیدی رۆژنامە و وێب سایت، کاروان ئاکرەیی بەڕێوەبەری گشتی کەناڵەکە لەوێ سەرۆکاری دەکردن وێڕای بەخێرهاتنمان بواری پێداین بەئازادانەو راشکاوانە بەشەکە بەسەر بکەینەوە، ئەوە بوو چەند پرسیارێکمان ئاراستەی عەبدولڕەحمان کاکل بەڕێوەبەری سەنتەری هەواڵ و سیاسەت کرد و لەوەڵامدا وتی: هەوڵمان داوە پیشەییانە کار بکەین، بەڵام ئێمە تەلەڤزیۆنێکی مولتەزیمین بەپرەنسیپەکانی نەتەوە و نیشتمانی خۆمانەوە، هەمووکات لەکارکردنماندا بەها نیشتمانیی و نەتەوەییەکان لەبەرایی هەموو شتێك دادەنێین، ئەوەش بەئەرکی خۆمان دەزانین، لەکارکردنیش بڕوامان بەخێرایی هەیە بەڵام نەك هەڵپەهەڵپکردن،هەروەها بڕوامان بە راستگۆیی و مسداقییەت هەیە نەك پەلەکردن و پێشبرکێ لەسەر حیسابی راستگۆیی و دروستی، بڕوامان بە داهێنان هەیە بەڵام داهێنانی خۆمانە نەك لاسایی کردنەوەی پەڕگیرانەی ئەم و ئەو.

سەبارەت بە پرۆگرامی ساڵی نوێی KTV بەڕێوەبەری سەنتەری هەواڵ و سیاسەت وتی: ئێمە هەولمان داوە لەهەموو کاتژمێرێك بڵاوکراوەیەکی دەنگوباسمان هەبێت، بێگومان دوا بڵاوکراوەی زیندوومان ١٢:٣٠ دوای نیوەشەوە .

هەروەها تۆڕی پەیامنێران بەسەر زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دابەشکراون کە سەرجەم پارێزگاکان و لە زۆربەی هەرەزۆری قەزا و ناحیەکان نووسینگە یان گرووپی پەیامنێرانی کەناڵەکەمانی تێدایە ئەمە جگە لە بەغدا و مووسڵ و بەسرە و نەجەف و لەدەرەوەی وڵاتیش بە هەمان شێوە، لەمەریوان و ورمێ و تاران و دیاربەکر و ئەستەنبول و دیمەشق و بەیروت و زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا نووسینگەمان هەیە و گرووپی پەیامنێران کاری تێدا دەکەن .

بۆ ساڵی نوێ دیارترین گۆڕانکاریمان گۆڕینی ستۆدیۆی دەنگوباس دەبێت و لە پیرمامیشەوە دەگوازینەوە بۆ ناو شاری هەولێر، بێگومان جگە لەگۆڕانکاریی لەدیکۆرو ستۆدیۆو نوێبوونەوەیەکی نەوعیش بە ناوەڕۆکی کارەکانمانەوە ڕوودەدات.










# پرسی ئافرەت و جیاوازی لە بۆچوونەکانی ئافرەتان خۆیاندا



جیهان ڕەشید سندی

گومان لەوەدانییە کە کوردستان لە زۆر ڕووەوە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، هەر لە بواری ئاوەدانکردنەوەوە بگرە کە بەشی شێری پرۆسەکەش لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد، تا دەگاتە بواری تری وەك بەشداری کردنی ڕێژەیەکی بەرچاوی ئافرەت لە دەسەڵاتی یاسادانان‌دا، کە بەپێی دەستوری نوێی عێراقی ٢٥٪ کورسییەکانی پەرلەمان بۆ ئافرەتە و لە کوردستان ڕێژەکە زیاتریش کراوە بۆ ٣٠٪ ی کورسییەکان و هەروەها لە زۆر بواری تریش.

لەم دواییانەدا لە کوردستان بابەتی کۆتا بۆ ئافرەت لە سەرکردایەتی حزبی سەرەکیدا ( پارتی دیموکراتی کوردستان) هاتە ئاراوە. وەکو هەر بابەتێکی تری نوێ کە سەرهەڵدەدات، هاوشێوەی ئەو مشتومڕەی کە لەکاتی تاوتوێ کردنی بابەتی کۆتا دروست ببوو لەسەر داڕشتنی دەستووری نوێی عێراق لە نێوان لایەنگران و نەیارانی پرسەکە، ئەم بابەتەش بوو ڕووداوی ڕۆژ لەلای زۆر کەس لە لایەنگران و ڕکابەرەکان وهەرکەسێك بە شێوەیەك شرۆڤەی دەکرد و زۆر کەسیش بەگومانەوە دەیانڕوانیە پرسەکە.

ئەوەی سەیر بوو ڕکابەرەکان کە بەدەنگ و کردەوە لەدژی وەستان زۆرینە ئافرەت خۆیان بوون کە بە بۆچوونی من ژمارەیەکیان بابەتەکەیان بە خودی کەسەکان بەستبووەوە (شخصنە) و ژمارەیەکی تر بە بچووك کردنەوەی ئافرەتیان لەقەڵەم دەدا و هەندێکیشیان لەوانەیە تا ئێستا لە پرسی ئافرەت تێنەگەیشتبن.

بەهەرحاڵ، لەبەر هەر هۆیەك بێت خۆشبەختانە سەرکردایەتی پارتی لە میانەی کۆنگرەکەدا (کۆنگرەی ١٣) وەکو سەرکردایەتییێکی سەردەمیانە و بەرپرس و بەوپەڕی بوێرییەوە پشتگیری خۆی بۆ پرسەکە دەربڕی و بە ڕێگەیەکی گونجاوی بۆ ئەم قۆناغەی ئێستای لەقەڵەم دا بۆ گەیاندنی ئافرەت بە سەرکردایەتی بەڕێژەیەکی بەرچاو و هەروەها پرسەکە متمانەی زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرەی وەرگرت و پەسەندکرا و بەو ڕێگەیە ژمارەیەکی بەرچاو ئافرەت گەیشتنە سەرکردایەتی.

بەر لەکۆنگرە کاتێ ئەم بابەتە لەلایەن ژمارەیەك ئافرەت وروژێنرا بۆ ژمارەیەك مەبەست بوو: وەکو مافێکی ئافرەتان کە بگەن بەو ئاست و پلەیە و هەروەها ئافرەت ڕۆڵی خۆی ببینێ وەکو سەرکردە و بە هیوای ئەوە بەو ڕێژەیە و باشتریش بگاتە هەموو ئاستی حزبایەتی و ناوەندەکانی تر کە ئەم بابەتانە پەیوەستن بە پرسی ئافرەتەوە بۆ ئەم سەردەمە.

ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا دروست بوونی نارەزایی بوو لەلایەن ئافرەتی تر لە دژی پرسی کۆتا و ژمارەیەك لە ڕەخنەگرانیش کە ئافرەتی پەرلەمانتاربوون کە خۆیان بەکۆتا گەیشتوونەتە پەرلەمان.

پێموایە لەبەر هەرهۆیەك بوایە نەدەبووا ئافرەت خۆی لەدژی بابەتێك بوەستابوایە کە برەو بە دۆزی ئافرەت دەدات و نەدەبوایە بەشداری لەو مشتومڕە بکەن یان ببنە لایەنێکی کێشەکە کاتێ کۆتا تەنیا ڕێگەیەکی گونجاو و پێویستە بۆ ئەم قۆناغە، بۆ مسۆگەرکردنی بەشداریکردنی ئافرەت بەڕێژەیەکی بەرچاو و بۆنموونە لە دەسەڵاتی حزبی دا، کە دەکرێت لەکاتێکی تر ئافرەتان خۆیان بەهەوڵی خودی خۆیان و بە ڕێژەیەکی زۆر باشتر و بەبێ کۆتا بگەنە ئەو ئاستە.

بەڵام بەهەر حاڵ، ئەم ئەزموونە یەك خاڵ ڕوون دەکاتەوە، ئەویش نەبوونی یەك ڕیزی بوو لە نێو ئافرەتاندا کە زۆر بەئاسانی بەدیکرا کەوا کێشەکە لە نێو ئافرەتان خۆیاندایە. بۆیە پێویستە ئافرەتان وانە لەم ئەزموونە وەرگرن و یەکدەنگبن لەسەر داواکارییەکان تاکو بیانوو نەدەن بە کەسانێك کە بڵێن ئافرەتان خۆیان نازانن چییان دەوێت ویان لەناو خۆیاندا یەکگرتوونیین لەکاتێك کە ئافرەت کەمینەیە و وەکو هەر کەمینەیەك پێویستە هەوڵ بدات یەك ڕیزی دروستبکات لەناو خودی خۆیاندا و یەك ڕیزی خۆی بپارێزێ.

دەڵێم کەمینە کە هەرچەندە نیوەی کۆمەڵگایە، بەڵام کەمینەن لە دەسەڵاتدا و دەبێ ئافرەت دان بەو ڕاستییەد ابنێن کە میراتێکە و بۆی ماوتەوە و پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە. تاکو دان بەوەدا نەنێن هۆشیاری لەلایان دروست نابێت بۆ ئەوەی داوای مافی خۆیان بکەن و ڕێگە چارەش بۆی بدۆزنەوە کاتێ ئەمە تەنیا بابەتیش نییە کە پەیوەستە بە پرسی ئافرەتەوە کە پێویستی بە چارەسەری هەیە.

لەلایەکی ترەوە، بۆ بەرەو پێشەوە بردنی پرسی ئافرەت بەشێوەیەکی گشتی پێویستە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و لەسەر بنەمای توێژینەوە داواکاری و کێشە وگرفتەکان دەست نیشان بکرێن و هەروەها نەخشەی ڕێگەیەك دابمەزرێنرێت بۆ بەدیهێنانی ئەو داواکاریانە و چارەسەرکردنی گرفتەکانیش و ئەمە دەکرێت ئەنجام بدرێت بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەو ڕێخراو و دەستانەی کە تایبەتن بە پرسی ئافرەتەوە و هەروەها ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان کە بەنیازە لە کاتێکی نزیك دەست بەکار بێ کە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمە.

# لەبارەی جەندەرەوە چی دەزانین؟!


ئەگەر باوەڕ بەوە بهێنین کە دۆزی ژن دۆزێکی ئینسانییە، تەنیا کێشەی خۆی نییە و کێشەی تەواوی کۆمەڵگایەکە، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی دیکە تێبگەین لەوەی کە ئەو قەمعەی دەکەوێتە سەر ژن کەوتۆتە سەر مرۆڤایەتی و لەهەردوو رەهەندە ئەخلاقی و ئایدیۆلۆژیەکەیەوە لەم مەسەلەیە وردبینەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی کە کۆمەڵگا ئەو زوڵمەی لە ژنی دەکات لە واقیعدا لە نۆرم و بەهای ئینسانی و لە مێژووی ئەخلاقی خۆی دەکات.

خۆ ئەگەر لە پەنجەرە تەسکەکانەوە بمانەوێت کێشە گەورەکان بورووژێنین یان کپیان بکەین، ئەوە بێگومان بە حاڵەتێکی تەندروست ناشکێتەوە، هەروەك بەمدواییە ئەو هەرایە لەسەر دەستەواژەی (جەندەر) نرایەوە، کە زۆر بەزەقی مەبەست لێی روون بوو، بەڵام بە ئاقارێکدا برا کە هیچ خزمەتێکی نە بە دۆزی ژن کرد، نە بە فیکری دینی، تەنانەت خزمەتیشی بە فەرهەنگی زمانەوانی و ئەدەبی کوردیش نەکرد..

لەو کاتەی کە وشەی جەندەر بە مانای (جۆری کۆمەڵایەتی ) دێت، ئەم دەستەواژەیە کە یەکەمجار لە حەفتاکانی سەدەی پێشوو لەلایەن (ئان ئۆکلی ) و هاوڕێ نووسەرەکانییەوە بەکارهات، ئەو کات مەبەستیان دەستنیشانکردنی خاسیەتەکانی ژن و پیاو بوو لە رووی کۆمەڵایەتیەوە لەبەرانبەر خاسیەتە بایۆلۆژیەکانیان، کە ئەمە زۆر روون و ئاشکرایە.

بەڵام کارەساتەکە لەوەدایە کە تۆ دێیت خیتابێکی دینی و ئایدیۆلۆژی بە ئاڕاستەیەکی تر دەبەیت کە دەبێتە مایەی درزێکی گەورە لەنێوان لایەنەکانی ئەو کێشمەکێشمەی کە نرایەوە و تا دەگاتە پلەی فەتوادان و هەڕەشەکردن کە ئەمە هێندەی دەسەڵاتێکی دینی بەرجەستەی دەکات، دەسەڵاتە حاکمدارەکە لێی بەرپرسە کە ئەو رووبەرە فراوانەی بۆ دەسەڵاتی دین فەراهەم کردوە لەم سەردەمی جیهانگیری و کرانەوە و ئەو هەموو ئیدیعایانە بە پەراوێزەکانی ئازادی، لەو کاتەی کە هەوڵ تەقەلاکان بۆ ئەوەیە دین و کۆمەو دەزگا خزمەتگوزاریەکانی حکومەت لەیەکدی جیابکەینەوە، بۆ دەستەبەرکردنی زیاترین بڕ لە ئارامی سیاسی و پارێزگاریکردنی پێگەی دین لەناو کۆمەڵگادا و چیدی هەموو رۆژ مەلاکان بەناوی دینەوە فەتوادان نەکەنە کار و پیشەی رۆژانەیان.

ئەکرا لە پانێڵێکدا خوشکانی ئیسلامی لەگەڵ ژنان و ئافرەتان دانیشتابان و قسەیان لەبارەی ئەو ئیشکالیەتە بکردابا لە جیاتی ئەوەی بکرێتە باسی سەرەکی مینبەری مزگەوتەکان.



ڤینۆس فایەق

هەڵبەتە زاراوەی جەندەر یەکسان نییە بە زاراوەی رەگەز (جنس) کە پێناسەی جیاوازیە بایۆلۆژیەکانی نێوان ژن و پیاو دەکات، کە ئەشێ وەکوو جیاکردنەوەی ژن لە پیاو هەر یەك لە خانەیەکدا بۆ نموونە لە لێکۆڵینەوەکاندا یان سەرژمێریەکاندا. لە کاتێکدا جەندەر کە لەرووی زمانەوانییەوە وەزیفە و مانایەکی جیاوازتری هەیە ئەویش بەپێی سیاقەکە ئەگۆڕدرێ، بۆنموونە دابەشکردنی رۆڵ و بەرپرسیارێتیەکان لە شوێنە جیاجیاکاندا یان لە سیاقە کۆمەڵایەتیەکەدا..

تەنانەت بەمدواییە پەرە بە زاراوەی جەندەر لە رووی ماناوە دراوە، بەتێپەڕاندنی سنوورە رەگەزیەکە و فراوانکردنی بۆناو مامەڵە و پێوەندییە ئابوورییەکان. هەر لەو میانەیەدا لێکۆڵەرەوە و پسپۆڕەکانی بواری جەندەر داوا دەکەن ماف و ئەرکەکان لە کۆمەڵگادا بەسەر پیاو و ژندا لەسەر بنەمای ئەوەی ئەم بە ژن و ئەویتر بە پیاو لەدایکبووە دابەشنەکرێن، کە ئەمەش تەئکید لە پرەنسیپی یەکسانی نێوان ژن و پیاو ئەکاتەوە، بەشێوەیەك کە کانسەکان بە یەکسانی بدرێن بەپێی توانای ئابووری و توانای کاریگەری لەرووی کۆمەڵایەتیەوە. کە دواجار ئەمەش دەبێتە بنەمایەك بۆ تەحقیقکردنی عەدالەتێکی کۆمەڵایەتی پێوەندی نێوان ژن و پیاو رێکدەخاتەوە لەسەر بنەمای رێزگرتن لە ماف و ئەرك و ئازادیەکان، و، دواتر بەشداری سیاسی و بەڕێوەبردن لە کۆمەڵگادا دەکاتە مافێکی ئینسانی و لە چوارچێوە پیاوانەکە دەریدەکات.